کۆمەڵە شیعر

# بەسەر شانی سەحەردا وەرە ..
# ئەی باد

عەبدولرەحیم سەرەڕۆ

چاپی یەکەم
کەرکوك – ٢٠١٢



ناوی کتێب: بەسەر شانی سەحەردا وەرە .. ئەی باد
بابەت: کۆمەڵە شیعر
ناوی شاعیر: عەبدولرەحیم سەرەڕۆ
دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید
لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووك ژمارە (١٦١)
چاپخانە: کارۆ
چاپی یەکەم– ٢٠١٢
تیراژ: (٥٠٠) دانە

# پێشەکی و پێشکەش

ئەم دیوانە شیعرەی بەردەستی خوێنەری ئازیز، دووەمین کۆپلە شیعرە کە لەدوای دیوانی نۆبەرەمەوە "پرۆژەی سوتانی عاشقێك"ساڵی ٢٠٠١ لەدایك بووە، لە نێوانی ئەم دوو دیوانەدا زۆر شیعری نارێك و ناتەواوو نەگونجاو نوسراون، کە رەنگە ئەگەر کۆیان بکەمەوەو بیانکەمە کتێبێك دیوانێکی کەموکوڕو ناتەواوی لێ دەربچێت، بۆیە هەوڵمداوە هەرچی ئەزموونێکی شیعریم هەیە، بەوەی لەدوای پرۆسەی ئازادیەوە نووسیومە، لەم دیوانە خنجیلانەیەدا بیخەمە بەر دەستی خوێنەرانی شیعر.

لەسەرمە ئاماژە بەوەش بکەم کە قەسیدەی سەفەری نابینا قەسیدەیەکی زۆر دوورودرێژە، بەڵام داخەکەم ئەو سەردەمەی کە دەستم بەنووسینی کرد کۆمپیوتەرم نەبوو، هەر بۆیە ئێستاش نەمزانی ئەو بەشەی تری ئەم شیعرەم کەوتۆتە کوێی ناو دەفتەرە شڕو شەپڕێوەکانمەوە، ئەگەر من بەدۆزینەوەی شادبم خوێنەریش بەخوێندنەوەی شاد دەکەم.



★ بەعاشقانی شیعر، بەجگەر گۆشەکانم،

★ بەو کەسەی خۆی دەزانێت هێندەی شیعر خۆشم دەوێت.

★ بەخاوەنی قەسیدە ئەزەلیەکەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم ...هتد)

پێشکەشە

# ئەوان لەوێ .. خۆر لێرە

ئەوان لەوێ... پێ دەکەنن .
بادەیەکی رەنگ شەرابی لە نوکتەی خەست هەڵدەدەن
لووت دەژەننە کۆمیدیایەکی چوالەی  بێ ئەستێرە ،
خۆر لێرەدا.......
لەیەکەمین رابوونی سەرگەرمیی و تووڕە بووندا
بەستەیەکی خومار  لە رەنگی چاوی سفیدە و
حەیرانێك بارگاوی بە هەناسەی گەردوگوڵ
بۆ ئەو هێشوە بەرسیلانە دەچرێ
کەخەونێکی بەدحاڵ بە ژوانی چریکەیەکەوە دەبینن ،
خەونێك رۆحی گەرد پۆشە بەشکانەوەی
پێکی رژاوی بەردەم ئەوان
خەونێك سوێر بە تامدیدگای عورف و
تاڵ بەئیدمانە بێ ئۆقرەکانی جەبەرووت .
خۆر گۆرانی دەچڕێ و ... باغەوان هیچ نابیستێ
خۆر سەما دەکات و ... باغەوان هیچ نابینێ
باغەوان سەیری ڕەز دەکات ....قڕتاڵەیەك پارە دەبینێ
باغەوان سەیری گوڵ دەکات و ...چەپکێ پارە دەبینێ
سەیری جۆگەلەو بەرماڵ دەکات ......
خوایەك و بەهەشتێك وحوورێك هەر لە پارەو پارە دەبینێ .



خۆر هەڵدێ ...رەز جێ دێڵێ
ئەوان لەوێ ..هەر پێ دەکەنن .
پێکەنینێك .. لە تلاشانی لێوان بەرینتر
تژی لە شەونخوونیەکانی شوانێك
بەدیار رقی بەرخۆڵەیەکی دابڕاوەوە
لەکاروانی رانەمەڕی بەرەو هاوێربردن .
خۆر دەچێتە سەر شەقامێکی مەست
مەست ..بە خەونێکی بریقەدارەوە
مەست ..بە قلێشکی جووتێ سۆلی رزیوەوە
مەست بە نەهامەتییەکانی سەبرەوە
بەپرچی ئاڵۆزکاوی کچێکەوە دەگیرسێ
پۆستێك تینی بۆ دەنێرێ
ئەویش ماچێك بە سێبەر دەبەخشێ و
گرەو لەگەڵ کەوتنەوەی بەری گوناهێکدا دەدۆڕێنێ و
ئینجا پەنا دەباتە بەر تەدبیرەکانی خۆکوشتن
تا گوناهەکانی دەبنە خەروارێك لە مەرکانەی شکاو .
ئەوان لەوێ...بەردەوام هەر  پێ دەکەنن
باسی پاڵەوانێتی خۆیان و  وعەورەتی سێوێك دەکەن
خوێنی بەستەیەك دەکەن بە بادە
مەمکی شیعرێك دەکەن بە مەزە
خۆر بە تەنها ...
لەسەر دووریانێکدا هەڵدەکورمێت

کە دوو عاشق کردیان بە پەرستگا .. بۆجێ ژوان
کەدووعاشق کردیان بە کەلاوە .. بۆ دابران
کردیان بە نیشتمان ..بۆ یادەوەریەکی سەربڕاو و
حەیرانێکی نابیناشیان بەخشییە سێبەری دارێك
ئەویش سپاردی بە گەردەلوول
گەردەلوولیش .. نایە سەرشانی هەورێکی کۆچەریو
بە ئامانجەکانی خۆی نەبێت ..بەهەموو دونیای ناساند .
خۆر داتراشانی بەفری بیرکەوتەوە
کە ئاهێك بوو لە روخسارەکانی تەبیعەت
بەهێمنی لە توێی سوتیانی زەردەپەڕەوە داترازا
تا لە پشتی هەورێکەوە
ئۆخژنی ڤاسیدێکی سەرگەردانی ناسییەوە و
لە درزی پەنجەرەیەکی تەسکەوە
خزایە بەردەم ئەو گەنجەی
کە شادمانە بەوەی یەکەم رۆژە لە ژیانیدا
بۆتە ڤاپشۆری چێشتخانەیەکی خاکی و ....
بەخۆی دەڵێ :ـ
( لەنێوانی تێریی و برسێتیدا
لەنێوانی ژیان ومەرگدا
بڕوایەکی ئاسنین و هەناسەیەکی ژەنگن
جێ گۆرگێ دەکەن)
خۆر نامەیەکی زیوین بۆ کچێك دەنێرێت



کچەش....هەمان نامە کۆپی دەکاتەوە و
بەکوڕێکی پێشکەش دەکات ..
ئەویش دووبارە ..بۆ کچێکی تری دەنووسێتەوە
لە ئاکامدا
هەموو دەبنە هاوسەری تاریکی و
خۆریش تەنهاو تەنها...
پەساپۆرتێ لە رووناکی و
هەناسەیەك تا ئەبەد لە نەمریی هەڵدەبژێرێت .
ئەوان لەوێ .........  پێ دەکەنن
لەژێر چرایەکی وەجاخ ساردی سەرکەچدا
لەژێر ڕەنگێکی بە تارمایی موتوربە کراو
لە فەرهەنگی رووت کردنەوەی بەژنی
گوڵە هێرۆیەکی یاخیدا
سەرقاڵی ژەمێ لەززەتی ناحەلیفن ....
بێ مامۆستا
فێرخوازی جوگرافیای سمت و سینەو
پلەی گەرمای ڤیائەگران
خۆر بە سەر سنگی ووشکی کۆردەرەیەکەوە دەنیشێ
حەرف بەحەرفی پەراسووی فڕندەیەك دەخوێنێتەوە
کە نامەی عاشقێك ونەغمەی شمشاڵێك و
کوڵنمەی  بێوەژنێکی هەر نەگەیاندە میر ,
لەوکەڵبە کلۆرانە رادەمینێ

کەدەمانێك پاسەوانی شا بوون و
لەپڕێکا جەستەی شایان هەراجکرد .
خۆر.. بەسەر بریسکەی پارچە شوشەیەکەوە رادەبوورێت
کە بە رەگەز دەچێتەوە سەر نەرگەلەیەکی شینی لە خۆبایی
لە دیوەخانێکی بەساڵاچووی خڵەفاوا بە فیزی خۆی هەڵپرووکا
خۆر بەسەر شانی کۆترێکی هەڵتوتکاوەوە
لاپەڕە تۆزلێنیشتوەکانی منارەیەك هەڵدەداتەوە و
کتێبە مەحزوونەکانی رۆتین دەخوێنێتەوە
کەژیانیان پڕ کردبوون لە بتی پەستێنراو بە رۆح
لە دەمامکی ووشکی بەرد ئاسا
لە مۆدیلێکی قەدگرتوودا
بەمنداڵدانی ئەو سەنگەرانەدا ئەچێتەوە
کە پیرۆز بوون ... تاهەڵمژینی یەکەم هەناسەی ژیان .
خۆر تەماشای یادەوەری سروودێکی بەرگری دەکا
کە چۆن لە جەرگی نیوە شەوەوە
عیبرەتی هەڵدەدایە دەریا دەیجوورەکانی تاریکی
تا دەخنکاو بیف دەبوو لە هەڵاتەیی
هەر گۆرانی بۆ نەبەردیی دەچڕی .
ئەوان لەوێ... پێ دەکەنن
بە قاقایەك .. رەنگی ئاسمان تەڵخ دەکا
خۆر بە تەنها ..لەئێوارەیەکی رەنگ پەڕیوا
جەستەی شەقامێکی ئاشوفتە ئەداتە کۆڵ



شەلاڵ بەبرینانی سەحنەیی
چۆڕەی دێ لەخوێنی گفتە پەرەوازەکان
لەو بەڵێنانەی ژەنگیان گەیشتە ئەوجی حورمەت ،
لەو حورمەتەی شڵپەی دێ لە بەتاڵی
شڵپەی دێ لە بەتاڵی .
ئەوان لەوێ پێ دەکەنن
دەنگی قاقایەکی تێر
دیوارەکان پڕدەکا لە برسێتی
پەنجەرەکان لە درزی تووڕە بوون
خەونەکانیش لە ئاوسان
جەستەیەك دەبێ بە دووکەڵ و
بە ئاسمانا تێدەپەڕێ
دەبێ بە راچڵەکینی بادەیەك
لەخەونێکی ئاسوودەوە
هەنگاو دەهاوێتە
قورو لیتەی شەقامێکی تووڕەی خنکاو ،
خۆرلەپشتی پەردەی دووکەڵەوە
بە شەرمنی دەروانێتە
چەخماخەی چاوی منداڵێکی جگەرە فرۆش
کە باوکی.. ( زۆر بەتەنهایی پیاسە دەکات )*
ئەوان لەوێ پێ دەکەنن
بە بۆنی بەژنی زراڤی خۆخێکەوە مەستن

لێو دەنێنە مەزەی شەکرەسێوێکی
بێ تەجرەبەو قاقا قاقا پێ دەکەنن
شەقامێك بەنوکتە قیرتاو دەکەن
جەستەی فایلێك بەنوکتە هەڵدەگلۆفن
غوسڵی خۆ فرۆشێك بە نوکتە دەشۆنەوە
لیباسی عەورەتێك بە نوکتە دەپۆشن .
خۆریش ....... لەسەر چوارریانی شارێکی
بێ تەزکەرەدا .... دەبێت بە دەرپێ وفانیلە فرۆش
تا هەموو شار پۆشتە دەبێ و
هەرخۆی بەرووتی دەمینێتەوە
ئەوجا .. بەبەرگێکی ئاگرینی حەسرەتەوە
بە ئاسۆیەکی قوپاوەوە دەگیرسێ
سەگێك لە سەگسارەکانی هەڵەپاس
کلکی لێ راست دەکاتەوە و
پێی دەوەرێ
حەپ حەپ .... ئیتر رێگە نادەین
لە سووچی پەردە ئاوریشمینەکانەوە
دزە کەیتە نێو دوو چاوی خەوالووومان
بروانیتە قۆشمەکانی لەپ و حەزارەتمان
فالێ بۆ وەجاغی لێکدانەوەکانمان بگریتەوە
تەفسیری بیرکردنەوەکانمان بخوێنیتەوە
تۆ سەرگەردانێکی ئاسمان و
ئێمە خاوەنی هەموو شتێکین لەسەر زەوی



رێگە نادەین ...بەتینی خۆت
ئارەقەی تەریقیمان پێ بکەیت
ئێمە زەریایەکمان هەڵقوڕاندو
دڵۆپەیەك ئارەقەمان نەڕشت و نا .....
خۆر بەتاسەیەکی تا لێ نیشتوەوە
دەنووسێتە سنگی زەوی
ئەوانیش بەقاقایەکی بەدمەستەوە
نەغمەکانی مۆبایلیان بۆ یەکتری هەراج دەکەن
هەواڵێکی دەنگ نووساو بە هەناسە ئیفلیجەکانی گومانەوە
لەقاقایەکی موتوربەکراو ..
بە بەرامەی قاوەیەکی شەونخوون
گوایا خۆر مرد .....
دەمەو بەیان ........ کە پەرییە مژدە بەرەکانی لێواری ئەوج
تیشکی دوو چاوی گەشیان دەگاتە سەرقەبران
دەبینن وا لە پشتی کەلی ئاغووشەوە
خۆر بە سەر تەنەشۆریکەوە دەگری
کەگشت ئێمە ..... بەگلاوی لە سەریا نوستووین
بەگلاوی... لە سەریا ... مردووین .

-١٥خەرمانان٢٧٠٦-

★ : لە قەسیدە نایابەکەی (شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات )ی قوبادی جەلی زادەی شاعیر وەرگیراوە

---

لە ژمارە (٢٤٦) ی رۆژنامەی هەواڵ لاپەرە (١٠) ی بەشی پەرەمووچ بلاو کراوەتەوە

# ئـافـــــــــــــــات

بۆ جوانەمەرگەکانی کارەساتی ٧/١٦ی بەردەم
کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوك نوسراوەتەوە

ئەو پێی ووتم" مەمنووسەوە "
من شیعر نیم
من تۆپەڵە مەرگێکی روو رەشم
لەدێر زەمەنەوە لەناو جەرگی دێوەزمەی خەراباتدا
لەدایك بووم
بەگۆی مەمکی رمەپیرە ژەهراوییەکان گەورەکرام
لەسەرسنگی قەڵغانەکان هاتمە گۆش و
تا پێم گرت و بووم بەم کوللە فێزەونەی
لەهەرکوێ بم .... بێ شەرمانە دەکرێمەوە .
من نوشوستێکی سکپڕم
لە ئافڤاتی چاوە مەخموورەکانی رەقیب



لەتوخمی پێخۆرکەو قاقووم و شەوەو بەرغووش
لەنەسڵی لم و زیلۆو رەشەبای ڤین
لەلاپەڕە بابردووەکانی رقێکی سەرمەدی و تەواو نەبوو
بەدەم گەردەلوولێکی وێڵ و کەودەن
من ئەو مەرگەم   کە گشت گیانم هەر کەڵبەیەو
کاڵڤامانە ...
دەروانمە زیندەگیەکانی خوێندنەوەی ئەوی تر
هاتووم  تۆڵەی تاریکیم لەچاوی مۆم بکەمەوە
تۆڵەی تینوویێتیم  لە لێوی کانی و
تۆڵەی ووشکاییم
لە مەرکانە خواییەکانی ئەم دەڤەرە و
تۆڵەی قەفرم
لە شەرابستانی ئەرخەوانی درەختەکان
تۆڵەی جەهلم
لەم حیکمەتەی کە سوورەتەکانی دواهاتنم  دەڵێتەوە .
من مەرگ نانووسمەوە  ,
نەلەزمانی مەرگ دەگەم و،
نە بە حەرفە پەرپووتەکانی زیندەگی
ئەم شارە ئۆردوو ئاسایە ئاشنام .
(شریخە) مۆسیقایەك لەئاوازی  مەرگ
(خوێن) تابلۆیەك لە رەنگی مەرگ

(بەربوونەوە) سکالآیەك لەبۆنی مەرگ

(زریـکە) کۆکتێلێك لەسەدای  ڕەنگ پەڕیوی مەرگ

ئێمە هاتووین ... دلۆپەیەك ئارەقە

بەمشتێ خوێ و لەتێك نان بگۆڕێتەوە

چاوەڕوانین .. ئەویش بە باهۆزێکی پڕ بە ڕقەوە

وا بە تەنافی مەرگەوە هەڵماندەواسێ .

کێ دەزانێ چۆن دێینەوە ؟؟

چی بەدەستەکانمانەوە دێنین ؟؟

کێ دەزانێ خەونە ڕەشەکانی زام

چۆن شی دەکرێنەوە ؟

ئەو دەڵێ

من مەرگم و ... دەنوسرێم و ناخوێندرێمەوە

دەستەکانم

وەك و مێژووم .. وەك و چاوم .. وەك و دڵم

پڕن لە ڕەنگی ئاففات

شەلآڵن لە خەونی عەرعەرستانی دێوەزمەو

تژین لە رۆحی قێزەونی رمووزن .

سەفەری من بەرەو فەنابوون و

بەجێ هێشتنی خەونێك

بەسەر حەرفە وردەکانی مۆبایلیەکەمەوە

من کوری شارێکم لە دووکەڵ و



هەر دووکەڵ ناڵەم شرۆڤەم  دەکات  ....

ئاگر دەمخوێنێتەوە

لە ژیان ون دەبم و... زام دەمدۆزێتەوە

لەهەناسە دادەبرێم و

دووکەڵ دەمگرێتەوە

من لەکەنارێکی لاتەریکدا کەوتووم

نەچڵە زەیتوونێکی تیادا دەرویێت و

نەگمەی کۆترێك لە دایك دەبێت .

من بە تەنافی ڕەشی مەرگێکەوە هەڵواسراوم

بمخوێنەوە

ئەی عاریفی حەلیف بە هەموو سەردەمەکان

لەبرینە کوێرەکانی منەوە

ڕەنگی رق شیبکەرەوە

ڕەنگی پڕ ئاففاتی مێژوو بخوێنەوە

ئەو قەڵەمە دامرکاوە بێنە گۆ

کەئاسوودەیی

لەسەرسنگی بەرپەرێکدا بەجێ هێشت و

جارێکی تر ... مەحالە بۆی بێتەوە

من کوری شەقامێکم شەڵآڵ بەخوێن

منی تەنیا

لە ژێر ئەم چەتری ڕەشپۆشی دووکەڵە

نەبارانێك شك دەبەم ئەم برینەم بشواتەوە
نەئامێزێکی درەنگەسات
بورکانی ئەم شادەمارەم بخواتەوە
منی بەر بارانی تەنیا
تەنیا بەرەو دەروازەکانی فەنا بوون
منی سیاوەحشی سەردەمی چڵەزەیتوون
ونبوویەکی توێی نازناوە رەشپۆشەکان
مەرگ .. مردن ..شەهیدبوون و فەناکردن
منێ لەرەحمەتی ناوو نازیش دابراو
منێ ملکەچ لەناو چواردیواری یادەوەری و
خەونی ژمارە عەنتیکەکان .
ئەوی رەتم دەکاتەوە
وەك تاریکی هەموو رەنگەکان رەت کاتەوە
وەك لافاوێکی شێت
هەموو گەڵاو دارو پووشو رووت کاتەوە
ئەو رۆحی قەلەمێك بە دووکەڵێك هەڵدەمژێ
ئەو جەستەی نانێك پڕدەکات لەخوێن
ئەو جەژنێکی بەسەرچوو لەخۆی خەنی دەکات
ئەو دەستی لە دڵمدا دەتەزێ
من رۆحم بەسەر سەریەوە دەگرمێنێ
ئەو لەناودووکەڵی خۆیدا شەکەت دەبێ و



من رەگم بەناو خوێنی خۆمدا ریشە دادەکوتێ و
هەڵدەستمەوە
تالەزیندووبوونەوەی مندا تیری مەرگی لەخۆی هاوێ
تیری مەرگی لەخۆی هاوێ .

# باران و لم وئەکسیرەکانی رۆح

**وایان راهێناوم ..کە دەرگا لە ژیان دابخەم و پەنا بۆ پەنجەرەکانی گریان بەرم**

**رەتم مەکەوە ..هاورێ**
**من گازندەی بارانێکم لەگەڵدایە**
**کە جێ نسرمەی کۆچە پیرۆزەکان**
**ماچی دەکەن**
**من ناسنامەی خورپەیەکم لە ئەوکمدا هەڵگرتوە**
**زەمەن هێندەی کۆپی کردووە**
**هەموو شێوەکانی پێوە دیارەو**
**رەنگی راستی لێ چۆتەوە**
**رەتم مەکەوە ..**
**با لە دەرەوەی ئەودا..سەرەتاتکێ وێنا بکەم**
**سەما بکەم .. بەستە بچڕم .. حەیران بێژم**
**لە دەرەوەی شورای پڕ غرووری ئەودا**
**تەلیسمەکانی بوون بهۆنمەوە**



**من لە دەرەوەی ئەودام ..هاورێ**
**وەك چۆن مانگ لە دەرەوەی پەنجەرەکەتدایەو**
**تا تاریك دانەیەت**
**چەپکێ لە تریفە**
**لەگوڵدانەکانی ویژدانت مارە ناکات ،**
**باران لەدەرەوەی ژوورەکەتدایەو**
**بە لێزمە لەداوەنی دەرگات دەدا و**
**وەك غەریبێکی پەناهەندە**
**بۆ یادەوەرییەکانی نیشتمان**
**کوڵنمەی برژانگ دەسرێتەوە .**
**من لە دەرەوەی عیشقە باڵدارەکانی ئەو راوچییەدام**
**کە چرووك بوون بە نەوس**
**لە ئاست نزگەی نێچیرێکدا کوێری دەکات**
**من لەدەرەوەی ئەو پەڵپەدام**
**کە لە نهێنییەکانی خوناوی شەو جێ دەمێنێ و**
**تەسلیم بەهەناسە کوشندەکانی عەزرەت دەبێ**
**هاورێ من لە باپیرانەوە**
**بەس خۆرو باران و**
**پیاسەی ژێر ئاسمانی ئەم دەڤەرە برینداردەم**
**بە میراتی بۆ جێ ماوە**
**با لە دەرەوەی دەسترازەکانی ئەوەوە**

بڕوانمە ...مەداری مارس و
حوجرەكانی خەڵوەت و تەختەكانی پۆل و
قاقای گەورە پیاوان ..
تا بزانم حیكمەتە كلۆرەكانی سەبر
كە ئەموستیلەیەكن بە پەنجەی گومانەوە
بۆچی لە حەقیقەت هەڵدەوەرن..؟!
ئەی چۆن گۆچان دەبێتە كلیلی قەبرو
بەدەم نووزەیەكی ئاشوفتەوە ..
تا تخووبەكانی شەكەت بوون
بست بە بستی ئەم خاكە پەی دەكات
بۆكردنەوەی دەركی ویقاری فەنا بوون .
ئەو لە تەرجەمەی چڵێك ناگات
كەچامەیەك ..بەبارمتە دەیخوازێت و
لە كونجێكی جوانیی ئەزەلیدا .. بە جێی دێڵێ
ئەو لە زەماوەندی مەلێك ناگات
كە هەورێكی عاشق
بە دوویەوە بەستەیەكی زامار دەچرێ
ئەو كە لە زمانی شیعر دەگات
بە هەموو بەحرەكانیەوە
ئەو كە لە زمانی كتێب دەگات
بە هەموو تەفسیرەكانیەوە



لە زمانی بەهەشت دەگات
بە هەموو پەرییەكانی عەدەنەوە
لە زمانی رابوون دەگات
بە گشت هەنجەتەكانی مەرگەوە
بۆ لە زمانی شنە بایەك پەشمەلایە
كە هۆڕە بۆ چەمێكی نوستوو دەچرێت
بۆ لە هەناسەی كانییەك ناگات
كە باوەش بە تۆیەكی با بردوودا دەكات و
مێژوویەك لە پەپولە كۆپی دەكات
بۆ لە سركەی ئەو تاتارە مەدهۆشە ناگات
كە تژییە لە زام و قرچەی دێ لە هەناسەكانی سكاڵا .
لە دەرەوەی ئەودام ..هاورێ
لە دەرەوەی جوغزە سواوەكانی مننەت
لە دەرەوەی تەرزە كوێرەكانی بێ بەرگری
لە دەرەوەی شڵپەی ئاوەزێكی رووت وخاوس
لە دەرەوەی فەزڵە كوشندەكانی وەهم
دوور ..دوور
دوور لەكورژنی رەشەبای سێڵ
دوور لە نامە پەیتەكانی یەقین
دوور لە فەلسەفە ژەنگنەكانی نەیاری،
لە مەدارێك

که مێژوو بۆکرووزی جەستەی من و
پەنجەو شاپیلتەی ئەو ..بەیەکتری دەناسێنێ
لەدەرەوەی پەخشانە زیوینەکانی قەناعەتدا
لەگەڵ رووخانی هەر پەیکەرێکدا
من شێتگیری کۆ کردنەوەی سواڵەتەکانی خۆمم
زەمانێکە من ئاڵوودەی گریانێکم
لە پەنایەکی بێ رتووشدا
وێڵی مۆری پەنجەیەکی دان پیانانم
لە هەڵدێرە شیتاڵەکانی نسکۆدا
شەڵاڵ لە تاڵانەکانی حەقیقەت
شەڵاڵ لە عەزیا رمووزنەکانی فەتوا
شەڵاڵ لەو خۆرەی پیر بوو
کەچی ئێمەی بە کاڵی هێشتەوەو هەر نەبرژاین
لەو کەشتیە کەم ئەندامەی
لە زەریایەکی بێ پایانا
هەر حوزووری خۆی دەبینێ
لەو خولیایەی
بە رەجمکردنی خەونەکانم .. دانەسەکنا
لەو رۆحەی .. بێ ئیرادە خزاوەتە جەستەمەوە .
رەتم مەکەوە .. هاورێ
کە ئەسپی زینکراوی قەسیدەیەك



لە پێشبرکێیەکی چلێسدا تاو دەدەم
لێم دەپرسێ
ئەگەر سبەی لە رەحمی بە ساڵاچووی
ئەم دەڤەرە خێر لە خۆ نەدیوەوە
زارۆی شیعرێك لە دایك بێ و
لە جێی مەشخەڵ
فڵچەی پێڵاویکی لەدەستدابێ
دەبین بەچی .. هاورێ ؟!
دەبین بە هۆڕەیەك لە گەنی بوون
دەبین بە داستانێك لە ئابرووچوون
دەبین بە ئەهریمەنزادەکان و
دەماو دەمی رەفە کوێرەکانی مێژوو
تەفرە بارانمان دەکەن ..هاورێ
ئای لە مێژوو ..!
ئای لە دۆزینەوەی حەسرەتەکانی رۆح
لەنێو کاسە شکاوەکانی فەتارەتدا..!
ئای لە هەڵچوونی گەرا شەرمنەکانی ئەمرۆ
بە رووی حەقیقەتەکانی سبەیدا
من لە دەرەوەی ئەودام .. هاورێ
وەك چۆن پێکەنین لە دەرەوەی مێژووتدایە
پێوانەکان لە دەرەوەی خورافەدان

بەفر لە دەرەوەی لم و

بەڕوو لە دەرەوەی سەنامدایە

فڕین لە دەرەوەی سەبووری و

کڵپە لە دەرەوەی تارمایی دایە ..

بە هەموو دیباجەکانی بوونمەوە

بە هەموو ئەکسیرەکانی ڕۆحمەوە

لەدەرەوەی ئەودام...................... هاوڕێ



## پرسیارە نەزۆکەکان

ئەی نوورانیە گەورەکەمان

ئەی رابەرە پیرەکەمان

فەرموودەتان

﴿العین بالعین والسن بالسن ﴾

چاو بە چاو و ددان بەددان .

کەچی گیانی لێبوردنمان نەخشەی بڕی و

شیری تۆڵەی پێ دانەواند ,

پێیان بڵێن ..بەکام دەستوور ؟!

لە ژێر زەبری کام دروشمی دڕندەدا ؟!

هەر لە بۆنی خەردەلی سزای سێوی ئادەمی

هەر لەغەدری بێ سەرو شوێنی هابیلی

هەر لە شار بەدەر کردنی بێ ووچانی ئیبراهیمی

هەر بەعیللەت بردنی پڕ بە سەبری ئەییوبی

هەر بەزیندانی کردنی نەو جوانی یوسفی

تا دلۆپە فرمێسکی پیرۆزی یەعقووبی

هەر بەكۆڕەو پێ كردنی مووساو هاروونی

تادوا خێڵی بێ وچانی ئیسرائیلی..

یان زیندە بەچاڵ كردنی كچانی كەعبەی

(مەوئوودە)ی چۆن ئەنفالی

بە هێرشی بێ سەروبنی ئەبرەهەی

دەیان ساڵی وێرانكاری شەری فیلی

هەر بەناحەق كوشتنی كورانی حەیدەری

تا قۆچی قوربانی سەربرینی ئیسماعیلی

بە سارای كەربەلای هەزار ساڵەی زەخمگینی

بەكوشتنی رۆڵەكانی كاتی دیلی

پێیان بڵێن .. لەسەر چی بوو ؟؟

چی تاوانی بێ پایانی توێی قورئانە

هەر هەمووتان بەسەر كوردتان ساغ كردەوە

كەچی خۆشتان تاراجی بەلقیس و

تەختی شاهی سولەیمانتان هەڵگرتەوە ؟!؟ .



## بە سەرشانی سەحەردا وەرە ئەی باد

بەتەنیا وەرە ئەی باد

نە زریكەی زارۆیەكی رووگرژی حەپەساو

نەهاژەی جۆگەلەیەكی پەركەم ,بەزنارە سەر بەندەكانی رۆخ

نە شریخەو .......نەتەپەو ......نەزرمەی بەربوونەوەی

باڵندەیەك

لەم گوزەرە بە ئامێزی متمانەدا مەناسێنە

بەتەنیا وەرە

ئێستا سەرم ,پەیژە شكاوەكانی تەنیایی پەی دەكات ...و

دەنوارێتە سەر قافڵەی دووریانی مۆڵەتێك

حورمەتەكانی دابران ,بەسەفەرە زەقەكانی ئەفسووس بناسێنێ

رۆحی ئێمە گومرایەكی بەد وورەیە

لەنێوانی پەنجەكانی زوهدو بادە موتربە كراوەكانی مەرگدا.....

سلاو و لە كەهەنووتە گرژەكانی هیستریا دەكات

تەلیسمەكان قەڵغانێكی دەرپۆقیوو كلۆر بە ژەنگ

سەدا بەجێ ماوەكانی عورف دەخۆنەوە

كە شەلاڵن لە شەپۆلی هەرزە گۆیی

لە هەواڵی دڵدانەوەو بێ ئارامی

كە مەستن بە تەرزە بارانی مەوسمی لێك دابران

چۆن بێ دەنکی یەکی خامۆش لە کووچەیەکی تەنگەبەرەوە
پچر پچر  هەڵئەکرۆشن
ئەو دەنکە تەرزانەی ,کە هۆرەی ساردی بەربوونەوە دەچرن
بەر لە سروودی گەرمی گەڕانەوە
بەتەنیا وەرە ئەی باد ..
بە شەقامێکی نوستوودا رامەبوورە
کە گرەوی لە ئێڵی ئەشکەوت بردۆتەوە
من دانیشتووی گەرەکێکم ..لە نان ونوێن
بە ئاوازی ئەو بلوێرە راناچڵەکێین
کە شوانێك عەودالانە لەنهێنی یەکانی قەدەردا
بەسپاردە  بەخشی بە تۆ
ئەو شەقامەی بەدیار بەرزەخی خەلۆەتگایەکەوە نوست
تائەبەد ..کەجەردەکانی حەرەم
بەدیار رووت کردنەوەی بەژنی سەرروویەکەوە
پاش چەند قەرنێك لە سەغلەت بوون
دایانە ئەستۆی فەتوایەك ,نقووم بە زەخرەفەکانی ئیدمان
هۆگر... بە چاوە زەقەکانی خورافە
ئێمە بەرماوەی رمووزنێکی ئەنارچیزمین
کە بە پێی خاوس هات و بە سواری چەکمەی کوتا
چ مۆتەکەیەکی کوشندەیە لە خۆڕا ...سزا !
نە گۆدۆ بووین ..... لە دیمانەی چاوەنوارەکان و



نە سیزیف بووین لە حیکمەتا ... هەتاکو سەر
ئەو شەقامەی کە خۆر گیران بێ باکانە
بە فەرهەنگی تەمەنیەوە هەڵواسراوە
کوللە هاتە لە پەڵەی رەش بەسەر وەرزی رووناکیدا و
شەریعەتیش لە سەر تاوێرە بەردێکی رەقدا
بەخەساوی
سەر تا ئەنگوست ...غوسڵی جەستە ئەشواتەوە
رۆحیش لە ژێر مۆرانەکانی پاساودا
شڵپەی دێ لە گلاوی
بەتەنیا وەرە ئەی باد
نەبادە نۆڤلێتێ ....لە سیماکانی ویقار چوو بێتەوە
پڕت بکات لە گوناهە سەرمەدیەکانی خۆی
نەبادە سروودێك حەرف بە حەرفی سندم کرابێ
بەوەوەبنازێ  کەدەچێتەوە سەر رەگی تۆ
یان پرشنگێك لە هەڵوەرینی ووتارێکی مەوسمیدا
پەلت بگرێ و لەسەر پینەی بەڵێنێکا
بتکات بە نیشانەی سەرسورمان
بەر لە وەرس بوون لە خوێندنەوەی نامەکان
بەر لەئارەزووی خۆ کوشتن ,لەناو چاوی
خیتابەکانی قەلەندەرێکی تەژی , لە بێ دەنگیو ...لەنوغرۆ بوون
بەر لەوەی رنۆکی بیانووەکان شین ببنەوە و

چنگ لە ناخرکەی حەقیقەت بگرن .
ئای ...ئێمە لە سووچی وەهمدانێکدا نوستووین
پاڕانەوە ..  توێژی عومرمان دەخواتەوە
حیکمەتیش لەناو گەمەی چەپڵە ڕێزانا
بە ئارەقەی خۆی دەخنکێ و......
تەسلیم بە زەندۆڵەکانی ئاشوفتەیی نابێت
ئەو زەندۆڵانەی ...بە تەنها خەون پڕیان دەکاتەوە
سفیدەکان ....چاوی ڕۆژ بە وەهم کل ڕێژ دەکەن
هەمان عادەت بە جمەی شارا دێتەوە
پڕ بە گەرووی کۆترێك گمەم پێ یە ئەی باد
هەتا زریان لە فەرهەنگستانی ئەم دەڤەرەوە هەڵکا
بۆ هیچ هێلانەیەکی پەرتەوازیی نادرکێنم
نەبادە دیسانەوە دوو قەڵە ڕەش
داستانەکانی قابیل هەڵدەنەوە
چڵە زەیتوونەکانیش ,پر بە ئارەقەی تەریقیان
دەنووکی کۆترەکانیان تەڵاق بدەن و
پەلکەکانی خۆیان زیندە بە چاڵ بکەن
ئەوسا بەسەر کۆڵێ غەدری ئافاتەوە ...
عیبرەت بە روویەکی خەمناکەوە
موزایەدە بە درزی پەراسوومان دەکاتەوە
موزایەدە بە گێسووی کچۆڵەیەکەوە دەکات



کە دیلێکە لە سەحنەتەکانی ئەفسوس
بە سەر قاوەڵتی بە جێ ماوی بەرەبەیان
رچەرێیەك دەیباتەوە سەر هەمان شەو
سەر هەمان دالغە یاساغەکانی حەسافەت
لەسەر زەنگی ئێوارەیەکی نوستوودا
کە خۆشەویستی لە بێ نازی خۆی دەکوژێ
نەقیژەیەك بەرەو تارمایی شەقام دەفرێ
نە بانگەوازێك ,لە سووچی منارەیەکەوە هەڵدێ
ئەوسا مێژوو
بەنمرە کەوتووەکانی خۆیدا دەچێتەوەو
پێمان دەڵێ
ئێوە لە دەرسەکانی خۆشەویستی ناگەن
ئێوە لە دەرسەکانی خۆشەویستی دەرناچن
تا هەناسەیەکی پاك...پاك
پڕبە گەرووتان لە راستی هەڵنەمژن
دە بە تەنیا ..... بەتەنیا
وەرە ئەی باد .

# تەلیسمی ئەلف و بێ یەک لەوونبووندا

وا...تەزووی گەرمیی نیازێك...بە ئەسپایی
بە سەر ناوچەوانی سۆراخێکی بەجێماوا هەڵدەوەرێ
بانگەشەی وون بوونی بتی سەردەمێك دەکات
کە سیپاڵی رۆحی بووبوە رۆژمێریکی نەختەن
دەبێ سەرانەی هەناسەیەکی هەڵنەکێشراو بدات
تەمێکیش لە کاروانی رەنگەکانا  جێ بمێنێ
تا بخزێتە ئامێزی مۆرفیۆس
ئەزەل کۆمەڵە پرسیارێکی دەق بەستووی
بۆ خستۆتە سەر تاسەیەکی ئاگرین
وەڵامەکانی خۆی
لە سۆراخی وێڵگەیەکی کلۆپەدارا کلۆم داوە
هەمووکاتێ برسێتی سنورو  نان ئالا بووە
 ئەوە ئەدرێسی هەناسەیەو
لە هەر جارێ لە سووچێکا بە بۆسۆیی سەرهەڵدەکات .

★ ★ ★ ★ ★



وا سۆزێکی ئەم دەڤەرە شکستخواردووەش
بەرەو نۆتەی دڵنیایی کەوتۆتە گەڕ
شەڵاڵ لە مەستی ، لە بێ ئارامی
گەمەیەکی باخۆسییش
دەچێتەوە سەر بزە نەگریسەکانی خەنجەر
چۆن هەڵقرچانێ   لە بێ دەنگی
ئەمەش نەعشی کۆنسێرتێکە لە رەگەزی بت
مێردەزمەیەك لە رەنگی قەوزە
پلانێك لە بۆنی خاك
ماچێك لە ئافاتی بوومە لەرزە
عیشقێکی نابیناش
ئاڵاوەتە قەڵا قەڵای نۆتەیەکی ئەوك بەخیزە
ئەمەش داستانەکانی داترازان
لە یەکەم پێناسەی مەعریفەدا .

★ ★ ★ ★ ★

ئەم کاتەت باش ئەی نیشتمان
ئەی قڕتاڵە پچراوەکەی
بۆنی هەموو میوەکانی گوناهت لێ دەچۆڕێ
ئەی دەهۆڵە دڕاوەکەی مەراسیمێکی بە سەر چوو
ئەی ئاشناترین تارمایی بە کلیلی خۆری وون بوو

ئەی شەفافترین تاریکی ..لەچرای خۆ هەلگەراو
رووناهیت باش
کوان ئەو بەڵێنە شەرابییانەی
دەچوونەوە سەر بۆنی سێوێکی پاکیزە ..؟
لە ئێوارەیەکی مەست بە بۆنەکانی قەدەر
کوان ئەو دەستە تەزیوانەی
گەرمی خەونەکانیان لێ دەڕوا ..؟
کوان ..؟؟
هەر لە ئەلفی کڵپەوە تا یێی خۆڵەمێش
نەبوو رۆژێ زانایەکی سەر مینبەری
نیوەروانێکی وەجاخ سارد
بە گشت دەنگێ بشیرینێ
ئەی شوشەکان     بشکێن بشکێن
ئیتر بەسە هێندە مەزرنگێنەوە
ئەمەش لاشەی ئاواتێکە
لە مەجزەرەکانی شەرەف .

* * * * *

دەروێشێ بووم لە سەبووری
بەسەر دەنکە زەیتوونەکانی عیشقێکی خواییەوە
دوور لە ریا کوشندەکانی هەرەمسەرا



خولیایەك دەلیلم بوو
بەرەوپڕووشکە تابەکانی رۆح
کەچی ئێستا گومرایەکم  لە هەڵچوون
ختووکەیەکی چاو کراوەی ئەهریمەنیم
لە حەوزە ناچیزەکانی قێزدا
بە زەردەخەنەیەکی چوختییەوە
دەروانمە عەرشە شەقار بوەکەی  تانە
ئەمەش تەلیسمی ئەلف و بێیەکە
لە وون بووندا ....لە وون بووندا .

## بمدەنەوە بەخۆم

بێ دەنگیم گیرساوەتە
جەستەی ساردی گاسنێکی کوێر
لەکێڵگەیەکی نیوچە بەیاری ماندوودا
وەك بێ دەنگی جامانەیەکی بە جێماو
لە سەر زنارێکی متدا
خەون بە راچڵەکینێکی ناوەختەوە دەبینێ
خەون بەمەرگی کاتژمێرێکی بەدرەوتەوە دەبینێ
کەتەسلیم بوونی گوڵێك
بە داتراشانی لێوارێکەوە دەگیرسێ
داترازانی سوخمەی کازیوەیەك
لەبریقە نارنجییەکانی خۆی
بۆ دۆزینەوەی نوسخەیەك لە سازگاریی
لەو سواڵەتانە  دەکەوێتە گومان
 کە رەخشی عومرێکیان پێکەوە
بەش کردووە ..
چۆن دابرانی فڕندەیەکی بێباڵ
بە سەر دارستانە فیردەوسیەکانی خەوندا
گرژ بوونیش دابرانە لە مەملەکەتی جوانی



کەپرچی تۆز لێ نیشتووی خەڵوەتگایەك
باوەش بە سوباتێکی ئەبەدیدا دەکاتەوە
تا سەر نقوومی گەمە رەشەکانی جەبەرووت دەبێت
شیراعێك لە بێدەنگی هەڵدەکاو
زەریایەك لە بێ دەنگی پەی دەکاو
لەنگەرێك لە بێ دەنگی و..........
کونجی کەلاوەیەك.. کپ
ئاگردانی وەجاخێك.. خامۆش
ژەنگی کاڵانێك.. لیت
فەزایەکی بەختەوەر لەبێدەنگی
وێنەی بتێکی مەییوس
گرژ بوونی پەرستگای کاهینێك
بە رووی نهێنی یەکانی بادەیەکەوە
کەلە کوشندەترین مەحزەری خۆر گیراندا
قودسیەتێك لالووت دەبێ و
جامی کولاو کولێ مەراقێکیش
دەچۆرێتە رۆحی بێپایانی سیحرێکەوە
کەشیری وەهم
بەر لە خۆ ئاشکرا کردن
دوولەتی کردوون
ئەی بێ دەنگی

ئەی بەغیزترین جوانی
بەسەر ئەو سووتانەی هیچ رۆژمیرێك
ناتوانێت شیباکتەوەو رادەستی قەدەرێکی تری بکات
هەر بەتەنها تاسە دەیکا بەخۆڵەمێشی زەمەن
چۆن دیوارێکی تەمەن دیدەی رەنگ هەڵوەریو
کەناسنامەی پاڵ دیواری لێ ئەتۆرێ
دەبێتە پەناهەندەی غەوارەیی مێژوو
بە رۆحێکی وێرانەوە
لەسەر شوناسێکی خەرابەیی
بەقرچەوە هەڵئەکورمێ ،
نەبازووە ئەسمەرەکانی خدر
بەغەریبی گەنجینەوە
موعجیزەیەکی لەسەر هەڵدەکۆڵن
نە﴿ئالان پۆ﴾
دەیکات بە مینبەرێکی رەشپۆش
بۆ قەلەرەشێکی حەکیم ... بەپەتاکانی ژیان
حەکیم بەکاروانی ژێر دەوارێکی کۆچەری
بەتەسکین بوونەوەی نزایەك
لە رووی شەپۆلی هاوارێکی بێ سەدادا
کە لە سەرووی پەیکەری پالاسەوە
دەیکات بە قەسیدەی چاو خێلی ﴿نیڤەمۆ﴾



بمبوورە ئەی بێ دەنگی
لە سۆراخی رۆحێکی هاوناوا
بۆ دەرباز بوون لەم مەملەکەتی نووستنە
ئاناباز بە پێچەوانەی میلی کاژمێر رێچکە دەگرێ
ئەوە نەوای شمشاڵێکی سەرکوێرە
لەژێر چەترێکی رەنگ پەریوا
دەگەڕێ بۆ چاوە کزەکانی نیشتمان
ئەوە گۆچانێکی کەمئەندامە
لەقەدەری بێ تابوشتی
سەری یادگارەکانی گیرساندۆتە تۆ و
خەرقزەدەیە لە مەراق
لێوان لێوە لە مەعبەدە پەرپووتەکانی حیرەت
پاش هەراج کردنی بەرد بە بەردی کاروانی خۆی
با ..سەما بە مەشخەڵە دامرکاوەکانی عومری دەکات
پەنجەکانم با بردنی
بۆ ئەو داڵە سەرخۆشانەی لە فڕین وەرس بوون
شمشالێکی نوستووم لێ جێماوە
لاڵ وپەرکەم
بەسەر نەغمە حەپەساوەکانی
مەرگی دیوانێکی بێ چرادا
گومرایانە بە سەر دەما نوستوو .

سەرم بابردی .. ئەی بێ دەنگی
بەرەو هەڵدێرێکی بێ متمانەی دۆزەخ ئاسا
لە دوا کامەکانی کوێربوونا
کڵاوێکی رزیوم بۆ جێماوە
بە ژێر هەتاوێکی سەرگەردانەوە
قرچەی دێ لە قاڵبوون بە سیحرەکانی تۆ .
تەن بە تەنی جەستەم با بردی
بەرەو ئاسۆیەکی
بە هەناسەم لە رووناکی هەڵاتوو
میحرابێکم لێ جێماوە
تژی لە سووچە شێدارەکانی کینە
پڕە لە چۆلەکەی دەنووك سواو
بە هەڵکۆڵینی جێ زامەکانی گرفتاری
تا خەونە لە ئەندازە بە دەرەکانی فڕین
فڕین بەژێر ئاسمانێکی حەوت رەنگا
نەبادە مردن لە سەر بادەیەکی گومرا
گومرا بە نوکتەی سەهەندەکان .
ئای ئەمە چ رۆحێکی وەرسە
بەسەر جەستەی شێواوی نیشتمانمەوە
ئەمە چ شەرابێکی ژەهراسایە
بەسەر مێزی رەنگ پەڕیوی ئێوارەیەکی خەرفەوە
هەر رەنگێکی دەبەخشێ بەچاویلکەیەك
تەسلیم بوونە بە سۆماییەکانی درەنگەسات



کە بلوێرێکی نوستوو
لەژێر عەجایەب وغەرایەبەکانی دەمێکی هەڵتۆقیو
بە بەڵێنە غەجەریەکانی گەردەلوول .
کوا ئەو رۆحە ئەفسووناویەی ؟؟ ....
دێتەوە بەر دەیان ملیۆن مەسیح
کە لە خاچی دەڤگرتووی خۆیانەوە
رێگا بەرەو ئەم بەهەشتە کەلاوەیە بگرن
سروودێك بتوێننە  رۆحی شمشاڵێك
گوڵێك بە ماچی باران تەڕ بکەن
دووچاو ببەخشنە گاسنێکی کوێر
گۆرانییەك بە سەفەری ئەزەلدا بەڕێ بخەن
پەراسووی شکاوی کەپرەکان بگرنەوە
گەڵامێوێك لە ئاوەدانی مارە بکەن
گوناهە دەسکردەکانی سێو داماڵن
کانییەکی فێ لێهاتوو
بخەنەبەر رێچکەیەکی ئاسوودە
باڵندەیەك لە فێرگەی فڕیندا
ماچێك ببەخشێتە ئاسمانی داهاتوو
داهۆڵێکی نەبەز بکەنەوە گەردنی سنوور
ئینجا لەتۆم وەرگرنەوەو
بمدەنەوە بە خۆم
بەخۆم ,
ئەی بێ دەنگی ..........

# خاڵێک لە زاکیرەی قەڵەمدا

بەئاسودەگی نەرمەڕۆی حەشمەتێکی ترم راسپێرە ..
ئەی خاتیرەی بەسەرچوو ...
ئەی ئەو کەیسی نەهامەتیەی لە فوارەی دڵمەوە
رژایە سەر سیحری بادەی سەر نوێنی مانگێکی
وەرچەرخاو لە مەداری فەزایەکی لەبارچوو
کە هێشتا هەر دڵی لە ناو مشتیدابوو
لە ترسی درکاندنی نهێنیە خاوسەکانی خودا
ئەو نهێنیانەی لە هەموو ئاشکرا بوون
جگە لە ئێمەی دەفگیر بە جادوە دەستنەڕۆکانی قەدەرەوە .
با لە سفری هەستێکی ترەوە دەستپێبکەین
با لەزمانی تامەزرۆیی نیلۆفەرەوە
گوزارشت لەگوشینی ئامێزی بەهار بکەین .
بێ گوێدانە خاڵی بوون لە تاسە.. زەماوەند بۆ کازیوە بگێرین .
بۆ تەواوکردنی فەرسەخی سەختی ئەم گوزەرە
دەچینە سەربالی ئاسۆیەکی سکپڕ بە خۆرێکی نوێ



رووناکیەکی وەنەوشەیی دەبەخشینە سەرابستانە نوغرۆکانی ماچ
ئەو ماچانەی لە دەست بترازێ
لە هەموو مەبەستە پیرۆزەکان یاساغ و نەخوێندراوەن .
ئەو تاسەیەی لەشەقامێکی نزیك عەرشی خواوە
بە تەنیایی وبێ متمانە بەجێی هێشتین
هەر چەشنی ( نم) بە ئامێزی گەردو گوڵی شێدارەوە
بە هارمۆنیستی ژێیەکی گەریدەو
ئیقاعی تەپەی پێی سروەیەکی نەوڕەوت
دەمانباتە حوزوری گڤەی بادو مەعبەدەکانی وەشتە باران
وەك لاسکی گوڵە مێخەکێکی گەردن کەچ
لەبەردەم حەرف بە حەرفی ئەم وەرزەدا
ویقارانە دادەچەمێین .
ئەمجارەیان .. با شیرین تەشی نەرێسێ
با ..لە خۆڵە مێشی کولتورو
ئەو نیگەرانیانەی بەشووشە تاریکەکانی پەنجەرەکانەوەن
خۆی راتەکێنێ و بەدیار کەمانێکەوە
نۆتەکان فێری فڕین بکات .
با بەدیار تابلۆکانی جاکووراوە
خەون بە پیرۆزی جەستەو مەزراکانی رەنگەوە ببینێ
لەناو هۆڕەی گەرمی کچە گەرمیانیە
چەرم سپی و بەخت رەشەکانا ..

تەهلیلەیەك بۆ شەوی بەرات لەبەربكات
نەبادە رووناكی لەناو زیكرەكانی خەلْوەتدا
رووتبكرێتەوەو
سێكس لەگەلْ هۆرەیەكی نەیاردا بكات
ئەوسا كێ دێ و ( نەبەردی و شوورەیی ) لێكدەكاتەوە ؟!
نەبادە ئەو شەمەندەنەفەرە شەرمۆكەی كە رەنگە نەگات ..
لە ناكاودا جێمان بێلْێ .
ئەوە شۆخێكی رەنگ زەردی بە جێماوە
لەسەفەری شەو .
بادەی سەری رژاوەتە سەر پێكی ئەژنۆو
دەستی مەراقی ئالأندۆتە لاسكە سەماكارەی شێبایەك و
لێی بۆتە (مەزارگە)و ...
دەگری و بەرۆكی رادەتەكێنێ ..
(( مرازم دە ..
ئەی حەزرەتی عاشق ..
شەرت بێ ئەو ملوانكەیەت بۆسەربڕم
كە سالأنێكە
ئارەقەی سینەم هەلْمدەمژێ و
هەتا ئەمرۆ ئازیزترین هاوسەرم بوە ..
شەرت بێ ئەو گوارەیەت پێ ببەخشم
كە هەر لە منالْیەوە .. تا ئەمرۆ



شەلأللە لە بۆنی قژم و
خەم رەوێن و دلْنەوازم بوە
مرازم دە ئەی وەیسی گولْەبەیبوون .
ئەی پیری وەرزی نێرگزە جار
ئەی سولْتانی دامێنی خەونی گولْرەنگ
ئەی حەریفە ریش سپیەكەی خەلْوەتی عیشق
من ئەسپە سەركەشەكەی ئەیرۆت جێی هێشتووم و
تیرە ئەفساناویەكەی سەرگەرمی شەوەنژوون نەیپێكاوم ،
من (مەوئوودەكەی)سیادەشتی وەحشەتی عەدەنم و
ئەمرۆ لە هەناسەی سەركێشی گەرمی خۆمدا
زیندە بەچالْدەكرێم ))
ئەی خاتیرەی بەسەر چوو ...
ئاخۆ دەبێت ئەم سكالأیە لە دامێنی
كام دەروێشی پڕ لە نوورو شەرابدا
ورك نەیباو ئۆقرە بگرێ .
ئەی حەیای مەرگ ..
كە گومرایەك بە هەواری رۆحی خۆی ناشادە .. بەلْێ با
كە دێوانەیەك بەدووی برینە شێدارەكانیەوە نیگەرانە .. بەلْێ با
كە دەروێشێك لە نامۆیی بوونی خۆیدا دەسووتێ .. بەلْێ با
كە شاعیرێك بە هەورازی سەری خۆیەوە پەژموردە دەبێ .. بەلْێ
با

بەلاَم .. کە ئەمیرەیەك لە رەگەزی ناز
پەنجەکانی دەچنەوە سەر قامیشی بلور
خوێن لە دەماریا شادمانە بە پیاسەی پڕ لە جوانی
کە چوار دەوری شەمعدانە
کە گشت ساتەکانی رۆژانی ئیقاعە و
هاودەمی ئەکسیرێکە لە ئەزەلیەتی وەنەوشە
بەکام شەرعی وەرزی نەهاتوو
هەناسەی پڕ بێت لە بۆکرووزی تەنیایی
دڵی پڕ بێت لە عیشقێکی سەرمەدی
کە دەستی خەون نایگاتێ ؟!
ئەی خاتیرەی بەسەرچوو ...
ئەی ئەستانەی هاوراێك لە کەوڵی مردندا
سالاّنێکە رێچکە بە ناو رۆحما دەبڕێ و
لە نقووم بوونەکانم لە داوی میحنەتدا ناگەی .
درۆ ..وا لە باغەکانی سێودا
خۆی رادەتەکێنێ و  .. لە گوناهەکان دەدوێ
خیانەت .. نانی بازووی سپی دەخوات و
کرنۆش بۆ دەستی رەش دەبا
ئاشتی .. سەری دەبەخشێ بە نەسیم و
جڵەوی ئاگر رادەکێشێت ..
ئەوجاش دەڵی لەمن پاکتر  .. ئەگەر هەبێت



زۆری ماوە لە دایك بێت .
ئەوە داستانی پەیامبەرێکی خودا بوو  .. لە بنی بیرا
ئەوە گەرداوی هەناسەی عاشقێك بوو  .. لە زیندانا
ئەوە شاعیرێکی بێ مەداری فەزای عیشقە  ..
بە پەنجە سیحراویەکانی خۆی کونجی گۆشەگیری هەڵدەکۆڵێ
ئەوە کاتژمێرە شەوکوێرەکەی سەر دیواری رۆحی گومرامانە ..
کە هەموو ساتێك زەماوەند لەگەڵ ئێستادا دەگێڕێ
ئەوەش مەرگی باغێکی بێ تابوشتی سیافەرهەنگە
کە لە ناو بێهوودەییەکانی زەمەنێکی بەسەرچوودا
دەسوتێ و ... ورد ورد
دەمانکات بە .. ( خاڵێك لە زاکیرەی قەڵەمدا ) ..

# نۆڤلێتە وونبووەکانی دایکم

دایکم نۆڤلێتێك بوو ... لە حوزنێکی قووڵی ئەبەدی
بەسەر لاپەرە بەرینەکانی تەمەنێکی بابوردەوە
هێندەی ئاوردانەوەی گوڵێك لە شنەبا
هێندەی لادانی برێ دووکەڵی رەشپۆش
لەئاپۆرەی رەشبەڵەکی سووتانێکی بە هوژم
هێندەی نوکتەی بێ تامی سەرخوانی ئێوارەیەك
تەمەن کورت ..
هێندەی خۆراگری چیایەکی سەرکەش
لە بەر داستانە سەرسەختەکانی رەشەبادا
هێندەی سووتانی ئەزەلی ئەستێرەیەك
تا شەپۆلە غەیبانیەکانی سەرمەدی
هێندەی عومری دوانەهاتووی گەردوون و
دوژمنایەتی رەگەزەکانی ئاو وئاگر
تەمەندیدە .
دایکم پەریزادەیەکی پاك بوو
سپی .. سپی .. سپی ..
هاوشانی سیراجێکی هێمن و روون
عەرشێ بوو لە لەتەسبیح و پاڕانەوە
شاژنێ بوو لە خورافە



بەسەر بەرماڵێکی رەنگ چووەوە
باڵداری بێ وەنەوزی دارستانێکی متەفکیر بوو
هەموو ژماردەکانی تا سەدو یەك بوون
دایکم شاژنێك بوو لە پاشماوەکانی
حیرەت بە رەنگە پەڕیوەکانی ئینتیحار
تاجی سەری .. بەلەمێکی قوڕین بوو
بەژێر کەژاوەی هەورێکی گرینۆکەوە
هەردەم کەشکۆڵ لەشان
هەردەم بۆنی کزری مۆخی مێژووی لێوە دەهات
بۆنی سووتانی باخچە پوژموورەکانی حەسرەت و
چاوی مەسکوونی ئەشکەوتە
دوورەکانی لێوە دەهات .
دایکم دووچاوی گەشی هەبوو
ئەوەندەی پێی دەگرین
ئەوەندەی فرمێسکی پێ دەرشتن
ئەوەندە .. پێی نەدەبینین
هەموو تراجیدیاکانی زەمەنی
لەدڵی خۆیدا بارکردبوو
خەونی ئەو ئەستێرانەوە دەبینی
کە لە دەروازەکانی لەدایك بووندا هەتك دەکران
خەمی ئەو بلێسانەی لەدەروازەی غەوارەبووندا
دەکەوتنە بەر تیری رق و چەمۆڵەی تەوس و

پەنجەی بێ شوماری گوناه.
دایکم بە دیلی لەدایك بوو.. بەدیلی شووی کرد
بە دیلی سەرەڕۆیەکی بوو
هەر بەدیلیش سەری نایەوە.
ئەو دیلێکی ئەفسانەیی بوو
لە ماڵی باوکیەوە گواسترایەوە
بۆ ماڵی لە ویژدان داماڵراوی باوکم
فێری گردەواری و ناو ماڵە بوو
فێری خەونە کۆچەریەکانی باڵندە بوو
فێری عەشقی داودەرمان و ژوانەکانی
بەر دەرکی پڕ لە چەقۆی دوختۆرەکان بوو
فێری نان کردن و چێشتلێنان بوو
فێری ئاوارەیی وپەنا بەری شارەکان بوو
بەڵام .. قەد فێری ژیان نەبوو .
دایکم ....
بە خزمایەتی نەدەچووەوە سەر هیچ حەرفێك و
ناسیاوی لەگەڵ هیچ ووشەیەکدا نەبوو ،
بەڵام رەمەکی هەموو فەلسەفەکانی دەناسیەوە
هەموو ئینسانیەتی بە تنۆکەیەك فرمێسك دەنووسیەوە
وەك بە بەخششی هەناسەیەك ..دەیخوێندنەوە
دایکم لە هەموو دیباجەکانی مێژوودا
تاقە قارەمانێکی دەناسی



تاقە شێرێکی لە دارستان نەبراو
تاقە پیاوێکی ئاسنین
ئەویش..پیشمەرگەو
هەر چ پیشمەرگەیەك بوایە ... بوو
ئەو لەساباتی بەنەوشەیی داهێناندا
یەك هونەرمەندی بە دڵبوو
یەك هونەرمەند .....
یەك گۆرانیبێژ
یەك نیگارکیش
یەك پەیکەرتاش
یەك شانۆکار
ئەویش هەر عەلی مەردان و
عەلی مەردان بوو .
دایکم مۆزەخانەیەکی لە لۆڤەر جوانتر بوو
کەلوویەکی لە ئیڤڵ بەرزتر بوو
لەحەوت سەرسورهێنەرەکانی جیهان دەگمەنتر بوو.
لە جەمشید و رۆستەم فەلامەرزتر بوو
بەڵام تۆوی گوڵێکی بابردەڵەی کێونشین بوو.
ئەبێ چی بکات ؟! ...
کە لە سەردەمی هەڵچوونی گڕکانەکانا .. شین بوو !!

---

پوژموور : داری ووشکەڵاتوو لەبەر بێ ئاوی

# دالـی دەروێـش

له پەلکە زێرینەی قژی خاوی زەردپەرێکەوە
کە خۆر جەستەی ماندووی کاژمێرەکان
بەرەو هەڵدێری تاریکی راپێچ دەکا
گومان پۆلێك له هەژانم بۆ پێك دێنێ
لە ژێر درزی شوشە تەنکەکانی دڵنیاییم
پیلانەکان ..دەبنە قارچکە سەگانەی
بن چەوو کۆتەرە نووستوەکانی هەناسەی شێدار
هێشتا شەونم .. ورەی تافی دەمەو بەیان
بەگەڵاتەڕەکانی خەواڵوویی بەنگ بەستوە
سەرم گەرمە بەشەرابی گێرۆدەییم
بە وشە ریزکراوەکانی
سفری ئەفسانەی پڕ لە خەیاڵ
ئەوە نەرمەی رۆحمەو ..لە گۆرەپانێکی تینوودا
عبدالرحیم سەرەرۆ
بە جامێکی شپرزەوە بە جێی دێلم
لەجیهانی هەڵپەوە سەر شێتانە هەڵدێم



دەبمە یاوەری داڵی دەروێش
داڵی دەروێش ؟!
ئەو موریدە هەڵکورماوەی
نە لە ژێی کەمانێکەوە دەسنوێژێکی هەڵگرتوە
نە سنگی دەفتەرێکی کردۆتە بەرماڵ
نە چاوی رەشی حەرفێکی لێ بۆتە نزرگا
نە شیعرێکی قەرار داوە بۆ سەربرین
لەناوعیشقی ئەو زاتەدا
نا ئومێدیم
لە لێواری پەنجەرەیەکی شکاوا دەخنکێنم
لە بەیانی باشێکی هاودەمی لارو لەنجەی
تەڕپۆشێکا بە جێی دێڵم
کە لە لێوێکی تادارەوە ..بە گرێشمە
دەرژێتە ناو حەوزی دڵێکی ئاگرین
بەر لەوەی هێلانەکان
خەون بەگەرانەوەی باڵدارەکانەوە ببینن
نائومێدیم لە کەناری ئێوارەیەکداسەر ئەبرم
تا لەناو سوێندە چەواشەکانی
قەڵەمی ماندووی ماریفەتدا
حیکمەتە خواییەکان نەتەزێن
ئەوسا هەور ..بەستەیەكلە باران دەچڕێ

بۆ ئەو چاوبگێڕەی
پڕبەپڕی بۆتە زەقەی نەهامەت
لەو پەنجەرە درز بردووەوە دەست پێ دەکەم
کەچاکەتی خوساوی پاش بارانێکی چڕم
لە سەریدا هەڵواسیوە .
پەنجەرەیەك
متمانە بە ئامێزی گوڵدان ناکا
بە گمەی کۆتر
بە سەفەری تیشکی رۆژ
پەنجەرەیەك پۆلێ شیعری لێدێتە خوار
کەشارەزای دەستە ئەسمەرەکاتی مێژوون
مێژووش یەق ئەداتەوە لە خوێنی سیاوەحش
فەزاش پەنگی خواردۆتەوە
لە هەناسەی بێهوودەیی
لە دەفرە رەشەکانی بادەی باخۆس
لە گریانی ژوور سەری ئارامگەیەکی نوستوو
نامەیەك ختوکەی زەمەن دەدا
واژوویەك لە غەفڵەتی داتراشانم رادەچڵەکێنێ
ئەی داڵی دەروێش
ئەوە بارانێکی رەشەو
لەم شەقامە نابینایە



هەر بەتەنها
شێتێك قەڵەمێك دەناسێ
لە پەڕە زەردەکانی یادەوەری خۆی تۆراوە
خەنجەرێکی نوستوو
نە بە نوومە لەرزەی هەڕەشەی رەش بە ئاگادێ
نە هەورە بریسکەی داستانی عیشق دەیهەژێنێ
بەدوای بەستەیکدا دەگەرێم ..خۆیبتەکێنێ
لەناو ئازارە شەفافەکانی هاوچەرخدا
رەنگەکانی لێ هەڵوەرێن
خاڵە ریز کراوەکانی جادووگران
چەمبەری دووری گەردوون
ئارەقەی گەرمی ماندوو بوون و
دەستی تەزیوی سەرخوان
نامەیەکی بەناحەقکوژراەی لێهەڵوەرێ
لە پشت کوڵبێنەی ساردو سڕی تاڵییەوە
دێوانەیەك دەروانێتە
بەڵێنە ترشاوەکانی بن بزەی لێو
دەڕوانێتە ماچی مارو
دەست لە ملانێی دووپشکەو ..
عەزرەتەکانی کولەمەرگییش
خەون بە قرقێنەی دڵنیاییەوە دەبینن

له ژوورێرا .. داڵی دەروێش
چاو دەبڕێتە ئەو چاوانەی
هەموو مێژوو پشت گوێدەخەن
دەروانێتە ئەو دەستانەی
ڕۆژگارەکان دەلێسنەوە و
دەڕوانێتە ئەو ئامانجە سپی پۆشەی
باڵی دەوێ
داڵی دەروێش ..
تا دوا لوتکەی ئەم گوزەرە
باڵمان دەوێ
باڵمان دەوێ
بەشێك لە قەسیدەی



## سەفەری نابینا

زیکرێك .. لە چەرمی بریندار دەفێکەوە
بەرەو سەما هەڵەتەکانی هەناسەم ڕادەکشێ
قووڵ .. قووڵ ..
قووڵتر  لە بیری کەنعانی پیر یوسف و
تاریکتر لە حەرفە جەبەرووتەکانی
کەوانەی دانەخراوی مێژوو ...
قەترانیتر لە پیلانەکانی مەرگی
مەنسووری حەللاج و
لە ژەهرە پڕ حیکمەتەکانی لوقمانی دانا ,
هاوارێك لە گازەرەی شکاوی منارەیەکەوە
بۆنی کاولکاری و مەرگ و
سندمە ژەنگنەکانی عورفی لێ دەتکێ
بۆنی قژی خۆڵاوی دەڤەرەکانی
لم و شمشێرو شەرعیان لێدێ
کیفی خەنجەرێکی تژی لە غەدرو
سنگی دەفتەرێکی شەلاڵ .. بە فەتوا
ئێمە ئیتر نایەینەوە......
ئێمە ئیتر نایەینەوە.......

ئێمەی موسافیری کۆچێکی نابینا
بەناو قەدی دەڤەرێکی مەحکوم بە قین
کە غەدری هەموو مێژوو و
حەرف بە حەرفی چیرۆکەکانی خوداو
ئەو بەندانەی کە لەبیرەوەری ئاسمانیشدا
هێندە پڕن لە تەریقیی
تا ئەبەد لە چاوە رەشەکانی عەدەمدا
دەیانشارێتەوە .............
ئێمە جارێ نایەینەوە
ئەوە رۆژێ ..
ئێمە سواری پشتی سوورەتەکانی غەدر کراین
نەخاڵێك لە دەرگاکانی ویژدانی داو
نەحەرفێك بە سەر لاپەڕەکانی غیرەتدا
قژی خاوی خۆی دارنی و
نە هەناسەیەکی تەسکین
جێی بۆ سەبووری .... دەدۆزیەوە
ئێمەی بێ گوناهترین مەملەکەتی مەرگ
مەملەکەتێ .. کە لەژێر چاوی تووڕەی
کلێپەی خۆرا
حوشترەکانی موهەلهەلی زیر سالم
هەناسەمان کاوێژ دەکەن



بایەکی چەور بە حینجەتەکانی مەرگ
قژی خۆڵاویمان شانە دەکاو
کەڵبەی غەدر پڕاوە بە جەستەمان
کەهاتینە ئەم پایتەختی مردنەوە
پەساپۆرتمان ..... خوێنی سنگ و
فــیــزەشـمـان ..........هەر زریکە بوو .
ماڵاوا ــــ بووکە شووشە پەرۆیینەکەی تاڤگەو هەڵێ
ماڵاوا ــــ گۆچانەکەی مام باپیر و دەستارەکەی پوورە حەسیب
ماڵاوا ـــــ هێلانەکەی کە لەمەو دوا
لە جێی کۆتر قورقۆشم دەنووکی لێ دەدا .
لەوێرا .. لەو دەڤەرەی
کە درێژترین تەمەن و بجووکترین قەبرستانی
لەجوگرافیاو مێژوو بژاردبوو
توولە سەگێکمان لێ جێماوە
کەڵبەی غیرەت دەنێ بە کەڵبەی غەدداری شۆفلێکەوەو
بە گشت تینێ پێی دەوەڕێ
چۆن سەگەکانی ئێڵی ئەشکەوت هەڵنایێم
چۆن سەگەکانی ئالی تەمووز نابم بەجاش
من لێرەدا دەمێنمەوە
هەتا دوا خشت .. ئەم دێیە هەر ئاوەدانە .
ئێمە بە سواری قەدەرێکی شەل و کوتدا

بەم جیهانە سەودا سەرە  تێ پەرین و
بەسەفەریکی نابیناو
بەسواری پشتی سوورەتێکی کەم ئەندامەوە
کە بە زۆر جیێ یان کردینەوە
لە حەسارگە تەنگەبەرەکەی ویژدانەدا
ئۆقرەمان گرت ...
﴿ عەرعەر ﴾ سەدو پازدەمین سوورەتی غەدرو
وشکترین میدیای مەرگ ..
پەردە لە رووی قێزەوەنیەکانی
ئەم چاخە رەشە هەڵماڵە
مافی مرۆڤ ..کەموزایەدەمان پێ دەکا
مەرجەعیەتە نوستوەکانی دونیای وەهم
ئای ئێمەی موسافیری
سەر پشتی ئەم کولتوورەی
ریسوا... بە ئەعرافەکانی نامووس
ریسوا ... بە مۆرە وورچنەکانی قێز
ئێمە جارێ نایەینەوە
ئالێرەدا ... لە نێوان سووری رەشی
ئاخرین ماڵی دونیاو
سەرەتای نەمنەمەکانی ئەعرافدا
بارگە دەخەین ...



ئەمە چ مێژوویەکی پڕ ئافاتە
بە ئێسك و پروسکی ئێمە دەنووسرێ
ئەمە چ چەمێکی شەرابیە و
هەموو پێی مەست بوون و
تینوێتیتان هەر نەشکا
ئیمە جارێ نایەینەوە
ئێمەی موریدی دونیایەکی تر
دونیایەك .. هێشتا
بە پەراسووی شکاوی ئێمە ژان دەیگرێ
بۆ لە دایك بوون
دونیایەك دوور
لەو شەقامانەی کە پڕن
لە پەنجەرەی شکاوی ریا
لەو گفتانەی کەتەمەنیان
لەلانکدا لەدەست دەدەن
دونیایەك ..........
ئەوەی سەری تیا بڕابێ ...هەر چەقۆیە
ئەوەی خوێنی تیا رژا بێ ... هەرباررووتەو
ئەوەی قژی تیا سووتا بێ هەر تابووت
دونیایەك ............
هیشتا گوڵێکی نەپشکووتوە

هێشتا هێلکەیەکی پێتاوی نەشوقاوە
هێشتا هەوری سواری پشتی بای نەبووە
لەگەڵ لە دایك بوونی دونیایەکی زیوین
زیندوو بە دەنکۆڵە درەخشینەکانی ژیان
ئەوێ رۆژێ کە دێینەوە
لەسەر سفرەی ئێوارە جەژنی مەلەکێکدا
گشت پێکەوە
گوڵێکی سپی‌و شارێکی سپی‌و خوانێکی سپی
لەو دیوی سووری ئەعرافەوە
لەو دیوی حیجەتەکانی شەپرێوییەوە
لە دواهەمین دەرگای مەرگەوە
بۆ عیبرەتەکانی زەمەن
بەیەك چیرۆك  بەیەك داستان
سفرەیەك بۆ ژیان رادەخەین و
هۆڕەیەك بۆ زیندوو بوونەوە دەچڕین.



## رژانی رۆح بەسەر حەرفەکانی مەراقدا

**بە (د) ئەو حەرفە پیرۆزەی کە هەموو ئێمەی بەجیهانی خوێندندا بردووە ...پێشکەشە**

چ بەرسیلە خەونێکمان  وەنەوشەیی هەڵنەگەرا
تا مۆرێکی چاوی بەرائەتی پێ بکەین
تا  تەنها جارێ
لە هەورە بروسکەی حەسرەتێکەوە
بەروو زەردی هەڵنەیەین
کەهەموو بوونی گورزەو...پاکی جەستەمان ئامانج
ئاخ .. ئەمە جەستەی رووتی ئێمەیە
یان شقڵی نیشتمانێکی رەنگ پەڕیوە
بە لاپەڕە سووتاوەکانی بیرەوەری
دەستی تەزیوی خۆی گەرم دەکاتەوە .
چ ئاوێنەیەکی  شەرممان نەناسی
تا روخساری خۆمانی لەبەردەما نەشێوێنرێ ,

تابەسەر یەك بەیەكی لۆچەكانی
رووی خۆمانا گریاین و
مەشخەڵێكمان لە فرمێسك دروست كرد ,
هە تـــا پەرژاینە سەرسوننەتەكانی ژیان
ساتەكانی تەمەن بارگەی لێڵ بوونیان راخست و
وەڵامێكیش نەمابەسەر گیانی كەنفتی
ئەو حەرفانەدا بگری
كە لە كۆچی نامەكان بە هاوێردەیی هاتنەوە
ئەو نامانەی كە گەیشتنە دەستی عاشقان و
هەرگیز ناگەنە دەروازەی دڵیان .
ئەو نامانەی كە بە رووناكی غەوارە دەبوون و
لە تاریكیشدا لەترسی (پێڵ بۆ) یەكانی
مەدای دەریایەكی ئێشكگر رچەیان دەشكاند
ئینجا دەكەوتنە بەر قەدەرەكانی كاروان كوژە و
دەچوونە بەر پاركی عەرشە بەردینەكانی مەراق
بێ مننەت بە ئەی مەراق
ئێستا سەختترین بادەی دەستی تۆ دەنۆشم
ئێستا پەنگرێك لەمەزەی تۆ دەجووم و
بەسەر حەرفەكانی بەرائەتدا بە نەرمی دەچمەوە
ئەو حەرفانەی كە دەمناسن و نایانناسمەوە
ئەو حەرفانەی كە هێمای خورپەن پتر ..وەك دەنگ



ئەو حەرفانەی كە لە رێگەی قوتابخانەدا
فێریان بووم ....نەك لە پۆل .
كەس پێی نەووتین
كەئەستێرەیەك دادەچۆڕێ
ئەوە هێمایەكە دەرژێتە سەر رۆحی گۆرانیەك
كە لەرەحمی تاریكیدا دەخولقێ و
سبەی رۆژگارەكان فێری سەمای رەنگ دەكات
كەس پێی نەووتین كە شەڕەچۆلەكە
سیمفۆنیایەكی دانەبراوی عیشقەو
نەمری سروشت وەردەگێڕێتە سەرئیقاعەكانی راچەنین
كەس فێری نەكردین كە ماچ بەو هەموو نەرمییەوە
باڵاترین دانوستانی ئەزەلی یە
لەنێوانی دوو زەین .. پتر لە دوولێو
یان شیفرەیەكە بۆ گەیشتن بە كۆدەكانی رۆح .
بەر لە لەززەتە ئاوساوەكان .
ژیانیان تژی كردین لە خەتا
لە دەمامكە رەشەكانی گومرایی
لە تووڕە بوونە بێ سەرو شوێنەكانی خودا
لەو شعووره ناحاڵییەی
كەتاكە پەنجەرەیەكی لەسەر بەهەشت و
هەموو دەروازەكانی بەڵەك بەڵەك رووەو ئاگرن .

ئەو دەمانەی لەناو فەزای خوێن جمانا
کەمانگ جوان بوو
کە ئەستێرەو شەوو کانی هەرجوان بوون
فەتوایەك بەسەر فەریکە رۆحی شیعرمەوە
جیڕ جیڕ  دەبووەوە
چاوی سوری ..پڕی کردبووم لە فۆپیا
هەر جەستەی ژن تژی بوو لە عەورەت
هەر باڵای ژن سەرڕێژ کرابوو لە گوناه
هەرچاوی ژن سیخناخ بوو لە چاوەکانی ئەهریمەن و
هەر بزەی ژن دەقاو دەق بوو لە خەتا
ئەی بۆ پێتان نەووتین
مەمکی دایك گۆزەیەکە  لە کەوسەر
رەگی دەچێتەوە سەر کانیلەکانی بەهەشت و
رۆحی ژن ..وەك رۆحی شیعرێکی یاخی
سکلێکە لە نوورە  پەڕیوەکانی خوا ؟!
ئەی بۆ پێتان نەووتین
عیشق تەورێکە لە غوبارەکانی هەناسە
شێتییش مەملەکەتێکە لە خولیابوون
هەر بە تەنها غەفڵەت ئارامە و
لەنێوانی هەردووبافەی  ئارامی و مەرگدا
تەڵەموویەکی مونزور هەتا ئەبەد دەنوێ .



کێ یە ئەم حەرفە باکەفانەم بۆبگۆڕێ
ئەم فێرگە کەلاوەیە سەر لەنوێوە دابهێنێ,
ئێستاشی لەگەڵدا بێ
باخچەی پاشا لەوبەر ئاوە*
حەرفی کوودەڵ دەورەی داوە
ئێستاشی لەگەڵدا بێ
خەونەکانمان دەچنەوە سەر کەلاوەیی
گۆزەکانمان لە زمانی کانی حاڵی نابن
حەرفمان بەنگکێشە لە بخوردو  بوودەڵەیە لە  فام
ئەی کوا ئەو حەرفە گوڵرەنگانەی
کە جیهانێکن لە مۆجەزا و
مێژوویان پڕە لە تەلیسمەکانی باران و
جوگرافیایان فەرسەخێکە لەپەپولەی پرشنگدارو
نەغمەیان سەمایەکە لە تیرۆژو
نەخشەیان بە نۆتە رۆمانسیەکانی ئەفسوون هەڵکۆڵراوە .
ئەی بۆ فێری ئەو حەرفانەتان نەکردین ؟!
کە رۆح تەرجەمەی دەکات بەر لە زمان
ئەو حەرفانەی پڕن لە نوور .. لە پاکی
لە پەنهانیەکانی کۆشی دایك
لە جوانیە ئەزەلیەکانی یۆتۆپیا و
لە فەزای خۆرسکی ئەندێشە .

بمبەخشن .. ئەی حەرفەکان
ئەی ئەو حەرفانەی دەمناسن و ناتانناسمەوە
ئێستاشی لەگەڵدا بێ
کەس پێی نەووتم  کە بەرائەت ئاوڵەمەیەو
هەرگیز نالوێ ... دەق ببەستێ
مەراقیش  بە سیفەت سەرکوێر
خۆ ئەگەرچی دوایین پریشکەکانی ڕۆحی برژێتە سەر
هەر سەرکوێرەو ..هەرسەرکوێر
دڵنەواییش  ...... لە خیلقەتەوە  نابینا ٠
باخچەی پاشاش
لەوبەر ئاوەو ..لەوبەر ئاوەو ..لەوبەر........ ئـــــــــاوە

''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''

هاوێردە : جیاکردنەوەی بێچوو لە مەڕ بە مەبەستی دۆشین
پێڵ بۆ : یەکێك بووە لە قەراصنە بەناو بانگەکان کەتاوانی گەورەی دەرحەق بە کەشتیەوان و کۆچبەرە دەریاییەکان کردووە .
کاروان کوژە : ناوی ئەستێرەیەکە کە دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی کاروانان و لەناو بردنیان .
سکڵ : پڕۆشە ئاگری لە کوورەوە هەڵفڕیو .
بافە :سنوور , لێوار (حاشیە) .
مونزور : تەمەندیدە (معمر) ئەو کەسانەی کە دەگەنە ئەوجی پیری و کەنفتی .
باکەف :خشتی هەڵکفاوی تەواو لە گڵ دەرنەچوو .
کوودەڵ : بەچکە بەرازی تازە لەدایك بوو.
مۆجەزا : معجزات ی عەرەبیە .
........★ : دێرێکە لە شیعری (گوڵی خوێناوی)...گۆرانی شاعیر .



## شام شەکرە .. وڵات تاڵە وەك ژەهری مار*

شار ..
باڵۆنێکە لە قەتماغە و بەسەر سووتماکی مێژووی خۆیدا گوزەر دەکات.
پڕە لە کارێزمای وێرانەماڵ .. پڕە لەسونبولی  رووت و رەجاڵ ★
شار ... نامۆ بەشوێن پێیەکان لە رچەرێی گوماناوی ،
خەونەکانی داوەتەکۆڵ .
شار بەناو جەنگڵی چاوی خۆیدا سۆراخی بوکی بەهەشت دەکا و
خەونێك بە یادەوەریەکانی جەهەننەمەوە دەبینێ .
خەونێکی ژەهراوی بێهودە بەدروست کردنی بورجێکەوە
بورجێك !..پردە ئەتك کراوەکان بکاتەوە  بەیەك و
بەسەر تەپ وکەفی وێرانەییدا رابووڕێ....
بە خەندەلێویی ئێوارەیەکی پشت کووڕی دوو روو
بە نمایشی گوناهێکی سەرقافلەی  نەریت رەشا
هەرجارێکیان پارچەیەکی لەدۆزەخەزەوە بەرەو بەهەشت
سەرکوێرانە بە ناو وەهما  چەند فەرسەخێك سنوور دەبڕێ ..
وەکو بڵێی :-
بەهەشت پڕ بێ لە پینەی رەحمی رەشی مۆتەکەی شار

پڕ بێ لە پەڵەی جێزامی  یادەوەریە رەشەکان
پڕبێ  لە قەقنەزی عەزرەتەکانی هەناسەی مکوور
پڕبێ لەخەونی سپی دێوەرە خەواڵووەکانی شەقامی شار
پڕبێ  لە کەلاوە دەسبەسنگ و  کرنۆشبەرەکانی حەشری شار
بۆیە لەناو مەرگی رەشی سریمەی خۆی ⋆
خەونێکی دەستبەسەر  بە رابوونەوە دەبینێ  .
رابوونی رۆستەمی زاڵ
کە دوو دەستی بەخوێنی زۆرابەوە (تەڤ حەنینە) ⋆
کە شێت ئاسا لەسونبولێك دەپرسێ
دوورەدەست ... لە رێچکەی خوێنی مێژوو
دوورەدەست ... لە پەراسووی خوراوی هەزم نەکراو
دوورەدەست ... لە وەستانی دەست لە سەر سنگ .
لەنێو ئالوودەبوون بە چەپووخان و
گەڕانەوە بۆ مەداری شێواوی هەستان
شێتگێرانە .. پڕ بە گەرووی خەیدۆکی خۆی هاواردەکات
(ئەی  ...  زەند ئاڤێستا .. کیمە ئەز ؟!) ⋆
بە هەمان ئەوکی کڕخی نووساوەوە
بەهەمان سیمای پەشیمانی کوشتنی کوێرانەی زۆرابەوە
هەرکوێرانە و کوێرانەش ..هەڵپە بۆ چرایەکی گەش دەکات و
بەخۆی دەڵێت  :
ئای لەم نەریتە دوانەبراوە



زۆرابەکان ..ئێستاش قوربانی دەستی باوکەکانن
رۆستەمەکان ..ئێستاش بەمەرگی رۆڵەکانیان
خود پەسەندو سەرفرازن
شار لە پێستەی خۆشەکراوی خۆیەوە هەڵدێ
یادەوەریەکانی خۆی بۆ دواجار دەسووتێنێ
زەنگیانەی ئەو ئارمە رەنگامەیە توور هەڵدەدا
کە مێژوو بۆ دەرفەتێ بەسنگیەوە هەڵیواسین  .
ئەو مارشانە دەمکووت دەکات
کە چەتری ژوور سەری بەر بارانی بوون  .
ئێستا شار جێگۆرکێ بەتاوان و سەروەری دەکات .
دەبێت هەموو پێشبینیەکان دژ بە خەوبینین بن
هەموو قەیرانەکان لە سەرەمەرگی چڕبوونەوەدا
ببنە دۆسێی درەختێکی کرمۆڵ بەدەردی خود
کە ئاشنایە بە بەربوونەوە .
گەڵایەك بە بەربونەوە حوزنی پایز دەچرێ
دیوارێك بە بەربوونەوە بەشێك لەمێژوو پەنهان دەکا
نامەیەك بە بەربوونەوە مەشقی تەریکی بە عاشقێك دەکات
کە چۆن دڵ ( لە هێز دەکەوێت و لەمەراق ناکەوێت )
کە شنەبا بەدەم پیاسەوە دڵنەوایی دەدات
بەڵام کە شار بەردەبێتەوە
حوزنی پایزو  پەنهانی مێژوو

تەریکی عاشق .... دەبن بەیەك

لە ئافەتێکدا ئاوێتە دەبن

کەناونانرێ .........

لەتوێی زامە دێغدارەکانی حەرف بە حەرفی ناموووسدا ،

شار دەڕشێتەوە

رشانەوە..گفتی رەشی نەزۆك

رشانەوە .. مەرگی ناوادەی نیوە ناچڵ

رشانەوە .. ژینی بەردینی نەکلۆك .

شار .. کە لەپایز هەڵدێ .. بەهارێ قەربووی ناکاتەوە

شار .. کە لە تاریکی هەڵدێ .. گزنگێك بەسەری ناکاتەوە

شار.. کە لە مێژوو هەڵدێ ..

دوارۆژێکی لەگەڵدا ئاشت نابێتەوە

ئامانجێك لە ئامێزی ناگرێت .

دوو دەستی تەریو گەرمی ناکاتەوە

شار بە تەریکیدا خەواڵوو گوزەر دەکات

حوزنێك پەنهانیەکەی ناخواتەوە

شار بەئافات و بە دووکەڵ و مەرگدا رادەبوورێ

شار بەتەبایی وپێکەوەژیانی بۆمبرێژکراودا گوزەردەکات

وێستگەیەك لە دەردەکانی ناپرسێتەوە

وونبوونێك بە حەرەمسەرای رێ و بانەکانی ناناسێنێ

ئیمانێك گومراییەکانی لێك ناداتەوە



شار سەد ناسنامەی لەگیرفانەو بۆ یەکێکی تر دەگەڕێ .

ئەو پەرییەی کەبۆتە شار

ئاگر .. باڵەکانی کرووز کرووز دەسووتێنێ

خەنجەری ڤینی دیدەساڵ سەری دەبرێ و

کەڵبەی ئافات هێور هێور دەیگروێ و

سیاسەت دەیکات بەسیاسەت و بەتەوسەوە پێدەکەنێ

زەمەن دەیکات بە عیبرەتێکی هەتا ئەبەد یاخی .

لێرەدا ژیان بەر دەبێتەوە

تا کۆتایی بەچیرۆکێکی خنکاو بێنێ

ئەو چیرۆکە لەبار چووەی هەتا قەرنێ مەستی کردین .

خۆشەویستی لەم شارەدا

هەپروون هەپروون بۆ پارچەکانی خۆی دەگەرێ

مێژووش بە پشتی هێسترێکی ئاگرینەوە

سواڵەتەکانی شار هەراج دەکات .

وەرزەکانیش پڕن لە لافیتەی مەرگکوێر

لە رەشماڵ و زریکەی رەشپۆش

لە وەجاخی رەش داگەراوی نەهامەتی

شار زیندانیەکی تێکشکاوە لە خەونێکی وەردەڵادا ⋆

شار تاوانبارێکی بێ کەسە لەبەرگی پاکی دادوەردا

شار مردوویەکی لاشە شێواوە لە ریکلامی حەورەنگی نەمریدا

شار تووڕەیەکی بێ گیانە لە گیانی لێبوردەییدا

شار نەخوێندەوارە .. لەمینبەری قەوچە قەوچی وشەدا
شار لالە .....لەگەرووی بە دەرد ئاخنراوی دەربڕیندا
شار قەبرە ... لەچاوگی لایلایە بێهوودەکانی لانکدا
ئای لە دەردی بێ دەرمانی شار
وای لەدەردی بێ دەرمانی شار
ئای شیخ مووسا ⋆
ئیجازەم بدە .... با ببینم
ئێستا بالآنس چی دەخوێنێ ؟؟!
شام شەکرە ........
بەلام گەورەم ..ولات تالە
ولات تالە ... وەك ژەهری مار .

---

- ئاماژە بەوە دەکەم کە ناونیشانی ئەم هۆنراوەیە لە قەسیدە بەناوبانگەکەی (شام شەکرە وەلات شیرینترە)ی جگەر خوێنی شاعیرەوە وەرگیراوە کەمایەی شانازیە بۆ من سوود لەو ناونیشانە وەرگرم و مەبەستیشم وەلامدانەوەی ئەو کەڵە شاعیرە نیە کە دوو سەردەمی لێك جیاوازمان هەیە.
- سوودم لە تاکە دێرێکی نالەی جوودایی ( هێمن ) وەرگرتووە
- سریمە : ئێشی کوشندە بە هۆی بریندار بوونەوە
- تەڤ حەنینە : خەناوییە (هەمان شیعری جگەر خوێن )
- (زەند ئاڤێستا . کیمە ئەز ) دوو کتێبی شیعری شێخ مووسای جگەر خوێنن .
- وەردەلا : طليق
- شێخ مووسا : ناوی راستینەی جگەرخوێنی شاعیرە .. شیخ مووسای شێخ حەسەنی محەمەدییە . ١٩٠٣ـ١٩٨٤ز



## سکڵی ئاگردانەکانی تەریقەتم

هەر وەکو چۆن.... سفیدە رۆح دەبەخشێتە رەنگەکان
گوڵ شەبەنگ دەبەخشێتە ناسنامەی رەخشی بەهار
خوناو شێ دەبەخشێتە فەرهەنگەڵێو تەڕەکانی نەسیم
رۆحیکی ئادەمی ئاسوودەترم پێ ببەخشە ..
لە بۆتەیەکی تردا ..بمخوڵقێنەوە ...خودا
سەرلەنوێ وە بەسیمایەکی ترم دارێژەوە
ئەمجارەیان.......
نەمتوێنیتە نێو جەستەی سرتی کارمامزێك
کەهەرچی ئەلبۆمی هەناسەی هەیە..
لەترسی خەونە کەڵبەییەکانی جەنگڵ
لەسێبەری خۆی ,لەگڤەی با , رادەچڵەکێت
نەمبڕیتە بەر جەستەی عاشقێکی دێوەرەوە
کەتەمەن هەموو تینی خۆشەویستی بکات
بەسەرانەی یادەوەرییەکی شکستخواردوو ,
نەمبڕیتەوە بەر دنیایەکی بێ هوودە
کە شۆڕەبییەکانی خەونی تژی بن

له مۆتەکە قەترانییەکانی نائومێدی و
یەك بەیەك فێری برگەکانی ئینتیحاری بکەن .
دنیایەکی ترم پێ ببەخشە ...خودا
دنیایەك حەرفەکانی پڕ بن لەنوور
پڕبن لە گەڵا زیوینەکانی خەون
پڕ بن لەسەدای هەناسە گەشەکانی خۆر
پڕ بن لە تەنیاییە ئاسوودەکانی شێتی و
لە شێتیە نوغرۆبووەکانی پەتای مێردمنداڵی و
پەتای شیعر و...
ماچی لێوی شەیدای کاریلە .. بۆدەمی تەڕی کانیلە ,
لەنزوولەی بێ نەوای کچۆڵەیەك
کەهەناسە بێ گەردەکانی خۆی
لەدەرگای بەرین وبێ شوبهای عەرشی تۆدا
دەبەخشێتە رقێکی خەواڵوو.
بمبەخشە خودا ....
ئەم زیندوو بونەوەیەم ناوێت ...نا
کەلەچوارچێوەی تەنە دەقبەستوەکانی
حەزارەتێکی مودمن بە هەناسەدان تێپەر دەبێت
﴿لانك .کۆلان .فێرگە .ئۆردوگا . فەرمانگە. خانەنشین .قەبر﴾
ئەمجارەیان بەناو ئەم مانا تەسکانەدا تێ پەڕم مەکە...خودا
مەمدەرە دەست قەدەرێکی پڕ لە پێشبینیەکان



بۆچوونی پیاوی گەورەو ...فاڵی قاوەگرەوەو
تێکشکانی بورجی خۆرو دارمانی هەموو ئاسمان
بەسەر تەمە خورشیدیەکانی هەناسەمدا .
نامەوێ نا ...ئەو راپۆرتانە ببینمەوە
کە گرەو لەسەر خەونە رۆحیەکانم دەکەن
نامەوێ نا .. بە چەرمی خۆم دەهۆڵم پێ دروست بکەن
ژمارەکان .. ئامارەکان .. هەموو خەون و ویساڵێکم بن
لێرەوە ... باد بۆنی تەریقی ئەو پەرەسێلکانەم بۆ دێنێ
کە درەنگ ئاشنای هێلانە پەرتەوازەکانی خۆیان بوون
کە بە مردن لە پێڕەو لایاندا و.. هەر بەمردنیش گەرانەوە و
کەچی ..هەر نەشمردن .... خودا
ئەمجارەیان ...دونیایەکی بەرینترم دەوێ
دونیایەك ... کە مێژووی پڕ نەبێ لە بۆنی قارەمانێتی شمشێر
یاسای رووت کردنەوەی بەژنی هەرمێ و هەر....مێ
لێرەوە دەنگی قیژەی ئینسانەکان دەبیستم
کەچەند بەئاسانی دەچۆڕانە ناو پێکی سەرکەوتنە بێ هوودەکان
دونیایەك ... کە یاسای ، وون نەبێ لەناو جەنگڵەکانی کەڵبەو
عەشقەکانی لەناو پاساوە دڵخوردەکانی بێ هوودەیی
دونیایەك ... چاوی مەغرووری رەقیب
نەیکاتە تاقیگەی هەوەسە رەشنوودەکانی عیبرەت ...خودا
دونیایەکی ترم پێ ببەخشە

ئارام   وەك ئارامی خۆت لە عەرشی بێپایانت
سانسۆر نەخرێتە سەر ئەو دلانەی پڕن لە خۆشەویستی و
لەجێی خوێن ...بە ئاگر  کاران .
زمانێکی گەورەترم پێ رەوا کە
زمانێك ...هێندەی دڵی ئەستێرەیەك رۆشنایی لێ بچۆڕێو
هێندەی...شەرمی بورکانێك سەبر
هێندەی خەونی داڵێك ،کە ئاسمانی فراوانی لێ دەبێ بە چەتر .
بمبەخشە ...خودا
نامەوێ سوننەتچیە هەست مردووەکانی سەردەمی بوغز
یاری بە مەحرەمی منداڵیم بکەنەوە
نامەوێ لەبەر دەرکە ژەنگنەکانی قەناعەتدا
هێندە بچوك بکرێمەوە .... بە هیچ چاوێك نەبینرێم
بە هیچ زمانێك نەخوێنرێمەوە
نامەوێ... نامەی کچە شۆخێکی دەمانی هەرزەکاریم
لێ ببێ بە تلیاك و دینامێت
خشتەی لەبەر کردنی بیرکاریم ...بەپەساپۆرت
خۆشەویستی ...لە کتێبەکانما ببێت بە پیرۆزیو
لە ژیانما ....بە گەورەترین تاوان .
نامەوێ چیتر لە پیاسەیەکی ناوەختدا.. بمرم و
لاشەم بەسەر شانی تافی لاویمدا بۆگەن بکاو
شەو بیبەمەوە سەرنوێن و
دەمەوبەیان بیدەمە کۆڵی نائاگایی



بەدرێژایی  رۆژیش یەکدی هەڕاج کەین  ...
خودا
لەم ئەلف وبێ یە ....وەرس بووم و
فێربوونێکی ترم پێ  رەواکە
کەحەرفەکانی نەچنەوە سەر فەرهەنگی ( غـ  ـە  د  ر )
کەماچەکانی نەکەونەبەر دۆنی کوفر
مەریەمەکانی بەتاوانی ناسکی...
نەکرێن بەمۆمیا و.......چەقۆیان نەخرێتە گەردن
خورافە نەیەتە بن باڵی عەقڵی ئوفتادەم و
لە هەڵدێرێکدا خۆم لە خۆم  حەرام نەکرێم
سەبووری .....نەمکا بە هێلانە
متمانە ....... نەمکا بە وێرانە
رق ........نەمکا بە نیشتمان
خەون ....نەمکا بەدوایین گەریدەی بێ ناونیشان
جەللاد ...نەمکات بە پەیژە.. بۆ لەتێ نان
رۆحێکی ترم پێ ببەخشە ..خودا
رۆحێك هێندەی کەماڵی خۆت بۆنخۆش
هێندەی ئاوردانەوە لە منداڵی ...دڵگیر
رۆحیك ...... کە دەزانم هەیە
ناشزانم ....... بۆ
هەرگیز...بۆمن....ن...یـــ. یـ.ـە     ؟؟؟

# کەژاوەی ئاگرین

له ژێرخەتی نەخشەیەکی بریندارا
ناونیشانی خەونە حەپەساوەکانی پەژمووردەیی
دەنگی گڤەی گەردەلوولی مڕومۆچی
باڵە جەردکراوەکانی کەژی بیرولێکدانەوە
کۆچەرێکی سەرهەڵگرتووی نێوکاروانی
سفری مێژووم
گاڵە بەردی پەیکەرە رووخاوەکانی ئەلبۆمی خۆر
پێ بە پێ لە نەزمی هەنگاوەکانم ئەدەن
سەرم قاڵی دەورانێکی پڕجمەیە و
بەرتۆخماخی نەهامەتی خۆی کەوتووە
لەپڕوشکی ئاوێنەی نەفرەتەوە هەڵاتووم
شایەتە تەفرە خواردووەکانی سەرچەرمی بریندارم
لەنێوقاوغە کلسی یەکانی دڵێکی سڵۆکدا
دڵی تەزییو.. و هەناسەی مەییو
لەکەناری پرسیارە زەقەکانی دڕن دڕنا
لەدۆڵە دەستکردەکانی شپرزەیی
شەرمێکی رووزەردی سنوور شکێن



تەریقی یەك
وەڵامەکان ..بەسەر پردی تووره بوونا ئەپەڕێنێ
باجی سەرخەرمانی کلۆم گرتووی کۆششم
لەتای کێشی تەمەنی خۆم گەورەترە
روانین بەباڵای قوللە دێرینەکانی شارا
گەشگە کردن بەو رەنگانەی کەشەکاوەن
ئازار نەبێ ..گومان نەبێ
بالادە خەمێکیش بەدی ناکەم
مشتە بەپیتەکانی دەروێش ئاسا
دەنکە جۆی پەندەکانم بۆ بهارێ
بەچوارچێوەی ئەم کاژمێرە تاساوەوە ئالاوم
لەدایك بوون : مەملەکەتی ئاگرینی پڕلەژانەو
ژیان سووچێکە لە داهێنان
ئەوا شیعر لەگۆچانی بەرازەوان گلاوترە
دان بەلەرزی ئەژنۆکانما ..ناهێنێ
ئەوا شیعر نابووت بووەو
بە پەڕۆپیتاڵی شەبەنگداری مانشێتەکان
شەوانە خۆی ئەسووتێنێ
ئەوا شیعر
لە کووچە تەنگەبەرەکانی دێرینە شارا
رەجمم ئەکاو ..راوم ئەنێ

ئەوا شیعر بۆخۆی دەگریو
بەروخساری حەپەساوی درامامدا پێ دەکەنێ
پەنا ئەبەم بۆ لیتاوە ڕەشەکانی
گۆمی مەنگی کفت وماندوو
پەنا ئەبەم بۆکاروانی سارای دووری
لەدەریای عەزرەتەوە هەڵاتوو
حەسانەوەم
میترایەکی تەمەندیدەی داڕماوی لێقەوماوە
هەر چوار دەوری خۆڵەمێشی ئاگردانە و
لەپەنایدا بەبێ دەنگی هەستەکانم مۆمیا دەکرێن
منی سەربەنگ
ئێخە بۆ جەستەی تابووت ئەدڕم
چاوی خۆرم لێ ئەدزرێ
ناچار دێم و بۆ تروسکێك
بێ پەروا ..بێ ووچان , ئێشك دەگرم
بە فڕیوی دەمامکی شەیتانەکان ئەگروێم و
لەپەنجەرەی نەخشکراوی پڕ زەخرەفەی حەزرەتێکا
دێم وئێخەی (شەخس) دەگرم
ئای چەند تووشە ئەم سەفەرەی کەژاوەکەی لە ئاگرەو
بۆچارەنووس ڕاپێچ ڕاپێچ دەمباتەوە
وەك وون بوونی تەمی چڕی نیوچە عەدەم
بەناچاری لە دۆزەخی ڕۆحی خۆما زیکر ئەکەم



دەمار دەمار بە دەروازەی ئاگردانی پڕ پەڕەنگی
هەناسەی خۆم هەڵئەقرچێم
من جاویدی پڕمرواری گەروویەکی تاسەبارم
لە پریاسکەی ئاگردانی زەمەنێکی دوورەوە
لەسەر ئەسپی کاروانێکی چاو تیژەوە بەربووم
بۆسۆی ئاهی یەسناو یەڵداو فەندیدادە
لەهەناسەم بەناکامی دائەچۆرێ
لەژیلەمۆی لێواولێوی سەردەمێکا بەجێ ماوم
ڕەش..تووش..قێزەون..پڕلە پیلان
ترسناك.. بێ داڵدە..پڕبەسنگی تارمایی
چڕووك وشۆر ..وەك چاوی شەرمی مێژوو
لەکاروانی وەجاخ ساردی دامرکاوەوە
خۆڵەمێشی عەزرەتێك لەبێژنگی وەفا ئەدەم
چ بێژنگێك
هێڵنج بەزامەکانیا دائەچۆڕێ
من کەوڵی خۆشە کراوی چاخێکم
بە ناکامی .. لە سەفەری ئاسوودەیی دابراوە
پەنجە دزێوەکانی هەر چوار دەورەم ..لێم ئاڵاون
ئەمکەن بە دەف
لەشەوانی هەڵقەو زیکرو تەهلیلەدا
لە ڕۆحانیەتی تەسەووفا هەڵدەکێشرێم
ئەمکەن بە تەپڵ

به ئیقاعی سەما مەستەکانی
سیحری دۆم و بەربەریاندا هەڵدەزنرێم
ئەمکەن بە ساقۆی ڕەشی دوگمەدار
بەباڵای گاردێکی نەیارا ..دەبرێم
لەوەتەی هەم ..لەهەر جارەی
بەگەدەی گەناوی یەکێکەوە هەزم دەکرێم
من کەوڵێکی خۆشە کراوی دەفەی شانی
ئاگردانی هەنسکێکی گەڵێ پیرم
پیرتر لە یەکەم زامی سەر چەرمی مێژوو
پیرتر لە گریانی هەوەڵ ئارەزوو
پیرتر لە دەرسەکانی چاوی شەرمی
خێوان خێوو غەدری ئینسان
من پەراسوویەکی شکاوی ژێر قەبەرغەی
نەهامەتی سەری سەختی مێژوویەکی بەجێ ماوم .
لەکەلەبەرە بێ ماناکانی دەلەسەوە...کۆمکەنەوە
لەگیانی عاتیفە شکاوەکانی ئەم چاخەوە
بمگرنەوەو بمدەنەوە بەدەندەی خۆم
لەسەر مێزو ماکرۆفۆن ومانشێتەکان
هەر بە زەقی جێم مەهێڵن
لە ژێر ئارم و تاسەی ساردی ژمارەکان
لەژوورە نوستووەکانی ئامارا
چاوی زەنم پیا مەگێڕن



لەتوێی ناونیشان ودەقەکانا
بەناکامی سەری عەزرەتیم مەبرن
لەکۆنگرەی وورشەداری ئێوارانا
مەمکەن بەزوڕنای دەمی ساردی پەیامنێران
بەمەزەی کەناڵ وشاشەکان
کۆمکەنەوە..کۆمکەنەوە
من پاش پەڕەی زریانێکی ئاگرینم
شەبەنگێکم لەتووڕە بوون
جەستەیەکم لەنووزەکانی ئیحتیزار
هاوارێکم ..لە گریانی سەردەمەکان یاخی بوومە و
پەیکەری وونبووی سەرسنووری
ئەتڵەسێکی بێ ویژدانم
لە پەنجەکانی خۆم دەپارێمەوە
لە دەستەکانی خۆم
لەهەناسەی سەر بڕاوو چاوەکانم
لەخەنجەری سەرسنگی مێژووی
بەدەستی خۆ..خۆپێکاوم
هەر لەکۆچی چەرمەگاکانی زەرەند ئەستراوە
هەتا چاوی ئەو ووشانەی وورشەی زامیان
بوونەتە زەنگیانەی
زمانی دانەبراوی شیعری ئەمرۆم.

# کۆدێک بەرەو پەپولەکانی عەدەم

**لەدوای ساڵی ٢٠٦٣ وە نەوەیەك.. پوخت بەسەدەیەك لەدوای من لەدایك دەبن ....**
**وەك قەردی گەردنێك ئەم قەسیدەیەم بۆ نوسیون.**

لەم شێتگەردیەی دەستی تەزیوی پرسیارە ......
چاو دەرژێتە سەرسنگی ژێر سوخمەی ئاڵی ئاسۆو
باوەش بە هەناسەی شێداری بادەوە ..
دەئاڵێتە قەدەری نەبینراوی گومانێك
سەر بە جوگرافیای کوژراوی یەقین و
دڵ لە قەنتەرە بەجێماوەکانی عەدەم ..
بەدیار مەرجێکی شەپڕێوەوە .. خومار
بەدیار پرسیارێکی حەیرانەوە ..حەیران
دەبێ ئێوە بەرەو کوێ بێن ..؟!
لەژێر کام تاشە بەردی ڕێگایەکی
بە عەتری پەخشانی دارستان مەست ..؟
کام چەتری حەوڕەنگی موشکین



بەنەغمەی شارژ بووی حەرف خەواڵوو
رۆحی پر ئەفسوونی خۆتان لێ پێچاوەو
چاوتان..دەستتان ..خەونەکانتان
بڕیوەتە پیرە قوللەی تەمەنازی زیوینی ژین
سلاو ..
ئەی ئەو هەناسە بێگەردانەی پاش نیوسەدە
رەنگە سلاویش رەنوبۆی خۆی لێ بگۆرێ
ئەی پەپوولەکانی کە رەنگە هەرلە زمانم نەگەن
ئاخۆ ئێوە لە سەردەمی خۆتاندا ..چۆن دەدوێن ؟!
کە پاییز بۆ یەکەم جار
بەگەرمی دەستی پیری دارسەروویەك دەگوشێت
گەلا چۆن بە هاورێکانی دەڵێت مالاوا .. جێتان دێڵم ..؟
نیگارکێش .. بە چ رەنگێك لە مەرگی باڵندەی کۆچەری و
پەرکەمبوونی عاشق و هەناسەی رەوەندان گوزارشت دەکات ..؟
تارژەن .. بەکام کلۆج تابووتی خۆی تژی دەکات لەنەغمە ؟
سەماکەرە هەر بەسنگی رووتەوە دێتە سەر شانۆ
یان بەستیانێك لە باڵی کۆتر دایدەپۆشێت ..؟
ئێوە بەرەو کام قەراغی دابڕاوی عیشق دێن ..؟!
بەرەو سەری براوی ئەو رۆژگارە سەختانەی
کەتەفسیرکردنیان
هەر بەخوێندنەوەی خەوننامە لیخنەکان دەپێورێت؟!

بەرەو ئەو نامە یاساغانای
کە لەسەر دەستی مامۆستا فێری نووسینیان دەبن و
هەربە چاو سوور کردنەوەی  ئەوانیش ..
لەوبەری هێڵی سوورەوە
شەتوپەت .. دەیاندڕێنن ؟!
بەرەو ئەو داهۆڵە رووگرژو دڕندەیەی
کەبەدەستی خۆتان دروستی  دەکەن و
هەر خۆشتان .. لێی هەڵدێن ؟!
بەرەو کوێ ..؟!
بەرەو کاهینێك یاری بە کاغەزی سووتاو دەکات,
بەرەو تەورێك لەسیمای  ناسکی مایکرۆفۆندا  ,
بەرەو زریکەیەك ..بە پێکەنینەوە تەفسیر دەکرێت ..؟
بەرەو ئەو مەرکانە  بەجێ ماوانەی
کە شانازی بەدرزەکانی خۆیانەوە دەکەن ..؟
بەرەو ئەوگوناهانەی  دەروێشان دەیکەن و
گومرایان باجی دەدەنەوە .؟
یان بەرەو  خاڕاشی ئاوێنەیەکی هەپروون
کە پارچەکانی هەر لە مێژووی خۆیان دەدوێن و
باد بە ووردە لم قەتماغەی زامەکانیان
تادێ رەشتر دەکاتەوە .
بەرەو سفیدەیەك بە گوریسی  نیوەشەوەوە



ڕۆحی بەر لە جەستەی هەتك کراو ؟!
پەلە مەکەن .. تکایە .. پەلە مەکەن
ڕۆحی قەڵەم پڕە لە نەغمەی ووشك
پڕە لە چیرۆکی  بێ بارانی
پڕە لە حیکایەتی رزیوی عاتیفە
پڕە لەو دەوەنە سوتماکەی کە ناونراوە (ئینسان)
پەلە مەکەن.. هێشتا لە نیشانەکانی
پرسیارو سەرسورمان بترازێ
هیچ نیشانەیەکی تر لەدایك نەبووە
وشەکان والە خۆیان دەپرسن
ئەی کوا  نیشانەکانی  گریان و
تووڕەبوون و نەغمەپەنگخواردوەکان ؟
ئەی کوا نیشانەکانی قاقای خوا پێداوەکان ؟
پەلەمەکەن .. جارێ .
عیشق و شێتی هەتا ئێستاش
لەیەك فەرهەنگی تاوانا نوستوون
یەك قانوونی دەقبەستووی دەستی نەزان
زەمەن هەر بە کەڵبە خوێناویەکەی جەنگیزخانەوە دەنازێ
نەفرەت هەر لە دڵە خوناویەکەی شێخی سەنعان دەکرێ .
هەر کە پێتان نایە سەر هەوەڵ ژانی ئەم دونیایە
وەك و ئێمە .......

به كۆترتان دەناسێنن و
وێنەی تانك وزرێپۆشتان پێ دەكێشن
بەبۆنی تەلیسماوی زەیتونتان دەناسێنن و
نارنجۆكتان پێ هەڵدەگرن
بەبەهارتان دەناسێنن و
كانییتان پێ زیندەبەچاڵ دەكەن
به ماچتان دەناسێنن ورۆحتان پڕدەكەن لەقەقنەزەكانی كینه
بەمارشی موقەدەسەوە گولله تۆپتان پێ بار دەكەن
وەك و ئێمە
پاش خوێندنەوەی وانه قورسەكانی نیشتمان
رێگایەكی دووری پڕله نوشوست .. بەرەو هەندەران ئەزبەردەكەن
رێگایەك بەرەودامركانی گوناهه منجرەكانی سێوو
هەڵایسانی مەرگی ناوەختی ئاوریشم
دەرهەق بەمتمانەكانی سێبەرێكی لەخۆبوردوو
لەوون بوونی سۆراخه مزرەكانی حەقیقەتدا
لەسەر مانشێتێكی كوكتێڵ لەگفتی نەزۆك .
وە كوئێمه ... رێك هەرئێمه
هەمان ئینجانەی بریندارو  تژی بەخەنجەر
هەمان ئافاته وڕكنەكانی پیرۆز بینی غەم
هەمان بارانی تەنیایی و
هەمان سووربوون لەسەر مەرگێك



لەقاوغی كلۆری ژیانا
هەمان ئەو شەرمه حیرو زگمایانەی
پڕمان دەكەن لەخەزنه داخراوەكانی گومرایی
بەدیارخشتەزەقەكانی ئەتك كردنەوە
هەمان ئەو پرسیاره سەرشێتەی ئێستامان
﴿ئەوانەی فەلسەفه دەنووسنەوە ..چی دەڵێن ؟!
ئەی ئەوانەی دەیخوێننەوە ..چی دەفەرموون ؟!﴾
هەمان ئەو شەپۆلانەی .. كەیەكتری نادوێنن
هەمان ئەو نەوە پەركەمانەی
هەرگیز هەرگیز  یەكدی ناخوێننەوە
ئاخۆ ئەبێ ئێوە چی بكەن ؟!؟!؟!؟!
ئێوەی شەیدای
یەكەم هەناسەی باغی ژیان
ناكا .. بچنەوەسەر پیاهەڵدان بەشان وباڵی
تابلۆ دڕاوەكانی سەرسنگی  نیشتمان !! .
ناكا ئێوەش وا تێ بگەن
كەژیان تابووتێكی سیحراوی ئاسوودەیه ..
بەرەو خوێندنەوەی گوناهه بێ سنوورەكان
یان پاراستنی كچێنی ئەلف وبێیەكانی قەدەره
لەسەرپێڵووی سیخناخ بەخەوی
چەپڵەو  دەستخۆشی و ئافەرین

یان چاوەنواری.. مشتێ شیرو دەرماڵەبن
لە دوایین رۆژەکانی عەرەفاتدا .
پەپوولەکان ......
پەپوولەکانی دوای دووهەزارو شەست وسێ
کە دێن زۆر وریابن ..
ژیان زۆر لەوە گەورەترە .. کەلێی دەدوێن
زۆریش لەوە پیرۆزترە ...  کەباس دەکرێت
بەرزتریشە لە قۆزاغەی فەلسەفەی تابووت ئاسا
جوانتریشە لە ئایەتە کلسینەکانی نان وخوێن
بەڵام بەکێی دەڵێن . .؟
ئەی .. گەر ووتتان .......
چۆنی  دەڵێن ...؟!



## عەقیقی زام لە شەربەتی جەژنانەما

لە سەرووی قژی رەشی دووکەڵاوی ئەم شارەوە
ئەم دەڤەرە رەنگ زەردەوە
بادێك رووەو گەرەکی تەجاوزی هەژارمان دێ
حەشمەتی ریشی سپی قەڵای دێرین
داستانەکانی شێبای بەفری
قەندیل وئەردەڵان و سەفین
گلۆلە هەورێکی ئاڵی مەیلەو سووری داوەتە شان
کلاورۆژنەی دەمەو بەیانێکی سەربڕاو
بەسەرکزی دەروانێتە زەمەنێکی پڕدژوارو
بەخوێن نەبێ ..چاوی زەقی
بەخۆشی سیمای لوتکەدا قەد هەڵنایێ .
باوەش ئەداتە ئەزەلی ژانێکی گڕگرتوو
بەناکامی گرۆی ئاسمان هەڵپێچ ئەکا
زامی رەشی زەبرو زەنگێك
لەخوێندنگای هەنسکێکی چەواشەدا ئەڵێتەوە
دڵۆپە فرمێسکی خەونەکانی

لەسەر دەرکەو حەوشەوبانان بەجێ دێڵێ.
قەتماغەیەك تا دێ ڕەنگی سەختتر دەبێ
هەورێکی بەتەزووی کارەسات ..لاڵ
چەرمی سووتاوی جەژنەیەکی سەربراوی
گرتۆتە کۆڵ
ئاگری ڤین بۆسۆی پرچی شانە دەکاو
چەقۆی حیرەت لە چوار لاوە ئەیگرێ
دووکەڵ لە سەر سنگی سپی بەرینیدا سەما ئەکا
دەنکە تەسبیحەکانی موفتی
بەفوارەی خوێنی جەژنەوە
غوسڵی سروودێکی دڵتەزێن ئەشۆنەوە
( بۆماچ هاتووین )
کەچی کەڵبەی غەدرو کینە
جوانی لاپەڕەکانی عیشقی سووتاند
ئەمە شەربەتی جەژنانەیە ..!
یاخود خوێنی هەراسانیی جەستەمانە
سنگی شەقام ئەشواتەوە
ئەمە دەروازەی لێبوردنە
یان قەراری جەهەننەمی پڕ عەزرەتی ساناتۆتە
پێڵوەکانی لەم ژوورەدا .. بەم ڕقەوە ئەکاتەوە
لەسەر لێوی گەردەلوولێکی سەر شێتدا



ساتەکانی فراوانی پێشوازیو
هەڵکرووزانی کاژمێری یازدەی
سپاردۆتە چەتری ڕەشی بارێژەی ئاخ .
لەشەقامە سەربڕاوەکانی ڕۆحمەوە
هاوارتان بۆ ئەبەم
لەکەپرە رووخاوەکانی هەناسەمەوە
چ جای هەورە حیرەتی بارانێکی بێ شوناسە
سەری مەبەستەکانی لێ تێك داوە
دیوانێکەو...
بەخەنجەری شیعرێکی خۆی سەربراوە
گوڵدانێکە
بەخوێنی پەنجەرەی ژوور سەری خۆیەوە پلکاوە
ناونیشانێك
بەبوومە لەرزەی ناوەختی سۆراخەوە دەپلکێ
لەنێو باخچەی نەخۆشخانەی
بەگوڕی خۆی شڵەژاوا
چۆلەکە سرتەکانی دڵدانەوە
بەسەر چڵی پاڕانەوەو وەهما دەخوێنن
پەنجە سووتاوەکانی واقعیش
پەنا بۆ سێبەری هەڵقرچاوی جەرگم ئەبەن
لەتەفسیری سورەتەکانی گڕوخوێندا

توانام نیه

ناونیشانی هیچ ڤیژەیەك بخوێنمەوە ..!
ئەمە دوا ڕمی فەتارەتی جەنگیزخانە
ئاڵاوەتە گەردنی بەرزی منارەوە
ئەمە ژەنگی پروشکاوی نێو کاڵانی ئەنفالە
رشاوەتە دامێنی پاکی ئەم پیرە شارەوە
ئەمە دوابزماری لە خاچدانی هەڵەبجەیەو
خزاوەتە سیمای ماتی ئەم بەیانییە شومارەوە
نیشانەکانی پرسیار ؟!
ئاوڵەمەی خوساوی بەر فەزای هەنیسك و فرمێسکن
سەدای گەرووی پارە پارە
بڕگە بڕگە نزم ئەبەن
دەنکە مرواریەکانی دیدەنیم
ئەچۆڕێتە باوەشی بازاری قەڵای نازدارەوە
لە فەرهەنگی کام ویژدانا
خۆڵەمێشی قەدەرێکی دەستکردە
ئەکرێ بەسەر تاجی جەژنا
دیسانەوە : مێژووی بێ باك
مۆری رەشی رۆژگارێکی ستەمدیدە
بەگەرووومان ئەڵێتەوە .
من هەور نیم



من ردێنی چەرمووی قەڵای پیری ویقارم
ئەمشەو دەبمە کراسی جەژنی بەرخۆڵەیەك
بەناکامی
کەبەئاهی قۆچی ئیبراهیمی سەربراوە
هەرلێرەوە
تاشەقامە لاچەپەکەی شێخم چۆڵی
بەخوێنی من ئارایشی دەم و لێویان
رەنگی سووریان لێ رواوە
شێخم ( چۆڵی )
ئەمەش دەستی پیلانێکی تەمەن کورتی
قەتران سەرای دوژمنان بوو
ئەمەش دوا ڕمی گەنی و کولی
ناوەرزەی هەورێکی رەش وچڵکن بوو
واشەربەتی جەژنانەیان
لە خوناوی جەرگی منا هەڵئەنۆشن
وادوکەڵی پرچی پەرش و بڵاوی
سەری منیان کردە دەسماڵی سەرچۆپی
نوقڵی پەنجە سووتاوەکانی منیان هەڵکرۆشت
بەسواری جۆڵانە رەشپۆشەکەی عومری وون بوومەوە
لەبرینی داتاساوی سیمامەوە
فێری ئەلف وبێی جەژن بوون

لەدابرانی جەستەو رۆحمەوە
فێری نووسینی شیعر بوون
لەپاڵتۆی سووتاوی خەونەکانمەوە
خاڵیان لە سەر حەرفەکانی مێژوودا رشت
لە رۆڵەرۆی دایکمەوە
ناونیشانی هەوەڵ سەحەریان دۆزییەوە .
بازووی ئەسمەری شۆستەکان
باوەش بە ئاپۆرەی فرمێسکما ئەدەن
باوەش بەشێتی هەوادا ... ئەدەن
بەخۆڵەمێشی حەیرانە دامرکاوەکانی هەناسەمدا
بەپشکۆی ئاگری سەبووریما
بەملوانکەی چەقۆ ریز کراوەکانی گەردنما .
شێخم چۆڵی
تەنها ئەمشەو تەسبیحەکەت بپێچەوە
بەعەقیقی زامەکانم زیکر بکە
حەرفی ناوی هاواری ئەم جەژنە شێتەم
لە تەهلیلەی نیوە شەوا بخوێنەوە
ناومان بێنە
پەریزادە پاکەکانی کونجی حوجرەی موبارەکت
بە مەرجانی ماچەکانمان بناسێنە
بە تەنە شۆری پڕ بەهای ئەرخەوانمان بناسێنە



ئەوە هەنیسکی کوڵ کراوی دەستگیرانمە
بەرۆکی هەیوان و حەوشەمانی گرتۆتەوە
ئەوە پۆلی باڵداری نمرەی تەلەفۆنمە
ئەوە شەربەتی ساردی دابرانمە
ئەوەش فەقیانەی هەڵکراوی
دەستنوێژی پاش عەسرانمە
سەر بەکڕی نێو دەفتەری یادەکانما دەباتەوە
چ ماچێکی ئاگرین بوو
چ ماچێکی ڤێزەون وپڕ برین بوو
چ ماچێکی دەمی ماری دێغ بە دێغی ژەهراوی بوو
دەمە داسی پڕ لە کینەی گوڵەگەنمی ئەم بەهارەی
زۆر پێشوەخت ...بەدرەو برد
ئەی هەناسەی سنگی هەوری ئەم ئێوارەی
لە بەرامەی شەوبۆی رۆحی خۆی تۆراوە
وەرە خوارێ..
پرسەی شیعرە لە دیوانێکی رەشپۆشا
پرسەی گوڵ و وەنەوشەیە
پرسەی حەرفە لەمناڵدانی زماندا
دایک رەشپۆش
شەقام رەشپۆش
نامە رەشپۆش

قەڵارەشپۆش
دارو بەردی دیوارەکان
عارەبانەی سەیرانەکان
چەرەی قاپی بەردەم میوان
دەستی خوێناوی تەوقەمان
رۆحی لەبار چووی جەژنەمان
هەموو رەشپۆش رەشپۆش رەشپۆش .
دەنگم ببەن بۆ ئاسۆی دوور
بۆ رەشبگیرەکانی بەرمۆدای ئەنفال
بۆ تەورە دزێوەکانی پشت پەردەی
لەززەتی هەرەم ونیل
بۆ بیابانی سنگ سووتاوی قەد ئاگرین
بۆ بەحری حەشری لێك ترازان
سەری رووت و پێی خاوس و هەردەوێڵی
سۆراخی نێو جەرگەی زوقمی هەڵۆی بەفرین
ئەڵقە شکاوەکانی نوقلانەی سەردەم
گەزۆ سووتاوەکانی زەمبیلی سنەو مەهاباد
ئێرە مەملەکەتی گوڵە هێرۆو چاوی خۆرە
راچڵەکینی دێوەزمەی تێدا نارِوێ
رشانەوەی جامی گڕی پڕ لەقینی تێدا ناروێ
بڵێن بە خەواجاتی پشت پەردەی ترسی



ئەودیو چەتری روو رەشی
رۆژێ دادێ
لە چەرمی گلاوی ئێوەوە
دەهۆڵێ دروست دەکەم
بۆ جەژنەیەکی رمووزنان
لە لولاقتان
باڵەبانێ... بۆبەزمی شەوانی درنجان
لە پەراسووی پارچە پارچە کراوی سنگمەوە
قەفەسێك دائەهێنم
بۆ زیندانی کردنی شەیتانەکانی تیرۆر
ئەوسا دێم ولەژێر منارەی حەزرەتی (چۆلی ) دا
لەکونجی حوجرەی مەنگ وکپ و چۆڵێدا
چرایەك لە حەرف ئەخولقێنم
خۆرێك ............لە شیعر ئەروێنم .

---

# لەتێ لە سێوەکەی حەوا

**(ئافرەت زەریایەکی بەرینە ...تۆ چەندت لە کات وتوانا پێویستە**
**تا زەریایەك هەزم بکەی)**

**فەلسەفە**
**لەخەونمدا دەستێکی بڕاو بووم**
**زەرد هەڵدەگەرام**
**لە کەنارەکانی بێ متمانەیی و تەنیاییدا**
**شین دەچوومەوە**
**لە پەراوێز بوونی ئاهەکانم**
**لەدەستوورە رەهاکانی پابەند بوون**
**بە ئاولە خەفە کراوەکانی**
**رم و ئاوزەنگ و خەلیفەوە**
**لە خەونمدا کانییەکی بەخشندە بووم**
**لە ملوانکە پچراوەکانی گوناهەوە**
**فێری دەرسی تینوێتی بووم**
**لە سەر گەرمی سروشتێکی بێهوودەوە**



**گەیشتمە یەکەم پایەی هەڵقرچان**
**بە سەر دۆگماکانی هزرو هێما شێواوەکانی میتۆدا**
**تەمێك بووم لە مەراقەکانی حەرام**
**بە سەر کوڵبێنە خامۆشەکانی مێژوودا ... رادەکشام**
**بەرەو رەشماڵی شری ..دایکە حەوا**
**لێواو لێولە کوانوە هەڵقرچاوەکانی سەعیرەوە**
**بەرەو جەنگی ئەنگوستە چاوێ**
**ماچی خۆری پێ مۆر ناکرێ**
**لەو چوار چێوەی دەستە ئەژنۆ بوونی خورپەدا**
**لە  تەقینەوەی یەکەم دڵۆپە شیری پیرۆزی**
**دایکایەتییدا**
**من وسێوو ئەهریمەن ...**
**بووین بە سێکوچکەی یەك تاوان**
**لەزەمەنی ئەو جەنگڵانەوە هاتووم**
**کەهەناسەی داد هەڵنامژن**
**لەچاخی دەفرە شکاوەکانی هەرەسەوە**
**سۆزی زریکەی پەرییەکم هەلگرتووە**
**لە عورفەکانی غیرەت وگومانی ژەنگندا**
**تا کرمۆل بوونی سێوی پیرۆز**
**تەسلیم بەدیباجە گلاوەکانی قەناعەت بوو .**
**درەنگییەکان ...**

هێدی هێدی لە نەرمەی مەچەکم  دەئالێن
بمنووسەوە
من یاداشتی پیلانێکم ... لە گەردنی خەنجەرا
من دەخالەتی نازێکی پەپوولەییم
چقڵە سمێلەکانی داستانی هەزارو یەك شەوە
بە بیانووی گوڵ ... چواردەورەیان لێ تەنیوم
میحرابەکان ...بەدەنوکی سەرزەنیشت
کاسەی بێدەنگیم دەنۆشن
شاعیران ..جەستەو ڕۆح و هەناسەشم دەشێوێنن
خواش ..بەحیکمەتی لەتە سێوێ
سزای ئەبەدیم دەدات
حەرفەکانی فەرهەنگی من هەرچەقۆن و
لە گەردنی کەچی مێژووی بێتواناییم
دەقیان گرتوە لە سەبووریم .
بمنووسەوە
بە تەسلیم بوون بەم پرشنگە رەنگەکانم ناچنەوە
وێنەکانیش لە ئەوکمدا
قەد بە تاسە شی نابنەوە
نە پێوانەکان لەگەڵما دێن
نە بارستاییەکان هەڵمدەگرن
ئاخۆ لە مەکۆی کام ویژدانی پر تاسەدا



جێیەکم بۆ دەکەنەوە .
بمنووسەوە
رەنگەکانم چەندە گەش بن
لە ژێر سنگی تارماییدا رەش دەچنەوە
لە هەستێکدا لەنگەرم گرت
کە قەڵەم تەرجەمەی ناکات
کەتەنیایی لەو سێبەری خۆی بەولاوە .........
چی شك نابات
لە پرسەی عەناسە کوژراوەکانمەوە
کلۆ........ کلۆ
دەستی سڕی پارچەکانم دەگرمەوە
کلتوورەکان ..لە خۆلەمێشی جەستەی هەڵقرچاومەوە
دەمامکێ دروست دەکەن
بۆ راو نانم لە بوونی خۆم
لەدێرە تەزیوەکانی شیعر دەپارێمەوە
لە سەر قاڵی بوونیان بە ئەفسانەیەکی بێ سەرو بنەوە
کەجێم دێڵن
با هەناسەم بە ناکامی تیرۆر نەکەن
با عەورەتی پەندەکانم داپۆشن
مناڵدانی فەلسەفەکان ..بۆر دەچنەوە لە حەسرەتم
هەستێك لە رەحمی تاریکیەوە ... دێتە ئارا

چۆڕەی دێ لە ئوفتادەیی و
ئەرژێتە دەفرە کەوەکانی ئیفلیج بوون
هەستیك بەساوایی کەمئەندام
اە هەڵدێرەکانی مەست بووندا ...
دەستی خۆ کوژی ماچ ئەکا
کۆیلایەتیم ..لە هەڵقەی گوێوە دەستی پێکرد
لەکەناری خشڵ و نەخشا لەنگەری بەست
ئای لە باجی هەناسەم و
ترپەی دڵ و هەست کردنم
بەو رەهەندەی کە تەڵبەند بوو بە هێڵەکان
بووم بە رەوەندێکی سەرقاڵی بەتاڵییە
بە هەست و نەست کوژراوەکان .
ئای لە ئیقاعەکانی خەیا ڵ
لە پردە بێنازەکانی پەنجەی حەرام و
مۆری عەورەتدا
سەرم قاڵی نزایەکی تیر بارانی
فەتوایەکە لە ئەفیوندا .
ئەژنۆی شلی دەستوورەکان
بەرگەی سەنگی ترپەی دڵم ..ناگرن و
ناگرن و ناگرن
پارانەوەم لە ساباتی کێڵگەیەکی



با بردوودا کۆ بۆتەوە
بەم بارانە ..گوێ لە دەنگی نزام ناگرێت
تا ناسکتر دەبمەوە ..ئەو لاوازتر ئەچێتەوە
کە یاخیش بووم
لە ژێر شەرعی مۆن بوونەوەی بازوویەکی
تێك سمراوا
بە هێڵی سوور
بە هێڵی رەش
بە هێڵی تیژ .. مەحکوم دەکرێم
لە بەندەرە لێك ترازاوەکانی فەنادا
وا لە قرچەی بێ دەنگی خۆم رادەچڵەکێم
ئای لە سوجدەکانی قەڵەم
هەتا ئێستا قەڵەمەکان بێ حاڵی بوون
پەیتا پەیتا ئەم سووتانە دەگێرنەوە
گەر بەمن بێ
حەرف بە حەرفی داستانەکان رەتکەمەوە
فڕینەکان بە سەر باڵی پەمەییدا لە باڵ بخەم
کەپرەکانی رۆمانسیەت هەڵتەکێنم
دووبارە بوون لە خەیاڵی مێژووی بەنگ کێش
لە لێشاوی بەحری وون بووی نەهامەتدا ببەستمەوە .
ئەوسا بزەم باڵئەگرێت و

لە سەر سنگما لەجێی تاوان شیعر ئەروێ
ئەوسا دەجاڵ با هەر بڵێ
لە لەتە سێوەکەی تری حەواوە
فەتوایەکی نوێم هێناوە .
دەڵێن گوایە
لەتێك لە سێوەمکەی حەوا ماوە
لە هەر وەرزە بارانێکی نەرما
تێکەڵ بەبۆنی خاك دەبێت و
نەوای عیشق
بەرەو ئێوارەکانی مەست بوون دەبات
ئەڵێن گوایە
لەتێك لە سێوەکەی حەوا ماوە
بۆنی خەواڵوویی ئادەم نەبێ
بۆنی چەرمی هەموو غەدرەکانی لێدێت
منیش ئەڵێم
لەتێك لە سێوەکەی حەوا ماوە
هەموو شەوێك پەپوولەیەك
راپۆرتی سووتانی عاشقێکی بۆ دەبات
ئای لە سێوەکەی حەوا
وای لە سێوەکەی حەوا
ئەمە چەقۆی چ غەدرێ بوو



بەمێژووی گەردنمەوە ئاڵا
چۆن بە مێژووی گەردنمەوە
بووبە ئاڵا .

# ماڵی شیعر

**بەو شاعیرانەی هەتا ئێستا بەرسیلەن بەسەر کەپرەکانی خەونەوە ،کە بە خۆری حەقیقەت پێ دەگەن وەهەمان شت بە خۆری حەقیقەت ووشك هەڵدەگەرێن...........پێشکەشە**

ئێوارەیەك ...کەدەچیتە ماڵی شیعر
برێك هەناسە لە بۆنی نیشتمان
مشتێك قەزوان لەرەنگی قەتماغەو
گەروویەك سەدا لەرەگەزی عەزرەت و
تۆزقاڵێ خەونی ئاسوودە
بۆپەریەکانی مەداری یۆتۆپیا
بە دیاری ببە .
ئێوارە ساتێکی درەنگ
کە دەچیتە ماڵی شیعر
نە دایکێك ..پڕ بە فەرهەنگی دڵ
لەسەر کاتژمێرە بێ ئۆقرەکانی چاوەنواریدا



تارماییەکانی سەرەرێت بۆ پەی دەکا ..!
نەنازدارێك
بزەیەکی شەرابی دەرێژێتە توێی
جامە تۆزاویەکانی ماندووبوون و
نە زارۆیەك .. بەشاگەشکەی ( بابە  بابە )
شەپۆلێك هاوار
دەداتە بەر دەهۆڵی سفتی بزێوی .
گەدەگەیتە ماڵی شیعر
نەدەروازەیەك قووتت دەداو
نەنیگایەك پێشوازیت لێ دەکا
نەسەدایەك
نە بزماری هەڕەشەیەك
بە دیوارە ژەنگنەکانی حەزەرەوە دەتپێکێ
نە چاو سوور کردنەوەیەك
نەروویەکی گرژ ، نەمۆن ، نەگەش
چەند خاڵی یە ماڵی شیعر ..!
کەدەگەیتە ماڵی شیعر
شەبەنگێك لە خەونەکانی مناڵی و
زەق بوونەوەی سیمای بەساڵاچووی پرسیار
چۆن رەهێلەیەکی بەتەوژم
لەکەنداوە رەشەکانی رۆحتەوە هەڵدەکات

که تووڕه دەبێت ...دەچێتەوە سەر ڕەگی گڕکان
که دەسووتێت ...قامەتی عەشقی لێ دەنیشێ
که لەناو برگەکانی گوماندا هەڵدەوەرێ
وەك گەڵایەکی پاییزە
پێکێ لە هەوەڵ باران و
چنگێ مەزە لە بۆنی خاك هەڵئەدات و
بەسەر دەما لێی دەکەوێ ،
که دەگاتە تخووبەکانی لێکدانەوە
بە خۆی دەڵێ
چۆن کووچە تەنگەبەرەکانی
ئەم شارەت پێ خەتم کرا ؟!
لە قافی تەسکینی چ شەوێکدا بەهەڵەدا چوویت ؟!
لە پیاسەی کام شەقامی ژێر باراندا
ئاڵای تەسلیم بوونت هەڵکرد ؟!
نەونیگاری چ شۆخێکت حەرف بەحەرفی لەبەرەو
ڕەنگی چ باخچەیەکی پەراوێز کراوت
بە ئەنقەست .. لە بیری خۆت بردۆتەوە ؟ !
مۆری کام حەسرەتت بە نهێنی بەخشی بە با
لە بوومە لەرزەی چ شپرزەییەکەوە هەڵاتوویت .؟
ئای چەند بە بیانووە ماڵی شیعر.. !
که دەچیتە ماڵی شیعر



دەبیت بە هاوەڵی چرایەك
هێندەی سیناریۆ تەزیوەکانی تەمەن
خەواڵوو ........
هێندەی بادە ئەرخەوانی یەکانی خەون
دوورە دەست
دەریایەکی سەرەو نخوون لە ژوورسەرتا
هاژەی دێت و
خوانێك لە خەیاڵ و سفرەیەك لە تەنیایی
پەرداخێك لە باوێشك دان و
کڵاوێنێکی ئاگرین
بەدووی دەنکە هەنارەکانی ووشەدا
گرەوێك لە میروە شکاوەکانی حەرف
چەند هەژارە ماڵی شیعر ..!

که دەچیتە ماڵی شیعر
لە قەدەری خامۆشی ئاگرینەوە
دەق بە دیار ئەو ئارامەوە دەگریت
که بەر لە خۆشەویستی هەڵدەپرووکێت
شۆر دەبیتە عیشقێکی سەراپاشێت
بە پەیامێکی ئاوڵەمەوە
بەخاچی نائارامی بەتڵە شەوەوە هەڵدەواسرێی

بەرلەهەناسەی یاخی بوون
لە دوو ڕمی دەروازەی  هەڕەشەدا
بەبنارە شێدارەکانی حیکمەتەوە
لەو بازووانەوە ..کە ئارەقەیان
بە سەر دیواری تەمەندیدەی حەرفەوە بەجێ ماون
لە مەراسیمە کوێرەکانی شەریعەتێکی پێکوڕەوە
سەر هەڵدەبڕیت
لە رووی ئەو بتخانەیەی ...کەبتەکانی
بە رابردوو پێ دەکەنن
لە داهاتوو تووڕە دەبن
لە ژێر ئەو چرایەی گەمە بەباڵەکانی تاریکی دەکات
رەش رەش دەچیتەوە و
دەرشێیتە سەر کفنێك لە کاغەز .
چەند دڵرەق و ژەهراوییە ماڵی شیعر ..!

واتەرمەکەت
لەژێر تەقەی چاپەمەنی دەزگایەکا خۆشە دەکرێ
وا لە گەورەترین دەروازەی شارا
لە سەر شۆستەی هەراجخانەی
بەرتەسکترین دووکانی بازارا
لەگەڵ جووتێ گوارەی قەڵپ و



دوو دڵۆپە فرمێسکی قەتیس ماوتا
مەزات دەکرێی
لەسەر نووکی رمی سەوەی بێ ویژدانا
بە ناکامی هەڵدەکورمێی
هاوار دەکەن
ئەوە ئاوێنە شکاوەکانی تەرمی شاعیرێکە
هەرزانمان کرد
حەماڵێکیش .. لە کەڵبەی بازارێکی برسییەوە
بە زەبری حەسرەت سەر هەڵگرتوو
بەدەم نسرمە شێدارەکانی خەیاڵەوە
بێ باکانە ..شەقێکت تێ هەڵئەدات و
دێتەوە خۆ و...
داوای لێ بوردن لە فرۆشیارەکەت دەکات
هەرزە کارێ  سەر لێ شێواو
بەدەم یەکەم نەخشەی عیشقەوە
بۆفریو دانی  کچۆڵەیەکی نەوبناغە
رۆحت دەکاتە بەلەمێکی پڕ لەپیلان
تۆو فرۆشێ..بۆلەتێ نان
لە نێو چەقی بازاڕێکی ئاپۆڕەدا
تابۆی بکرێ
لوولت ئەداو      لوولت ئەدا

هەتا هەر چی شیری دایکتە
وەك بروسکە لەچاوتەوە دەرئەپەڕێ
چی بارانی نیشتمانە
لە سەرتەوە دائەچۆڕێ
هەرچی پیاسەی نێو شەقامی ئێوارانتە
لە ئەژنۆت و چوار پەلتەوە
چی گومانە لە بەر دەرگای حەقیقەتدا
لەگیانتەوە هەڵئەقوڵێ
پاش چەند قەرنێك
لەژێر ساباتی خەونێکی شوشەیی دا
لە گەردنی بێ ئارەقەی
تامەزرۆیی کپ و مەنگی عاشقێکدا
بێ سەرانە دادەگیرسێی
چۆن وەحشەتی خەوالۆویی دایدەگرێت و
لە بەر خۆیەوە دەڵێ:
ئاوەدان بێ ماڵی شیعر ...
چەند جوانە ماڵی شیعر ..!



## من و نەورەس .. دووکەنارو یەک زەریا

مۆڵەتم دە ئەی نەورەس
ئەمجارەیان ...........
لە نیشتمانی بێ سنووری تۆدا لە دایك دەبم ،
ئەمجارەیان بەسەرنیشتمانی گوڵ و
سنگی سەوزی ساکەدەشت و
قژی سپی پیرە شاخا .. هەڵئافرم ،
قوللەی بەساڵاچووی هیچ قەڵایەك
بورجی سەرئاپارتمانی هیچ شارێك
تەپۆلکەی هیچ ئۆردوویەکی خامۆش و
گمەی تەزیوی ڕۆحی فۆرماتکراوم
ناکەم بە سیمای کامەرانیم .
"من لە فڕین ناگەم و تۆ لەژیان"
من زەریام پێ شیناکرێتەوە و
تۆ حەرفەکانی مێژوو
من پاساوێك بۆ قەدەغەکان نادۆزمەوەو
تۆ نازناوێك بۆ ئازادی .. ئەی نەورەس .

چەند جاویدانن ئەو شەپۆلانەی لەژێر باڵتا
بەبێگەردی خۆیان غەوارە دەکەن
چەند بێ مننەتن ئەو گلۆڵە هەورانەی
بە یاوەری خۆر
کۆچێکی ئەزەلی بەناو ئەندێشەی فەزادا دەکەن
تا دەگەنە چینە ساردەکانی میحنەت
گۆرانیە نەمرەکانی گەڕانەوە دەچرن .
چەند ئاسودەیە ئەو رۆحەی ، وەك چنگێك لم
بەسەر رووپایی ئاودا دەپژێ و
تا ئەبەد کۆ ناکرێتەوە .
ئەی نەورەس ..
تۆ زەریا دەتکوژێت و من کەشتیەوانێکی نەزان
تۆ لەناو شەپۆڵدا وون دەبیت و
من لەناو لە کەشتییەکی بەساڵاچوودا
بۆگەن دەکەم
تۆ ئاو دەتپۆشێت و
من کەشتیەوانێکی تووڕە وسەرشێت
زەنخی پڕ لە هێڵنجم دەکات بە مێژوو
تۆ زەریا حەشرت دەکات و
من وەچەیەك دێن بەو هەموو زنخەوە
دەمکەن بە هێمایەکی تەنك



بەو هەموو بۆگەنیەوە
بەو هەموو قرچەی غەدرەوە
دەبمە پۆستەری هەڵواسراوی ژووری
سکرتێرەیەکی لنگ رووت .
بەو هەموو سێڵی برینەوە
بەو هەموو درزە نەوشکوفتەیەی سەرمەوە
بەو هەموو عەزرەتی ناحاڵیەمەوە
دەبمە مایەی شانازی و رمبازی و
سەدان هەزار بازی و نازی .
ئەی نەورەس تۆ یەکجار دەمریت
یەك جار رۆح بەدەستەوە دەدەیت
یەك جار دەچیتە زەریاوەو نقووم دەبیت .
ئەو زەریایەی کە لانك و شار وقەبرو
گشت جیهانتە ... ئەی نەورەس
من لە لانکدا دەکوژرێم .. تا بچمە جیهانی ئاوەدانی
لە ئاوەدانیدا دەخنکێم .. تابگەمە ماناکانی ئەفیون
لە ئەفیون دەگروێم .. تا بمبەنە مەڵبەندەکانی ئیدمان
لە مەڵبەندەکانی ئیدمان گوللەباران دەکرێم ...
تادەبم بە پیریی خەڵوەتگا
لە خەڵوەتگا سەردەبڕدرێم .. تا دەگەمە مەبەستەکانی قوربانی
بەو هەموو مەرگەشەوە هێندەی تۆ ئاسوودە نابم .

چەند ئاسوودەیت ئەی نەورەس !؟
نەسوێی بیرەوەریەکی ئاڵقەم
نەتاڵی یادگارێکی بەسەرچوو
نە ئیدمانی ژانەکانی نیشتمان و
نە موعتادەیی مەرگی غوربەت
نەشەوارەیی لەتێ نان و
نەنامەی کچێکی حەریفی ناحەلیف
نە گەرەلاوژێی سەرو .. نە سکوونی دڵ .
ئەمجارەیان باپێکەوە بفرین
چ سیناریۆیەکی بێ هاوتایە
ئاوابوونی گۆی خۆر
لە ئێخەی والای زەریاو
ئاوابوونی تۆ لە بازنەی ئاڵتوونی و
ئاوابوونی من لەفرینی تۆدا و
ئاوا بوونی تراجیدیا موقەددەسەکانیش
لە ناو هەموو .
مۆڵەتم دە ئەی نەورەس
با منیش نیشتمانێکم هەبێت لە باڵ
هەموو تاوێرە بەردێکی کەنارم لێ حەلاڵ کات
نەبادە دەروازەیەك بمبەخشێ بە نوغرۆ بوون
نەبادە دڵم لە مەیلێکی ئاگریندا هەڵپرووکێ



نەبادە سەرم بە رۆحێکی غەریبدا گوزەر بکات
حەلاڵم کە لەو کەنارەی هەموو سپێدانێك
قژی شانەکراوی شەپۆلەکان دەهۆنێتەوە
تا ناسنامەی سووتان لە لێویدا غەوارە بێ
سووتان .. ئەی نەورەس !!
لە فەرهەنگی تۆدا .. نەخۆڵەمێش
نە زووخاو نەپەنگرو نەبۆکرووز
بارگە ناخەن
ئەی تۆ چۆن بە بیرەوەریەکانی قەقنەسدا دەچیتەوە
کە نە ئەلف و بێی سومبل دەزانیت و
نەلەزمانی باران دەگەیت ..؟
مردن .. ئەی نەورەس !!
لە جیهانی تۆدا نە گۆرستان و
نەوەسیەتنامەو .. نەمیرات و ...
ئەی چۆن دەروازەت لە ژیان کردەوە
بێ ئەوەی لە مانای جاویدانی بگەیت ..؟
هەڵوەرین .. ئەی نەورەس !!
لە دەریادا نە بەهار سەوز دەپۆشێت و
نەپاییز
هەتا هەموو دەستە زێرینەکانی بەردەبنەوە
لە چەپڵە رێزان دەکەوێ

ئەی چۆن بە ساتە ئەزەلیەکاندا دەچیتەوە
کە هەموو زەمەن بە کەشێکی شێدارەوە هەڵواسرابێ
هەموو عومرت  بە دەریاوە کڵۆم دابێ
تۆ بە ئاوێنەیەکی شکاودا رانابووریت
تابزانیت پارچەکانی چەند پەشیمانن
لەو گرێبەستەی بەشۆکێك دوماهی هات .
تۆ .. قەڵەمێك بەسەر ناکەیتەوە
تا تێبگەیت ..
لەپای چی ئەم هەموو حوزنە دەرشێتەوە .؟
لەچاوی ئێمەی خەواڵوو
رشانەوەو .. درەوشانەوە هەریەك رەنگن
ئەویش رەنگکوێر
تۆ نازانیت  .......  بۆچی عیشق
بەو هەموو دۆڕانەوە ....  سەرکەوتنە
بەو هەموو سووتانەوە
بەو هەموو گرفتەوە
بەو هەموو رەهێڵەو سێڵ و زریانەوە
مۆمێکی ئاسوودەو هێمنە ؟
تۆ هێندەی مەراسیمەکانی ئێمە عومر ناکەیت
بەڵام هێندەی عومری ئێمە
بە کامەرانیدا رادەبووریت



هێندەی موقەددەسە شڕەکانی ئێمە
جوانی و بێگەردی دەبەخشیت
هێندەی مێژووی ئێمە
خۆشەویستی دەچنیتەوە
هێندەی هەموو فەلسەفە پەرپووتەکانمان
حیکمەت پەخش دەکەیت
هێندەی هەموو سیمفۆنیا بەرزەکانی ئێمە
دەفریت و
گوێ لە ئاوازی شاڵاو دەگری
ئێمەش بە بارتەقای ئەم هەمووە دەمرین و
بە تۆش دەڵێین لە ژیان ناگەی
ئەی نەورەس ... تۆ ئاسوودەی
بەڵام هەرگیز لە ژیان ناگەی
جا .. بتەوێت  ،  یان .. نەتەوێت
ئێمە لە ئاسوودەیی و .........
تۆش ......  لە ژیان ناگەیت !!!

# مەسیح بە لاپتۆپێکەوە دادەبەزێ

ئەوە زاهیدێکە .. منالْ ئاسا
بەدوای تاریفی حیکایەتخوانێکەوە
بەناو قارمۆمە زەردهەلگەراوەکانی حیکمەتدا
جلەوی ئەم هەورە پەنگخواردووە رادەکێشێ،
بەسەر گفتە نەزۆکەکانی حەسرەتێکی یاخیدا
کاروان   کاروان  ..... نوور دەبارێنێ
تا لە کەنارە بێ نازەکانی خۆشنوودیا .. بەڵێن بڕوێ.
قافڵەیەك رەنگ ، بە شەقامی زوهدی ئەم ئێوارەیەدا رادەبووری
هەر رەنگەو .. بۆ گوڵێ، مەلێ، بۆ هەورێکی لەخۆدابراو دەگەرێ.
هەموو بەدەم خەونێکی سەرمەدییەوە دەقمان گرت لەچاوەروانی
ژیان بە تەلْزگەی ئەم هەموو قەدەغەکراوەوە .. چی لە مەرگ
گەورەتربوو..؟
وەنەوز بەم هەموو کونجی حیرمانەوە..کوێی لە زیندان
روونا‌کتربوو ...؟
ئەوە حەزەری نەرمەرۆی نەغمەیەکە لە دلْی دابڕاوی وشکە
سۆفییەك



ئەوە شەرمی تابلۆیەکی نیوچە رووتە لە فەتوایەکی شەلاڵ بە
خەونی موتاب
ئەوە دوورە پەرێزی خامەیەکی بەدمەستە لە دورگەیەکی
فریوخواردوو بە متمانە
ئێمەی نووستووی سەرپشتی ئەسپێکی باڵدار .. هەشاماتی
کاروانێکی بێکۆتایی
مودمین بە خەوخۆشیو خلەفاو و بە ئارامیەکانی رەنگی ناڕەنگ
باربوو بە شانازیەکانی مێژوو ، شکستخواردوو لەهەڕەشەی
فەلسەفەکانو
ئێمەی زمان هەراشترینی نابینایانی گەردوونێکی نقووم ..تەریك.
ئێمەی ئەونامانەی ..غوبار دەمانلێیتەوە ..مۆرانە دەمانخوێنێتەوە
با ئەم زینە پڕمووررووە لە پشتی ئەم ئەسپەشێیە بتۆرێنین
خەونی ئەم کاروانە جێبێلین و..رێچکەی ئەم ئاسۆ رەنگرێژە
بنوشتێنین
لە چاوی خواوەندەکانەوە نوور بدزین و
بەو کتێبانەدا بچینەوە کە حەرفەکانی دەچنەوە سەر شیلەی گوڵ
لە فرمێسکە ئۆدیبیەکانی خۆمان بەتەنها دەستنوێژێك و
لەچریکەی شێداری دارستانێکی مەنگ ئێشکبگرین .
لە مۆنبوونەوەی توانجە ئاوساوەکان پاك بینەوەو
ئیدی نەدەینەسەر پرسەی پەلکە زێرینەکانی خەرابات

نەچینەوە سەر ئەو چاوانەی لەژێر کەپری ڕەنگە شەوکوێرەکاندا
هەڵتۆقیون .
نادەینە سەر ئەو مێژووە زەبەلاحەی فەخرە لەرزۆکەکانی بۆخۆی
بردو
پەراسوە شکاوەکانی خۆیشی بەدەستە چرچەکانمان بگرێتەوە .
کە تریفە لە ڕەحمی خەرمانەی مانگە شەوەوە ترازا
(زۆربا و حەللاج) دوو یاخی بوون ،دوو قەلەندەری کەشکۆڵ لە
شان
دوو ئیمامی لە عورفە دەستکردەکانی زەمەن بە ناحەق دەرکراو
ئەمیان بە زیکری ناغافڵی (ئەنەلحەق) ناوی ناو
ئەویان بەسەما سەرشێتەکانی بێتان‌وپۆی نەمری
بەچارەنووسێکی دلارام و ناوازەیان ناساند
بەڵام چی بە سیحنەتەکانی شمشێر بڵێین
ئەم هەموو مێژووەی بڕی و  ئەم هەموو سنوورە دەستکردەی
سەپاندو
بۆنی دڕنیی ئەم هەموو غرورەی لە ناخماندا تۆخکردەوە
کەچی نەبوو ڕۆژێ لەفەرهەنگی خەواڵووی چاوەکانیا
جێدەستی حەرفێ لەپەشیمانی تاکە دەستێك بخوێنمەوە ..
لە کاڵانی ژەنگنیشدا .. خەونێ بە لێبوردەیی هەر تابۆ بوو ..
بە هێلانەی بێ سەدای کۆترێکی شەرمندا ڕابببووره
لە فەرهەنگی ئەودا فەزایەك لە ڕووناکی ئەبەدی و



خۆشەویستیەك .. قووڵتر لە خەونەکانی ئەرخەوان و
جێ پەنجەیەك کە گومانی تیادا بنوێ ، نایبینیەوە
هەربەتەنها  تەنگەی بارمتە بەنانی  مرۆڤە
پڕە لە کاژمێرە بەراییەکانی بوومەلەرزە
پڕە لە دەمامکە هەڵپڕووکاوەکانی تاناتۆس
پڕە لە پەرستنی هەزاران خواو .. نەناسینی هیچ  یەکێکیان
ئێمەی پڕ لە دەنگۆ شکستەکانی دەجاڵ
ئێمەی چاوەڕوانی هاتنی گۆدۆی وەهم و
دەجاڵی هەمیشە نووستوو
دەجاڵی برسی‌و ..لەگرەوە دۆڕاوەکانی خۆی  هەڵهاتوو
ئێمەی  هەمیشە چاوروانی فڕیودەرێکی تر
تا عەبای ڕەشی مێژوومان بەشان داداو
دیسانەوە لە بەردەمیا سەر بەنگکێش‌و گرمۆڵە بین .
کێ زەمەن لە رابردووی خۆی پەشیمان دەکاتەوە
کێ مێژوو بەم هەموو سیمای ئازارەوە دادگایی دەکات
کێ ئەم هەموو داستانە لەم بخوردانە ژەنگنانە هەڵدەکۆڵێ‌و
کێ ئەم هەموو کاهینە بەدەمەستە  بەدرۆ دەخاتەوە .
بۆ ئەوەی فەزا لە نێوانی قەزاو کۆپەرنیکۆسدا
سیمای زەردی هەڵنەکۆڵرێ
بۆ ئەوەی منداڵێك ...لە ئامێزی گوڵێکی نەوشکوفتەدا
لە ساڵیادی بۆنی سێودا هەڵنەکرووزێ

بۆ ئەوەی (هەمین و دۆعاکان) .. بەحوکمی مۆدیلی ڕەش و سپی
بەردەباران نەکرێن
بۆ ئەوەی تفەنگ بنوێ و قەڵەم لە جێی ئێشگبگرێ ,
بۆ ئەوەی کەس لە چاوەڕوانی دەجاڵدا
سەرشێتانە بە هەنیسکی گەرمی خۆیەوە نەئاڵێت و
لەکەناری گەردووندا بەبێنازی نەمرێ
بۆ ئەوەی نیشتمان ..جارێکی تر
بەسەر کورسیە بریقەدارەکانا هەراج نەکرێت
بۆ ئەوەی سەماکەرە لەناو نەغمە شێتەکانی خۆیدا نەکوژرێ
بۆ ئەوەی شمشێر
بەدەستی گوڵەبەیبوونەکانەوە شەرمەندانە..دادگایی بکرێ
بۆ ئەوەی رووناکی ڕۆح ..
لەترپەی دڵی خواوە .. بگاتە دوورترین دێ
(مەهدی) بەکەمانجەیەکەوە دێو ..
(مەسیح) بە لاپتۆپێکەوە دادەبەزێ .



## مین لە وشە

هەر وشەیەك
لە شەوانی تەقەی چاپی ناتەبایی
سنگی دەفتەرە شڕەکانی
درۆی ڕەشی ئیمزا ئەکرد
ئێستاکە مرد .
هەر هۆنراوێك
لە ژێر چەتری زوڕناژەن و
دەهۆڵکوتی تەفرەو ریا،
وەك‌و ماری فەقیرهیندی
بێ هوودانە ..سەمای ئەکرد
ئێستاکە مرد،
هەر نەغمەیەك
بە پەراسووە سووتاوەکانی
مێژووی عیشق
چاوی زەقی مۆمیا درندەکانی..
کل ئەکرد ،
ئێستاکەمرد .

تۆ بۆ ماوی .....؟

تۆ   تۆ   تۆ   تۆ ..!؟

تۆ ئەی شیعرە بچووکەکە

تۆ ئەی میکرفۆنە پووکەکە

تۆ ئەی هەمانە سووکەکەی

هەموو شەویَ

لەسەر شاشە عەبرەتەکەی

جەخت کرابوو  لە خوێنی کورد

بیَ شەرمانە

دەما دەمار بوونی خۆتت ریسوا دەکرد



## نەوای بەرزەخ

ئەی ساتە درەنگەکانی ئێواران

ئەی گەرداوی خەونە دێوەرەکانی

سەری تەمەنی تۆز لیَ نیشتووم

ئەی چوارچێوەی رەنگ سواوی

چاوەنواری ..

سەراپا گشت رۆژانی هەلْقرچانم

ئەی گۆرەپانی فراوانی دلْی تەنگم

ناو نیشانی تیغی یەکەم عیشقم لێتان ئەویَ

کە ئەستێرەو خۆرو زەوی .. لێك دابران

بەکام خولیا ..

بەدووی یەکدا کەوتنە دەوران ؟!

بەسامالْی بەرزی رۆح و

نەرمە گێژی تەلْسەمێکی پاییزەدا

بەسەر تابلۆ سورپالیەکانی

کەلْەکە زوخاوی متەق بەستەی ئازارێکا

هەلْزنام و سۆراخم کرد

ئاخۆ ئەبیَ شاری تەمی کۆنترین حەز

لەکام سوچی وێرانەی مێژوومدا هەڵتوتکابێ ؟!
لەژێرچاوی کام مۆمی پێش دەرفەت کوژراودا
سەنگی ئارامی .. پاش جمەی کوتابێ
شوێن پێیەکان ..کۆمەڵە ئەدرەسێکی خۆرسکن
هەموو رۆژێ دەبنە مۆرو ..
دەرژێنە ناو شۆستەو کۆڵان ودەرگی ماڵان
لە گۆی زەمینەی هەناسەی بێ پەروادا
لە بۆشایی ئاسمانی خەونە کولکراوەکاندا
کەشتی مات و سەرهەلگرتووی ماجەلانم
گەرامەوە.. بۆ هەمان جێ
دەسپەنجەیەك ئاماژەیە ..بۆ هەمان رێ
لەم گەشتەدا ..
ئاشنای گشت رێ و بانێ بووم
هەر غەریبی ئاسەواری چاوەکانتم
شیرین ئەمشەو
مێژوویەکی ئاگرینە لەگیانی عیشق
وابەسەر وێرانە خاکی دڵی فەرهادەوە
بێ وچان ..وەك وگڕکان
ریشەی هەموو ئازارێکی کوتاوەتە ژێر خاکی ناز
کوتکەکوێرەکانی گیانی نوشتاوی پەنهانیش
جارێ هەنگوینی پەنجەی رنۆکیان دەلێسنەوە



جارێکی تر
بە چزی شادەمارەکانی حەسرەتەوە.. رادەچڵەکێن
داترازان مۆدەیەکی ئەزەلیەو
چۆڕاوەتە ناو دەروونی هەر ئینسانێك
بادەی تاڵی دەستێنیانی بەکاوەخۆ
لە سەر مێزی هەراسانیو لێکدانەوەی ماڵاوایی
جێهێشتوە .
ئەی سەدای بەرزی دڵەکوتێی
ترپەی یەکەم موچرکەی حەز
خەونەکانم کۆچیان کردو
لە نێوەندی هەڵقرچانی دڵی خۆما
بە تەنیایی جێیان هێشتم
نا بەڵەدو ناشارەزای ئەم رێوبانە
ئاگرینەی نێو دڵی خۆمم
رچەریێەك بەدی ناکەم
بۆدەواریساتەکانی دڵنیاییم بباتەوە
کوچکە بەردێك نابینمەوە
شیلەی گڕی هەناسەکەم ..لەم بەرزەخە بکاتەوە
نامەی عیشقم برینێکە.. وابە سنگی تەمەنمەوە
بە هەڵاوی گڕی تاسەی هەزاران خەون
بەسەر ساتە پەرپووتەکانی وون بوونەوە

قەدەرێکە ..بە سەر سامی هەڵواسراون
مۆرانەی تاسەی سەبووریيش
کەپرە دەسکردەکانی تەمی نەهامەتیم هەڵدەکۆڵن
پەنجە سەرمەدیەکانی وەخت و ناوەخت
سەرە تاتکێی تەزووی لێکدانەوەم
ئەدەنە بەر پەرەمووچی
عیبرەتی لە یاسا بەدەر خنکاوم
یادگارەکان خاپوورگەی هەوارێکی بەجێماون
لە شاری ماچە ئازار نشینەکانی دێرە عومرێ
تۆزو گەردیدڵدانەوە
هێدی هێدی ڕەنگ ورووپان دائەپۆشێ
ڕەدەروازەی نزرگای دەربڕیندا
ووشەکانم لە یەك ئەشوێن
کول دەبنەوە
جەرگی زەقی هیچ مەبەستێك هەڵناکۆڵن
سەردەمێبوو ..شاتووی حەزم
دەمە داسی لە حەشارگەی ساتەکانماچەقاندبوو
وێنەی مۆمیای وەهمێکی زەق
لە پەنخەرەی هەناسەما
گڕەبایەك ..وەك و رایەخ
بەژێر مۆمی شەوگارمەوە راخرابوو



خەونەکانم بەفەتارەت چوون
بادەکانم بە نامرادی هەڵرشتن
ئەی تەمەنیساردو سرێبخووردانیدڵدانەوەم
ناچمەوە بۆ دێر هەواری یادگارەکان
بۆسووتانی فەریکە شێتی ئێواران
بۆ ئاکاری جێژوان و خۆشەویسنی
دیسانەوە نادەمە سەر شوێن پێیەکان
سەر ئاوێنە شکاوەکانی مەراق
بێ هوودە نیم
بەلامدەستی ماندووی ڕۆژگار
بە ئاسپایی لاپەرە هەڵدەداتەوە
بێهیچ ویستێك
مۆری ژانێك ئەنێتە نێو هەستی دڵ و
باجی ئەوێ..لە تلان و شەونخوونی
تا بۆی بلوێ ..خەمێك لە بیر بباتەوە .
مەبەستە بێ هاوتاکانی مەودای هێما
لێوی شەیدای بادەی پرشیار ..مەزەی وەلام
کۆرپەڵە بێ دەنگەکانی کۆشی خەون
ورك لە سۆفینیزمی شیعردەگرن
خولیایی مەراقێکە لە زام و سوێ
تەقینەوەو بەربوونەوەش کارەساتن

جەرگیان دەوێ .

عیشقی خوایی ..اێکدانەوەو بیر کردنەوە

چەند ساتێکن لە سەمفۆنیای ئەزەلی

دەلکێنە گوێی شەوانی پاش ماندوو بوون وحەسانەوە

شریتە دوورو درێژەکانی زەمەن دەبرن

پارچەپارچە

دەیانخەنە سەر پشتی شەو یا سنگی ڕۆژ .

لە بەرمۆدای خەونە خۆکردەکانی سەراپا حەسرەتا

خەم وحەز

دووجمکانەی منالدانی نێو ترپەی دلکێن

خۆڵە مێشی ساتە ئاوساوەکان

لە بێژنگی ئەزەل ئەدەن

لە ڕێتەریبەکانیجەنگڵی دوا نەهاتووی

سەرنجدان و تێرامانا

پەنخەکانم ..بێپەڕوا لە هەوارگەی کاغەزمدا

ئاکارە کوچکەکانی ورووژان

ئەخەنە بەر چاوی سەرسامی و ڕاچڵەکینم

ئینجا لە کوێرە سالانی تەمەنی بابوردەوە

راست دەبنەو

ئەکەونە بەر ئاوازی پیرە سازی ژێی هەناسەم .

ململانێی ژانەکانی سوتان و فەرامۆشی



لە گەردی سالانێکی تۆز لێ نیشتووم ئەکەنەوە

لە شاقەللەی بوون و بێزەمینەی

مەداری فەڕی بەخەون تەون کراوم

هەمووم بۆتە تەماشاو سەیر !

من لەساتەکانی بوونی خۆمەوە هەلگیرساوم

بەرەو شۆستە پێچراوەکانی گیانی شیعر

بەرەو کەپری بۆڵە ترێی وشەو و ورشە

بەرەو دار تێلە تەنکەکانی ژوان و تاسە

رەنگدانەوەی بەکرە دیوارە رووتەڵەکان

سنگی سافی تاوێرە بەرد

قەدی ووشکی کۆتەرە دار

بالم گرت و کەوتمە بەر دەرکی قەلای ئازار

با بپرسین ؟!

لە یەکەم تروسکەی راچەنین

لەهێما ئاوەژووەکانی خەو بینین

لە هەوارە نامۆکانی سات بەساتی خەوالوویی

نوسخەی نامە کوژراوەکان

لە سەر لۆچی تەمەن بردەی رەنگ وروومان

سادە ساردەکانی سەرکزی

نەرمەخەون.. دوودلی.. بێباکی

کلاورۆژنەی تاسەی بێئارامی

کەهەنووتی بێکۆتایی هەنسك و شەو
بێ ئیرادە توانەوە
لە کەناری هۆنراوە کورتەکانی رۆژنامەدا
تافی مەرگی دەسەڵات و
زیندووبوونەوەی سووتان
نۆتە دەمکوڵ ومزرەکانی ژێی گوناه
سەرسامیە بێدەنگەکانی برینی هەست
ئەمانەم هەموو کرد بە پرد
کەچی دەستی کردەوەشم ..هیچی نەگرت .
هۆمای عیشقییش
باڵی زیوینی خەونەکانی کردۆتەوە
بە ئاسمانی باڵای هەمان تافی ژانا
بێدەنگ..سەربەست..بێباك..پەرەواز
چی باڵداری هەناسەشە
بەدوایەوە پۆل پۆل دەکشێن
گەردو گوڵ و لایەلایەی سیحری بەیان
گیانی سڕبووی بە ئەفیونی بیم و نەریت
سەمای زۆربا
رشانەوەی شێتی بەدەم خێوی خەتا
پێکەنین بە هەڵوێستە نەزۆکەکان
گیرسانەوە بەدیواری دڵتەنگیدا



ژینی عاشق وەك و بورکان
مەرگی عیشقیش بە بێدەنگی
گەرخێوی عیشق بە ملەی کێوێکەوە بئاڵێ
سەری شێتی پێ هەڵدەگرێو
رووی مەلوولی ئەباتە ناو هەموو ماڵێ
دەستی سستی ناچاریشی
گیردەکاتە دەستە دەرگەی
هەر جادوو بازو نوشتەگەرو فەتاحفاڵێ
ساکارانە.. بێ بەریانە..بێباکانە
ئەنیشێتە خوانی درۆی ساردو سری هەر دەجاڵێ
ساتە ناسکەکانی تەمەن
لە گرووپی سەرشێتیدا گرێ ئەدرێن
شیعر ئەبێ بە ............
سووتانیش هەر بەردەوامە
کەژاوەکە قورقۆشمە...رێگەش سارا
سەرقافڵەی حەزی خەونە پیرۆزەکان
بە تویێی دڵێکدا دەگەرێن
وێزەی خەون و مێژووی ئاخی
دڵدارانی دێر زەمەنی تیا نوشتووە
باڵندە کۆچەریەکانی  ئەم وەرزەش
بە سەر دانەوێڵەی تاسەوە

چینەی‌پاکی دڵێك دەکەن
بسوێ لە فرمێسکی شیعر
بەرەو رۆحی پەریزادەی خەون
لەکاروانی دوا نەهاتووی پێچاو پێچی
رچە رێیەکی تینوو ...ئیتر بەسە
مۆری پەنجەی شەو ورۆژم هەڵگرتوە
لە بەرزەخی دڵێکەوە هەڵدەقوڵێم
دیوانێکی دەستە پاچەی
تیا نوستووە.



# ئەی ماسیە رەشەکەی بێهەرنگی

## عاشقت بووم

لە  سورمەی جیلوەداری جۆگەلەیەکی بەخشندەوە هەڵاتی ..
روون .. دەیروانیە  چەتری سپی هەورێکی ئاسۆی نارنجی‌و
خۆرنشینێکی ئاشنا بە دەهلیزەکانی زیندەیی ،
بەرووی گەڕانێکی ئاساییدا هەڵشاخایت
کە بڕیار بوو پێی هەستی‌و
بەدوای پێرستی ئەو ئەستێرە ورشەدارانەوە بوویت
کە مۆرێکی زیوینیان لە تەریکی چاوەکانتا هەڵکۆڵیبوو .
ئەوە تۆ بوویت .. ملوانکەیەکت لە کۆتر هەڵچنی‌و
بەگەردنی زەمەنەوەتکردو ..
کەچی قرشە چاوچنۆکەکانی بینی تاریکیی لێکیان هەڵوەشاندەوەو
لەو رۆژەوە سنوور وەهمەو ..
بە چاوی عیشق نەبێت (کەس نایبینێ) .
نە قاسیدێك .. نە هێمایەك .. نە بەڵەدێك یاوەرت بوو
هەموو ئەنگەڕەکانی دەریات بە عیشقی خۆت ئاشناکردو

ئەوە تۆ بوویت .. سەرمەستانە گوزەرت
بەناو خەونە وەنەوشەییەکانی سروشتدا کردو
گەڵایەکی لەخۆ باییت بە هەڵوەرینێکی ناوەختەوە شەتەکداو
عیشقت بە سواری نەبەردیەوە بردە قوڵاییەکانی زەریای ئەوین .
لەبیرمە .. بەر لە ماڵئاوایی روومەتی نیشتمانت ماچدەکردو ..
دەتەویست ئیقاعێکی تر بۆ زەمەن دارێژی و ..
نۆتەیەکی تر بە باڵای گەردوونەوە ببڕی.
ئەوان سەرقاڵی ئەلبۆمەکانی یادەوەری بوون‌و
تۆ لە درزەکانی خەونێکەوە دەتروانیە رەنگەکانی سبەی .
لە تان‌و پۆی ئەو گەمانە گەورەتر بووی
کە بەسەر (مرواری زیخ‌و چەودا)** رایاندەبوردو
بە باڵای بزورگی گەمەیەکەوە هەڵکشایت ،
لەژێر دەواری بەتڵە شەوی تاریکیدا
نەدەچویتە ژوانگەی یادە زیوینەکانی بای هەرەس .
پەریە رەنگاڵییەکانی سەر گابەردە بەساڵاچوەکانی
تاڤگەی سەرکێشی هەڵەت بە هەڵەت
سرۆشی ئەوەیان پێدابوویت
((نیشتمان  لە جۆگەلەیەك گەورەترە
کە ماسی، ماسی تێدا بخواو
قەوزە ببێتە فۆرمی ژیان ))
لە ناکاوا غەوارە بویت‌و



ئەوەتا هەموو نیشتمان ئاشنات بوون .
" نیشتمان !! "
لە فەرهەنگە ئەزەلیەکەی چاوی تۆدا
لە زاکیرەی پەرداخە چایەك بەجێمابوو
نیگەران بە ژەهرێکی کوشندە
بە گەردنی هەوەڵ بەهاری شارێکەوە دابڕا ،
تۆ لەوێوە دەتەویست راوچییان
هەتا دوایین لیمی زەریا پەلکێش بکەیت .
ئای نیشتمان .. عاشقبوون بە تۆ
چەندی دەوێ‌و .. من چیم ماوە ..؟!
ئای نیشتمان ..
کە لە مێردەزمەی خەوی چەند ساڵەی راست بووەوە .
بە هەزاران دەروێشی وەفایی ئاسای نابەڵەدو دابڕاوی
بەخۆوە دی‌و ..
نە سۆزێکی بۆ تەشیەکەی شیرین گیرساو .. نە راچڵەکی !
سواڵەتی لەسەفەربەجێماوی چەندین حاجی .. بە خۆوە دی‌و
نەگرێکوێرەی فەقیانەیەکی کردەوەو  ..
نە وتی بە بەختی خەواڵوو ....
نە راچڵەکی !
دڵی غەوارەبووی چەند نالی ئاوارەی نێو تاراوگەی
حەسرەت بە چاوی شارەزووری دی‌و

نەدڵی حەبیبەیەکی دایەوەو .. نە چرای حوجرەیەکی دواندو
نە لەم تۆزی هەموو غوربەتیە راچڵەکی !
ئەی نیشتمان " وا پیری بەرۆکی گرتین‌و
تۆش .. هەر دەست لە ساوا بوونت هەڵناگری‌و
هێشتا هەر ورك لەو ماسیە دەگری کە رۆحی ئاشنای
نوجدانێکی خەراباتی مەولانایەو
لە زەریای دیدەکانیا (ماهێکی نەو) قەتیس ماوەو .
بە پیری خدرزنەکەی خاکە خۆڵەوە دەڵێت
" ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا هەتاکەی حیرسی وێرانە***
لەگەڵ ئەم عشقبازانە .. بـڕۆ ئـازانە بازانـە"
ئەی پیرم! .. ئەی ماسیەکەی بیهرنگی
لە بەرسیلە نامەی دەستی قاسیدێك نیانتر بووی
دەتەویست گوێ لە ترپەی دڵی گەردوون بگری‌و ..
بۆ وەردەلاییەکانی فڕین .. فەزایەکی ترت خۆشە دەکرد .
عاشق بویت‌و .. لە بۆتەی ژانەکانی ئەبەدیەتدا
پەنات نەبردە بەر فنجانە سەرەنگونەکانی قاوەگرەوەو
لە ژێر پیتاڵە شڕەکانی حەسرەتدا
بە ساپیتەی کەپرە ژەنگنەکانی پێشهاتەوە نەنووسای .
مەرگت فێرکرد لەگەڵ ژیاندا ئاشت بێتەوەو
عاشقانە بووی بە داستان .
ماسیەکی پیر بۆی گێرامەوە



" ئەوە رۆحی بەرزی تۆیە بەسەر هەرچ بەردێکەوە نیشتبێ،
کردویە بە جاویدو دڵۆپەی مرواری ، ئەوە بۆیە سەدان چاخە،
پاشا چڵێسەکانی سەر تەختی فەنا لەسەرخشتەی پیلانێکی
ئاگریندا هەوڵدەدەن .. کەویتکەن‌و دەنـکە هەنارەکانی رۆحت
بکەن بە شەرابی جاویدانـی‌و بۆیانـاکرێ‌و .. لە تاوانا هەر بە
بەیدەقی شەترەنجەکانیانەوە دەنازن‌و. فێریش نەبوون .. رۆح
بدەن‌و بەخشندەیی هەڵگرنەوە".
گوڵە کەناریەکانی دەمی جۆگەلەیەکی فەرزەند
بە هۆڕەیەکی گەرمیانیانەوە دەیانچڕی
چۆن ئەو هەموو رۆحە گومرایەت بە بێدەنگی کۆکردەوەو
سەر لە نوێوە بە ژیانیانت ئاشناکرد
ئەوە تۆ بویت بەختگرەوەو خەوناسەکانت
لە فەرهەنگی بێگەردی عیشق وەدەرناو
گەردوگوڵێکی زیوینت بە عاشقان بەخشی‌و
بتەکانت راسپارد لە درزەکانی خۆیانەوە
فێری داتراشان‌و هەڵوەرین بن .
ئەی ماسیە رەشە بچکۆڵەکەی
بە نیو سەدە بەر لە ئێستا
لە شوشە مەرەکەبەکەی (صەمەد)ەوە
بەربوویتە ناو زەریای گیانم‌و
هەموو شەوێ بەکاوەخۆ

پەرداخێ لە شەرابی دەنکە هەنارەکانی رۆحتو
مەزەیەکی مزر لە خەون هەڵدەگریتو
بۆ پەنایەکی ئاسوودە بە خوێنما گوزەر دەکەی .
عاشقت بووم
ئەی ماسیە رەشە بچکۆلەکە
فەرزندانە .. عاشقت بووم .

(١/ رێبەندانی/ ٢٧٠٩)

---

★ صەمدی بهرنگی ، وەك نوسەرێکی پێشکەوتنخوازو تێکۆشەرێکی نەبەزی ئازەربایجانی ئێران بوو، هەروەها مامۆستایەکی دڵسۆزیش بوو، خزمەتی منداڵانی قوتابخانەو گەلەکەی دەکرد، لەو پێناوەشدا گیانی لا لەهەموو شتێك هەرزانتر بوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو کوشتیان .. خنکاندیان، گوتیان مەلەی نەزانیوەو بێبڕ چۆتە ناو ئاوەوە، ئەمەیان درۆ بوو، چونکە (صمد) پیاوێکی هێندە ساویلکە نەبوو تا وا بە ئاسانی خۆی رادەستی قەدەری ئاو بکا، هەندێکی تریشیان وتیان " ویستوویەتی بەمەلە بپەڕێتەوە بۆ ئەو دیو سنوور. ئەمەشیان هەر درۆیەکی هەڵبەستراو بوو. بۆ داپۆشینی ئەو تاوانە زۆر درۆی تریان کرد، بەڵام کەس باوەڕی پێنەکردن ، تەنیا ئەوەنەبێ کە (صمد) خەباتگێرێکی دڵسۆز بوو بۆیەو کوژرا . (عبدالکریم شێخانی ١٩٧٨)

★★ لە دێرە شیعری (جوانی بێ نیگا)ی گۆرانی شاعیرەوە وەرگیراوە .

★★★ دێرێکە لە شیعری نالی



## دڵێک .. موعتادە بەنووزەی نەوی

دڵی راوچی
ئەستێرەیەکی تاریکە لە قورقۆشم،
لەجیاتی خۆر ، لە فەزایەکی بێ وێنەدا
بەدەوری هەناسەی نێچیرێکی غافڵدا
خولگە دەبڕێ.
چوار وەرزەی بارانێکە لەکپی
ئەفسانەیەکە لەبێدەنگی
لەکاتژمێرە وەڕسەکانی چاوەنوارِی
ئاسمانێکی گیرساو بە قەفەس
زەوییەکی چنراو بەرۆحی باڵندە
عومرێکی دەفگرتوو بەمەرگی ئەوانی ترەوە
نەخشێنراو بە پلووکە بەردی مناڵی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەو دڵە قورقۆشمینەی کە هەمیشە چاوبگێرە
لەوەچەی شاخێکی بەساڵاچووی ئاگرینە
درەختەکانی ئێسك و پروسك و

کانیەکانی شەلاڵن بەژەهر
ڕێساکانی دڵی ئەو
هیچ جوگرافیایەك نایگرێتەوە
نە خوێندنەوەی مێژوو
نە کیمیاو فەلەك و زانستێك .
******
دڵی ئەو بەتەنها
بەخوێنی نێچیرەکانی ترپەی دێ ،
شکاندنی باڵی فڕندەیەك
دەیباتە سەرگەرمیەکانی فڕین و
ئەولاتریش.
* * * * * * *
گورگ و ڕاوچی
دوو دڕندەی هاوکەڵکەڵەی یەك جەنگەڵن
ئەمیان دەستەکانی پڕە لە بۆنی باروت
ئەویان چاوەکانی تینوون بەڕەنگی خوێن،
کەچی هەرگیز پێکەوە هەڵناکەن
هەمیشە لەسێبەری یەکتری سڵدەکەنەوە،
ڕادەچڵەکێن.
* * * * * * *
ئەو تێناگات



منالٚ چۆن بەو دڵە بچووکەوە
نازی بووکەشووشە هەڵدەگرێ !
شوان چۆن بەو هەموو سەبرەوە
خزمەتی بەرخۆڵەکانی دەکات و
شمشاڵیان بۆ دەژەنێت و
سەگیان بۆ ڕادەگرێ !
کە خۆی بەهەناسەی نێچیرەکان
دەستنوێژ هەڵدەگرێ
لە پشتی تاپڕێکی پیری ژەنگنەوە
قەدقامەت دەبەستێ
بەتەنها سڵاو لەو فریشتانە دەکات
کە باڵندەیەکی تەریوی بۆدەنێرن.
* * * * * * *
گەر بەو بێ .. لەرۆژی دەنگدانا
دەنگ بەتانجیە ریوەڵەو بزۆزەکانی خۆی بدات .
ئەسپەشێکەی ببێت بەبەرپرسی جەنگەڵستان
سەگەکانی بەبۆن
هەواڵی تەڵان و بنبەردەکانی بۆ بهێنن
رچەرێیەکان مێژووی دەسکەوتەکانی
بەسەر ئاژەڵە کێویەکاندا بۆ بنووسن،
بەڵام ئەو لەچاوەڕوانی نێچیردایە

ئیتر میدیاش قورقۆشمینەو
نابێ کەس ورتەی لێوەبێ.

* * * * * * *

لەفەرهەنگی راوچیدا موزیك تاوانە
ئاهەنگ کوفرە.
هەرچیەك نێچیری بەستەزمان وەئاگابێنێ
"مووبیقەیە"
دڵی راوچی .. موعتادە بەنووزەی نێچیر.
کە دەتوانێت داوێك لە گوڵ بچنێ
پەتی سێدارەیەکیش لەکانی
گۆڕستانێك لە چاوەنواڕی تەیمان بکات.

* * * * * * *

ئەو هەمیشە ئیرەیی بە دوو کۆتردا دێتەوە
کە لە ئێوارەیەکا  تا بۆنی قاوە بڕدەکات
پێکەوە دەفڕن و لەکاتی نیشتنەوەشدا ..
ورد ورد بەدەنوك
ژێرمل و گەردنی یەکتری هەڵدەچنن.



# مانگ گیرانێک لەوێ ..بەخۆت دەچێ

**﴿هەر کۆمەڵگەیەك گەر بیەوێت هاوکات ئازادو نەزان بێت، شارستانی و نەخوێندەواربێت .. ئەوە داوای مەحال دەکات.﴾**
**"تۆماس جیفرسۆن"**

****************************************
****************

کەس نازانێ ...
باران کەی بەفەرهەنگی سەبووریدا چۆتەوە ..؟!
کێ دارستانی فێرکرد یادەوەریەکانی بۆ رووبار بنووسێتەوە ..؟
ئەستێرە .. بۆ لەچاوەروانی مەرگدا ژیان رۆشن دەکاتەوە ؟!
تەمەن چکە ئاورێکیش چیە ! لەدوای خۆی ناداتەوە.
چ داستانێکە .. گەر لە پای مەرگدا یەکتریمان خۆشبوێت !
ئاوا بوونێك لەناو دڵتا، یاخی ... لەخۆت دەچێت
چۆنی بوێ .. بەدەستی خۆت رەجمت دەکات .
لەوێ ، لەکەناری زەریاچەی گوماندا

ژەنەڕاڵێك لەژێر پەیكەری دارووخاوی ئازادیتدا
بەخۆت دەچێت .. بێباكانە سەرزەنیشتت دەكات ،
لەویٚ گاشەزنارێكی خوایی .. لووس  لووس
وەك زمانە بیٚ رۆحەكانی ئەم سەردەمە
بە سزای سیزیفت دەگەیێنیٚو
نیگەرانیەك لە شێوەی بەورێكی ئەرخەوانی
فێری وانە سەرمەدیەكانی ترس و دلێریت دەكات
دەتكات بە لێبوكێكی ژەهراونۆشی سێركی رۆژگار
"بدۆڕێنی ترسنۆكی و ... سەربكەوی زۆردار".
بەگەڕەكی ئاوابوونی عیشقدا رامەبوورە
لەویٚ زەوی شەشپاڵۆەو  خۆر بەخەمناكی هەڵدێت
لەویٚ كەس بەژیانەوە نانازیٚ ،
هەموو كار بۆمردن دەكەین
وەك هەمووش لێی دەترسین.
لەویٚ برسێتی لە پەیكەری نان باڵاترە
لەویٚ خەون تەفسیری بۆ هەیەو حەقیقەت پێشێلكردن.
لەویٚ خوڕافە سوارەو . زانست .. ئیفلیج، بیٚ ناز !
ئێمەی مناڵی گەڕەكی ئاوابوون
حەپەساو بەترسو رەنگ پەڕیو بەگومان
پەیكەرو بت ، دەروێشیو سیاسەت ،
پزیشكو جادووباز لێكناكەینەوە .



مەخابن .. هەموو رەنگەكانی دنیایان تێكەڵكردین
كەچی .. هەرسپی نەبووینەوە
هەموو رەنگەكانیان تێكەڵكردین
هەر رەشتر گیرساینەوە
لەویٚ تەریقیی هەڵكێشراوە لە ویژدانو
شەرم ئارەقە بە جەستە ناكات،
لەویٚ بەلەمەكان قورینەنو
دەمانچە لە كۆتر شیرینترەو
زەریامان پاساوێكی بێپایانی وشكەساڵی.
تەنها جاریٚ بە گەڕەكی گوماندا راببوری
چاوەكانت دەخنكێن بە خەونی تارمایی
بە لەزەتەكانی غەوارەبوون
بەوگەشتانەی لە بۆریچكەوە دەگەنە مناڵدانو
خولقاندن و پێگەیشتن و .. لەدایك بوون رەتدەكەنەوە.
گەیشتن بە هەوای سازگاری بوون رەتدەكەنەوە .
خەونەكانمان .. لە هەر كوێوە دەستپێبكەن
بەسەر جەستەی فاحیشەیەكدا رادەبوورن ..
لە فەرموودەیەكی پیرۆزدا لەنگەر دەگرن
لە پڕیەكانی جەهلەوە بەرەو بۆشاییەكانی عەدەم بەرێدەخرێن .
گەر پەردەكان راماڵرێن
ئێمە ناشرینترینی رووتەكانی مێژووین

گەر بەرگی حەقیقەت بپۆشین
ئێمە ناشرینترینی مرۆکانی شارستانیەتین
تا ئێستاش ..
لە مانگ گیران‌و دەرکەوتنی پۆلیس دەترسین .
هەر قوربانیەك قەراردەین ..خوا رەتیدەکاتەوە
هەر تاوانێك بە نیازبین ئەنجامیدەین
ئەهریمەن‌و فریشتەکانی شەڕ تەریق دەبنەوە ،
سەدان ساڵە..
لە سێبەرە شێدارەکانی بن دیواری شارێکی داروخاودا
بێهوودانە (دامە) دەکەین، کەچی .. هەر دۆڕاوین
هەر بەخواردنەوەی یەکتری داشمان سوارە.
تەشەر جوانترین سوورەتو
تەوس‌و هەڕەشە پاکترین وتارمانن ..
خوێندەوارمان هەر لە دەرگای حەرف دەداو
کەس بۆی ناکاتەوە
تا ئێستاش وا دەزانین
ترافیك لایت بۆ جوانیەو .. ریش هێمای حەزارەتە .
گوللە بە رووناکیەوە دەنێین
حەرفەکان نەقش دەکەین‌و ماناکانمان پێ شیناکرێتەوە .
بە گەڕەکی ئاوابوونی عیشقدا رامەبوورە .
لەوێ چاوەکان لە قاوەخانەکانەوە پلارت تێدەگرن



دەمەکان لە باخچەکانەوە پێت پێدەکەنن
جەلادەکان یاداشتەکانت دەخەنە تەنەکەی خۆڵەوە
خوا پەرستەکان لەمینبەرەکانەوە
بە وەکالەت هەڕەشەت لێدەکەن
موفتیەکان رووتتدەکەنەوەو ،گومراکان بەردەبارانت دەکەن .
لەوێ ..گەیشتن بە خۆشەویست قەدەغەیەو
بەگشت حۆریەکانت دەناسێنن ،
ئەوجا قەبرێکت لێ مارە دەکەن .
لەوێ شەمەندەفەری ئاشتی ..چەك بار دەکات
کۆتری سپی ..مەشق بە بکوژەکانی خۆی دەکات .
مامۆستای زانست مۆزیك دەژەنێت،
وانەی ئایین دەڵێتەوە ،
لە زمانی خۆت بترازێ
فێری هەموو زمانەکانت دەکات .
لەوێ .. لەگەڕەکی ئاوابوونی عیشقا
ئەگەر بمریت ..
بانگەوازو .. نوێژی جەنازەت بۆ دەکەن
لەرێورەسمێکی شایستەدا بەخاکت دەسپێرن
پرسەیەکی گەورەت بۆ سازدەکەن
هەموو سوورەتەکانی خوات بۆ دەخوێننەوە
چلەی ماتەمینیت بۆ دەگێڕن

پاقلاوەو چێشتت بۆ دەبەشنەوە
سالْیادت دەکەنەوە.
ئینجا نۆرەی منالْەکانت دێ
تا بە هەمان دەردیان بەرنەوە.



# تەیمور و هەوارگەکانی ئەهریمەن

شیعری : عادل ئەدهەم
و : عبدالرحیم سەرەڕۆ

(١)

لەبەتڵی بەسەرچووی دوایین شەودا
لەبەر دوا پڵیتەی چرایەکدا
پیرەمێردێك .. پیرەژنێك .. وەدەرکەوتن
منالێکی رەنگ پەڕیوی حەپەساو
پۆلە قەڵەرەشەکان ...
بەندەرەکانیان چۆلکردو
بەقیرەیان بێدەنگیان بڕی،
ئاگری سۆپاکان هێوڕ بوونەوە
لەنێوانی رۆشنایی دەروون‌و
تاریکی ویژداندا
زڕمەی تۆپەکان هەڵگیرسانەوە

(٢)

لەژێر نالْی ئەسپەکانیان

زەوی زەنازەنای بوو
ویژدان گیانی بەدەستەوەدا
گەرداوێك لەگوزەشتەی بێ شیمانە
ئەوان تەتەر بوون ...
لەپاشماوەکانی لەناوچوونەوە
بانگەوازیان دەکرد
بیانکوژن .. بیانبڕن
تا مردووەکان
لەئارامگاکانیان .. هەڵنەسنەوە
بۆ زۆرداری کردنی دووبارە لێمان

(٣)

داپیرەم وەئاگای هێنامەوە
لەکاتێکدا سیپاڵە کۆنەکانی
بۆ کۆدەکردمەوە ..
تافیلەیەکی گەورەو .. ساقۆیەکی بچووك
لەرەنگی سۆپای داری لەبەر کردم ..
هەموو هونەرەکانیان
بە بزمارە ژەنگنەکانەوە هەڵواسی
تا ..بوون رەتم بکاتەوەو
شوێنەوارەکانیش وون بن .

(٤)



لەژاوەژاوی بەندەری کۆچباردا
بەسەر بێ دەنگیەکانی باردا
دەنگ هەڵتوتکا
بەر لەئێستا ..
ئێمە توێشوویەك بووین
برسێتیمان بۆ خەبات سازدەدرا و
بوونمان ..
بڕیارێکی قورس‌و گرفتێکی گەورە بوو
بەرۆژی رووناك
ئەنگوستە چاویان بۆ هەڵکردین

(٥)

داپیرەم کێشای بەرووی خۆیدا
فرمێسکی خەمناکی بەکۆچباری ناوەختەوە
لەچاوانیەوە .. بەرەو لۆچەکانی روومەتی
رێچکەیان گرت .
رێگەکان .. هەنگاوەکانی قوتدەداین
مەرگ ..
ئامێزی بۆ دەکردینەوە
دوا گوێچکەی نانمان لێ بەجێما
دەستی لەرزیوم بەر سەری کوژراوان کەوت
کە خەباتی نەوەکان دایانکوتابوون

قوربانیەکی زۆر .. بۆ تەمەنێکی بێ هاوتا
لەسەر خاکی نیشتمانی برینداردا
تا.. لەمردنەوە
سەر لەنوێ ژیان هەڵکاتەوە

(٦)

لەسەردەمی کۆیلایەتیدا
بەزۆرە ملێ بردیانین
فەرامۆشی بەدەمە چەقۆی کولی چەتەکان
باوکی سەربڕیم
تا .. وەچە نەخاتەوە و
ساوای تازە لەدایکبوو .. نەزریکێنێ
تا .. مردووەکان ..
دووبارە ژیان نەخوێننەوە و
لەغوربەتی سەر لەنوێی نیشتماندا
نەبینەوە بەنەتەوە .

(٧)

مێگەلێك بووین .. لەئەنگوستەچاودا
پاش هاوێر کردن .. کۆکراینەوە
تفەنگەکان
گۆچانی دەستی شوانەکان بوون
لەسەر ساکە دەشتو چیای نیشتماندا



نەخشەی شەترەنجیان هەڵکۆڵی و
چەکی کۆکوژ
داشی یاری نەگریسیان بوو

(٨)

ئێمە بەر لەئێستاو
لەسفری زەمەندا
حیکایەتێکی جەرگبڕ بووین
ژنێك بەژان دەپلکێتەوە
منالێك ..
لەبرسانا پەنجەکانی خۆی هەڵدەمژیو
پەککەوتەیەك
لەڕاهی خوا .. لەمردن دەپاڕێتەوە
گەنجێك سۆراخی دەمامکێك دەکات
یان ئەشکەوتێك .. یان حەشارگەیەك
تا لەترسی جەللاد گرمۆڵ دەبێت .

(٩)

دەنگێکی زولاڵ
بەرووی مەرگەوە هەڵدەشاخێ
ئاخ .. تەیموور ، ئەی کوڕی شیرینم
تۆ لەکوێی
وا داپیرە .. لەلێواری بیرە ئاوێکی کوێرەوە بوودا

کرنۆش لەپێناوتا دەبات

بەناچاری

ملکەچی جەزرەبەکان بووە.

ئازار لەگوللەی ستەمکارانەوە مەچێژە

ئەی داپیرە گیان .. چاوەڕوانبە

ڕۆژێ دادێ

لەسەر قەبرەکانیان ئالاَ هەڵدەکەین

(١٠)

دەستەکانی کەوتنە بزوتن

ئەو هەر لەئەزەلەوە حەجاج بوە

بۆ ئەوەی لەناچوون

لەرۆحە کلۆڵەکاندا ... بچێنێ

چەرمی خۆشەکراوی زەوی شەق دەکات

جگە لەزریکەیەکی خامۆش

جگە لەوەرینی بەلەسەی

سەگە هارەکانی حەجاج

کوا دەنگ .. کوا وەلاَم ؟

(١١)

حەفتا منالێ بوون

مێگەلێکی پارچە .. پارچە

حەجاج ..!!



کانیلەی ژین وناموسی لێ زەوتکردین

لەسەر سینەی دایکە سەر سامەکاندا

ساوا بەرۆژوو بوو

ساوا کوژرا

تابەدەستێکی سوك و ریسوا بەخاك بسپێردرێ

(١٢)

ئەی کوڕەکەم

پێم بڵێ ..

کێ بریاری فەنابوونی دایت .

لێت ناگرم .. کە چەند بەکینەی

ئەی رەگەزی تەتەر

لێت دەپرسم .. ئایا وەك من بووی ؟!

لەبرسانا بەردت بەرێژ پشتێنەوە دەبەست

یان بەمەچەکی خوێناویەوە

لەترسانا ..

خۆت بە بەردە دەرپۆقیوەکانەوە هەڵدەواسی

پاش ئەوەی پەردەی گەمارۆ

لەسەر چاوەکانم لائەدەی

ئازاد بە ..

(١٣)

نوگرە سەلمان

ئەی گۆڕستانی زیندووان
ئەوە خوێن بوو
بەسەر دیوارەکانتا ڕێچکەی بەست
هەموو ڕەنگەکانی برین ..
بۆ بیرەوەریەکانی دوای (ژیان) نوسرانەوە
هۆزەکانی (قورەیرەو قونەینەقاع )
لەچۆڵیدا زیندەبەچاڵکران .
تا ئادەم .. لە ئارامگاکەیەوە
هاوارێ لێ هەڵساو
حەواش .. لەغوربەتیدا شینی گێرا

(١٤)

لەسەر کوێچکەی نانێکی بۆر
قامچی لەچوار لاوە گڕ دەگرێ
تا(مردن) ..خۆی دەکوژێتو
دەنگی حەق لەسەر مینبەرەکاندا
تێر دەنوێو
تا نوێژەکان لەلووت بەرزیدا
هەڵدەوەشێنەوە
هەر تەیموورو .. هەر تەیموور

(١٥)

گورگەکانی سارا بەزەییان پێتدا هاتەوە



ساکە دەشتەکان لەبەر هەنگاوەکانتا .
گیانی تۆیان دەدواند
چاوی چل چرا
کانیلەیەکی ئەشکی بەر لەئاوابوونی
بۆ ڕشتی
هەنسکی خنکاو .. هەر ئاخەو بانگی ئاخی دەکرد .
ڕەهێڵەیەك لەگیانەلاَی سوتاوا .
کوا ... کەسو کارم ..!؟
هەستێکی نیگەران بەوونبون .

(١٦)

تەیموور
لەخەونێکی ڕاستەقینەوە
لەسەر دەفرێکی قورینەی
گۆڕی بەکۆمەڵدا
ملوانکەیەکی زێرینت لەتیشکی خۆر هەڵچنی .

(١٧)

پەیامێك بۆ تۆ ..
ئەی نیشتمانی بریندارم
ئیتر گەرداوی ترس بەسەرچوو
چاومان بۆ ڕێگەیەکی دوور هەڵکرد

لەخامۆشیەکانی جیهاندا
جگە لەبۆنی بارووت
چیدی .. نەمایەوە
ئارامگای بێ پایان
لە هەڵقوڵانی زریکەوە
لە بەتلی هەر شەوێکی ئەنگوستەچاوەوە
رووناکیمان بۆدێ
نەڕەی نە بەردی
لەسەدان هەزار قوربانی خۆشەویستمان
بەرزدەبێتەوە .

(١٨)

دەستو ئالآمان بەرز راگرت
بۆ رۆشنایی خۆر ئاوێزانی یەکتری بووین
لەزریانی ناچاریدا
بۆ دەربازبوون لەبەندەییو
شکاندنی کۆتو سندم
سنورمان بەزاند
ئەوان مەرگی ئێمەیان پێ رەوا بوو
ئێمەش بوینە قوربانی چاویدانو
دوایین جار
پاڵپشتی بۆ نەبەردیو گەڕانەوە



سەری هەڵدا .

★ تەیمور : تاقە منالی کورد کە لەپرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا خۆی رزگارکردو هانای بردە بەرخێزانێکی عەرەبی سەماوە ، ئەوانیش بەوپەڕی ئەمانەتەوە چاودێریان کرد .

★ ئەم قەسیدەیە لە دوەمین فیستیڤاڵی لقی کەرکوکی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ – لەهۆڵی سارای کەرکوك بە عەرەبی لەلایەن خودی عادل ئەدهەمی شاعیرەوە لە ٢٠١٠/٤/١٠ خوێندرایەوە .

# سفری قەدەر لەخاراشەکانی ئاوێنەدا

دڵم پڕە لەخاراشی ئاوێنەو
وردەشووشەی ژێر پێی هەنگاوەکانی قەدەری
ئەم سەفەرە سەرهەڵگرتوەی دەروازە ئەزەلیەو..
سەرم هەورێکە لەنەرمەبروسکەی خەونەکانی
ئێوارانێکی چاوەڕێی ..
دەستو پەنجەیەکی شووشەیی
بە بۆنی سیحرباری قاوەیەکی عەسرانەوە
لەکاتی سوورهەڵگەرانی خۆر لەشەرمی
ئاوێزانبوونی دوو عاشق بەر لەتەمەنی باڵقبوون.
کە دەمویست ئەم نیگا ئەرخەوانیە
دەست بخاتە بینی تەنیاییم و
ئەم سەفەری سەرگەردانیەم بکوژێت ..
ئەو نەدەهاتەوە باری ئەوەی
کە هەندێك جار کوشتنیش فەزیڵەتە،
نەیدەزانی کە خەزان



گەر نیازی گواستنەوەی ڕۆحەکانی نەبێت
بۆ ڕازاندنەوەی وەرزی سەرمەدی هەمیشە بەهار
ڕووناکاتە هیچ باخچەیەكو نابێتە میوانی ناوەخت و کتوپڕ..،
سەر بەپەنجەرەی هیچ ئینجانەیەکدا ناکاتو
ویساڵی هیچ گەمەیەکی پڕ لەئەفسونەکانی ناکامی
ناگرێتە خۆ.
بارانی چاوم لە پێدەشتی عیشقێکی ناکاما
سروود بۆ لەدایکبوونی پێشوەختی
حەوت ڕەنگەکەی خۆر دەچڕێ
بە نیازی گەیشتن بە بۆنی کەنار،
تەمەنیش وێرای ئەوەی بڕ ناکا
بەباڵای نەمامی ئەگەرێکی ڕووتەوە هەڵواسراوە ..
درێژتر لە کەنارە ئاگرینەکانی بەرزەخ و
بەرینتر لەو باغانەی چاوەڕوانی قاسیدێك دەکەن
بە بادی خۆشنودییان ئاشنا بکاو
تۆوی کەستەنای موحیبەتیان تیا بچێنێ.
"سپارتاکۆسێك" فریشتە ئاسا
لەناو جەنگڵی ناخما دەجەنگێو
لەگەڵ ئەهریمەنێکی تەنگەستوردا
هەرگیز یەکتری نادەنەدەستی
قەدەرەکانی کۆتابوون.

هەمیشە لەززەت لە ململانێی ئەبەدی دەکەنەوە
نەسەرکەوتن شتێك دەخاتە سەر بێهوودەییەکانی ژیان و
نە شکستخواردن مانایەکی تر بەمەرگ دەبەخشێت.
ئەم سەمفۆنیا هەڵپێچراوەش
چاوەڕوانی گزنگ دەکات و
ماچی خۆرێکی دەوێت
دەمی یەکەم نۆتەی پێ بپشکوێ.
مێژووم سیخناخە بە ئاسەواری کینەوەکەڵوە
هەرچەند ناتوانێ
هێندەی  ئامێزی گەرمی دوو عاشق
دڵی ماندووی مرۆڤەکان داگیربکات
گەردوو عاشق توند یەکتری لە ئامێز نەگرن و
بەردەوامیەکانی ژین بە گەرمی ماچ ئاشنا نەکەن،
خۆریش دەمرێ و لەجیاتی رووناکی
غوربەت لە چاوەکانیەوە دەچۆرێ.
باخۆسم دی بەژێی سازێکەوە هەڵدەگەڕا
منالآنە .. گوێی بۆ  گۆرانیەکی کێوی راخستبوو
سرت .. سرت .. بەگەردەنی رۆحیەوە ئالآندبووی
باخۆسم دی جەستەی تژی بوو بوو لەخاچ ..
سەرقاڵی گیراوەیەکی تر بوو بۆ ئەکسیرەکانی مەستی
وەك وەفایی "خەرقەی لە گرۆی مەی نابوو"



دەیوت "سەفەر بە رێیان کوشندەیەو
بەخەونیش هەتا مردن ناکامی".
ئاوێنەم دی لە تافی شکاندابوو
ئەو ژنەی هەموو رۆژێك خۆی بۆ نمایش دەکرد
بەر لەنیازی فرێدانی پارچەکانی ..
لەبەر خۆیەوە دەیوت
"ئاوێنە تا بێدەنگە .. راستگۆیە ..
بەڵام هەر کە لەریەوە
ئیتر ئەستێرەیەکی بەسەر چووەو
دەچێتەوە سەر کلۆجەکانی خەنجەر"
ئاوێنە هەرگیز لە بوونی خۆی نادوێت
ئەو نازانێت رق بخاتە سەر زەخیرەکانی ئەمرۆو
بیکاتە هەوێنی خەمەکانی سبەی.
ئەو کە بۆتە سەدان پارچە
هێشتا دەڵێت ئەی بەرانبەر
هەر تۆ هەی .. باهەر تۆش هەبیت.
بوونی منتان بۆ چییە ؟؟!
گەر بۆ پڕکردنەوەی بوونی خۆتان نەبێت.
کە یەکەم ئاوێنە شکا
کە یەکەم ئاوێنە
وەك بەڵێنی پڕ نیگەرانی دووعاشق

هەپروون هەپروون
کەوتە ناو گۆمی نائومێدیەوەو
دیسانەوە لە پەنجەرەیەکی والآی بەردەم
مانگەشەوەوە
بە جوگرافیای فەزای فرمێسکی ناساندن.
کە پارچەکانی ئەم ئاوێنەیە
وەك تەرمی کۆچەرییەکی بەسالآچوو
سیخناخ بە قەدەرەکانی بێکەسی
لە وەشتەبارانی ئێوارەیەك هەڵگەڕاو
خۆی رادەستی قەدەرەکانی کۆچ کردو
موعتاد بوو بە تاراوگەو
لەوێوە هەموو پەیامەکانی بەرەو فەنابوون دەبرد
فەلەك هێشتا زەمەنی نەبووبوو.
هێشتا وەچەکانی قەدەری پڕگومانی نەخستبووەوە.
ئەی ئاوێنەی دولبەری ..رووت بێنە زولفت لادە
تۆ ..نەوەك هەر عومری من
عومری ئەزەلیشت بەبادا
هەر لەسفری قەدەرەوە
تا سفری پڕلەگومانی عاشقان
لە سفری قەدەردا هەموو روخسارەکانم بینی.
هەموو ئەو دلآنەم خوێندەوە



شەرم لە دێباجەکانی رووناکی دەکەن و
بەبچووکترین بڵێسەی خۆر
تا ئەبەد ژەهراوی دەبن.
ئای ئاوێنە "چیت نیشاندام؟!"
ئەو ژەنەڕالآنەی قارەمانەکانیان دەکوشت و
لەکەپڵە لەشفرۆشەکانیان دەتۆقین،
ئەو سیخورانەی کە گەپچاڕەییان بە قەڵەم دەهات و
چاودێری لاپەرە سپییەکانیان دەکرد، نەبادە سەما بکەن و
قەڵەمێك بۆن بنێ بەرۆحیانەوەو حەرفێکی تر لەدایك بێ.
شیعرێکی تر دەم بنێ بەگۆی مەمکی دیوانێکەوە.
ئەو جەنگاوەرانەی بەدیار رمێکی ژەنگنەوە
خەونیان بە خۆشەویشت و باغی سێوەکانەوە دەبینی.
خەونیان بەو منالآنەوە دەبینی
کە بە هەراسانی
ورکیان لەچرا خامۆشەکەی ژووری نووستن دەگرت
بۆ رەوینەوەی ترس
پەنایان دەبردە بەر حیکایەتەکانی هەتاوو
بێدارییان بە حینجەتەکانی
لەدایك بوونی برایەکی ترەوەدەبەست.
لە ئاوێنەدا ..بازرگانە شکۆدارەکان
هەموو شەوێ لەژێر سێبەری هەورێکی خۆڵەمێشییەوە

ياسايان لەگەڵ پترۆڵ و مس و فافۆندا ئاودیو دەكرد.
دارتاشە كارامەكان
بەدەم نووزەی پچڕپچڕی تەختەیەكی پووكەوە
لانكەیان بۆ بەخێوكردنی گیرفانی خۆیان دروستدەكرد
جەللادم دی بێباكانە..
دەستنوێژی بەخوێنی قوربانیانی دەگرت و
بیكاسۆی بەسواری كۆترەكەیەوە دەناردە دۆزەخ
بتم بینی .. فشەی بەرۆحدا دەهات و دەیوت ترشە.
توحفە فرۆشم دی .. گوارەكانی دەقۆستەوەو
گوێچكەكانی فڕیو دەدا
خورافەی كردبووە فەرهەنگ و
حیكمەتی بەو گەمژانە دەفرۆشتەوە
كە بە نەزانی سواری ئەسپی عەشق بوون و
وەك ناشارەزایەك لە ئاوزەنگیان داو
وەك قوربانیەك بە نۆتەكانی گۆرانیەوە ئالآن،
توحفەفرۆش لە بەردەم مەندیلی مورازا
هەر باسی ناپاكیەكانی قاروونی دەكردو
هیچی لەسەرشێتیەكانی بیتهۆڤن نەدەزانی.
كازانۆڤام دی .. لە ئەفرۆدەیت ئالآ بوو
بەسەرگەرمیی شەرابێكی هەنارییەوە
بەبیانوویەكی ئیفلیجی دەمەوەرەوە



داوای كاڵفامترین هەڵووژەی لێدەكرد
داوای بێ ئەزموونترین سێوی دەكرد،
ئەمیان شێتی نەویبوونی خرۆشیەكانی خودو
ئەویان هۆگری سەرپشتی ئەسپی عیففەت.
لە ساڵنامەی ئاوێنەدا .. رۆژانێكم بینی
كاهینەكان بە پێكەنینەوە
بناغەی بتخانەكانیان دادەناو
كۆیلەكان بەگریانەوە
سرووتەكانیان بەرێوە دەبرد.
ساڵنامەی عاشقێكم خوێندەوە
هەموو شەوەكانی هەر یەڵدا بوون
هەموو وەرزەكانی
هەر ترس لە هەڵكردنی ساتەكانی هەڵوەرین.
لەگەڕانەوە بۆ ئاڵوودەبوون بە تەنیایی
لەپیاسەی نائومێدی و حەوانەوەی دان بەخۆداگرتن.
لە ژیانی بێنازی ومردنی بێكەسی.
لە پارچەیەكی ئاوێنەدا
دوو كۆتری سپیم بینی
كە غوربەتی هێندە تەنگی پێهەڵچنیبوون
نەزەوییەك مابوو بۆ نیشتنەوەو
نە ئاسمانێكیان شك دەبرد بۆ فڕین

دووکۆتر بوون
یەکێکیان هێندەی رەنگی تێکرابوو
بووبوە تووتی
ئەوی تریان بە برسێتی..
لەبەر چنگێ دانەوێڵە، هەر بەرووتی
پەڕوباڵی خۆی مەزادکرد.
لە سوچێکی ئاوێنەدا
نامەی عاشقێکم بینی.. بووبوە بەلەم
دوو پاسەوان بەنابەدڵی
تەرمی دولبەرەکەیان پێ دەگواستەوە
بۆ قەبرستانی ئەو دیوی شاری خامۆشی.
جووتێ باڵی زیوینم دی
کە هۆمایەك لە ئاتەشگەکانی
دونیای ئەو دیوی خەیاڵەوە
بەدیاری .. بۆ شاعێرێکی جێهێشبوو
کەچی بازرگانێك پێی دەفڕی ..
نە هونەری فڕینی دەزانی و
نەبەحیکمەتەکانی نیشتنەوەش ئاشنا...
بەناوە ویقارێکم بینی ..
فەتوای کوشتنی زەمەنێکی پێ حەڵاڵ بوو
کەڤاڵی ئافرەتێکی شان رووتی بەکوفر دەزانی.



گیتارژەنێکم نەبینی
مێژووی خەون وەك خۆی نەژەنێ
باغەوانێکم نەبینی .. بە باران نەڵێت
فریام کەوە .. تامەزرۆی هەنارێکی ترم
داسێکم نەبینی .. بەشێك لە ئایەتەکانی دروێنە
بۆ ئەو فڕندانە بەجێ بێڵێ
کە سەرقاڵی کەرنەڤاڵی سەفەرێك بوون
بۆ پێدەشتەکانی ماچی هەتاو
بولبولێکم نەبینی لە ترسی ئاگری راوچیەکان
چریکەیەك لەژێر گەڵادا حەشار بدات.
ئای ئاوێنە ..جەوری ئەو دەروێشانە کوشتمی
کە بەدەمی خۆیان داوای فریودانێکی تریان
لە گەورەکانیان دەکرد!
چەند ژەهراویە بیرکردنەوە
چەند بێ ئیمانیە هەستانەوە
چ بەهرەیەکە ئەم نووستنە ئەبەدیە
چ خەڵاتێکە ئەم هەموو وەڵامە برژاوو
ترش وخوێکراوی موفەریکە
چەند گوناهە ئەم تەفکیرەی کە تەکفیرە.

**ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت**

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٨ | خوێندنەوەی چەند دەقێکی | خوێندنەوە | سامان محەمەد | | ٢٠١٠ |
| ١٠٩ | هەرمێیەکانی فیرعەون | شیعر | ئەحمەدی مەلا | | ٢٠١٠ |
| ١١٠ | تەونێك لە شیعر و وشە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | مەحمود نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١١١ | ١ ١ ١ نامەی سۆزداری | تێکستی دڵداری | کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حەمە سەعید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٢ | دانای کوێخا شەوکەت | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٣ | سەمای روح | کورتە چیرۆك | نەوزاد یوسف کاکەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٤ | سلێکوك هۆکلێر عاجباتیی هەشتەم | ڕۆمان | عەبدوڵڵا سەڕاج | | ٢٠١١ |
| ١١٥ | خەزان و شنەی بەیان | شیعر | غازی ڕەشید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٦ | بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | د.هیمدادی حوسێن | | ٢٠١١ |
| ١١٧ | ئاوابوونی جەستە لە سەفەری دڵدا | شیعر | ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان | | ٢٠١١ |
| ١١٨ | دەرگاکان | کۆچیرۆك | خالید مەجید فەتحوڵڵا | | ٢٠١١ |
| ١١٩ | تەنیا لەبەر مەعاشەکەیە | کورتیلە چیرۆك | بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٢٠ | گەشەکردنی زمانی منداڵ | زمانی منداڵ | | و: د.ئازاد باخەوان و | |
| ١٢١ | لە لووتکەی ئەدەبی ئەڵمانەوە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | عومەر عەلی شەریف | | ٢٠١١ |
| ١٢٢ | وازییەکانی رەشەگۆم | ڕۆمان | کاکە مەم بۆتانی | | ٢٠١١ |
| ١٢٣ | شاری لە غەم ئاوسبوو | ڕۆمان | سالار ئیسماعیل سەمین | | ٢٠١١ |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢٤ | ململانێ لەگەڵ پرسیاردا | کۆدیدار | دانا عەسکەر | | ٢٠١١ |
| ١٢٥ | ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم | دەق | سوارە نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١٢٦ | عامُ الصِّفو | شعر | صباح رەنجدەر | ترجمە: المهندس محمد حسین رسول | ٢٠١١ |
| ١٢٧ | ڕاکشان لە تەنیشت تارمایی نیشتمانەوە | چەند دەقێکی شانۆیی | عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) | | ٢٠١١ |
| ١٢٨ | لقاءات تحت أشعة الحروف المشرقة | مجموعة حوارات | سردار زنکنە | | ٢٠١١ |
| ١٢٩ | دزەکان | کۆمەڵە چیرۆك | | ئازاد نەجم | ٢٠١١ |
| ١٣٠ | ڕووبەرێکی ڕەخنەیی | ڕەخنەی ئەدەبی | د. فوئاد ڕەشید | | ٢٠١١ |
| ١٣١ | کتێب | خوێندنەوەی بیست | جەلیل کاکەوەیس | | ٢٠١١ |
| ١٣٢ | لە سۆاخی عیشقدا | کۆمەڵە چیرۆك | سەلمان شێخ بزێنی | | ٢٠١١ |
| ١٣٣ | عومەر سەیفەدین | لێکۆڵینەوە | | و. لە تورکییەوە: | ٢٠١١ |
| ١٣٤ | مەحوی ناسی | لێکۆڵینەوە | هیمداد شاهین | | ٢٠١١ |
| ١٣٥ | بەیداخ | نۆڤڵێت | حەمە کەریم عارف | | ٢٠١١ |
| ١٣٦ | زایەڵەی ئاوەسپی | کۆمەڵە بەرهەم | ئا: بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٣٧ | بازاڕی ناوخۆیی | ڕۆمان | | و: بورهان ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ١٣٨ | ڤلادیمێر سیمۆنەڤیچ ڤیسۆتسکی | وەرگێڕان | | و: لە رووسییەوە | ٢٠١١ |
| ١٣٩ | پەنجەرە بچووکەکان | چیرۆك | ئازاد عەبدولواحید | | ٢٠١١ |
| ١٤٠ | چەند بوارێکی زانستی زمانەوانی کوردی | زمانەوانی | حمید خالید کەریم | | ٢٠١١ |
| ١٤١ | گەڕانەوە | چیرۆك | چنوور نامیق | | ٢٠١١ |
| ١٤٢ | لە مەدرەسەی نالییدا | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | حەمە مەنتك | | ٢٠١١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٤٣ | قاوەخانە | کۆمەڵە چیرۆك | | و: ستار شێخانی | ٢٠١١ |
| ١٤٤ | دارستانێك لە شمشاڵ | شیعر | نامق هەورامی | | ٢٠١١ |
| ١٤٥ | شینبوونی بەرد | کۆچیرۆك | د. موحسین ئەحمەد | | ٢٠١١ |
| ١٤٦ | چۆن و چی بۆ منداڵ | لێکۆڵینەوە | لەتیف هەڵمەت | | ٢٠١١ |
| ١٤٧ | مصطبة وحيدة أمام القلعة | دراسة | فاروق مصطفي | | ٢٠١١ |
| ١٤٨ | في الشعر الكُردي المعاصر | دراسة | هشام القيسي | | ٢٠١١ |
| ١٤٩ | کتێبی بۆشاییەکان | شیعر | ئەدیب نادر | | ٢٠١١ |
| ١٥٠ | ئەو هەتیوەی نابێت بە پیاو | چیرۆك | | عەبدولستار جەباری | ٢٠١١ |
| ١٥١ | ڕاز و گەمەی ئیشق | شیعر | عەباس مەجیـــد داوودی | | ٢٠١١ |
| ١٥٢ | نووسەر و نووسینەوەی زمان | لێکۆڵینەوە | نیهاد جامی | | ٢٠١١ |
| ١٥٣ | زیارەتی ماچ | شیعر | ڕەسووڵ سوڵتانی | | ٢٠١١ |
| ١٥٤ | لە گێژەنی پرسیاردا | دیمانە | حەمەفەریق حەسەن | | ٢٠١١ |
| ١٥٥ | بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی | ڕەخنەی ئەدەبی | محەمەد سابیر مەحموود | | ٢٠١١ |
| ١٥٦ | دڵی داگیرساوی دانکۆ | چیرۆکی وەرگێرردراو | | و: ئەحمەد عارف | ٢٠١١ |
| ١٥٧ | شورای گۆڕەکان | کورتە چیرۆك | هیدایەت محەمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٥٨ | کۆچباری گزنگ | ڕۆمانە شیعر | ستار ئەحمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٥٩ | بالوولی داناو قەرەقووش | بەسەرهات و پەند و ئامۆژگاری | عەبدوڵلا عەبدولڕەحمان زەنگنە | | ٢٠١٢ |
| ١٦٠ | هونەرستان | خوێندنەوەگەلێکی هونەرییە | ئازاد گەرمیانی | | ٢٠١٢ |
| ١٦١ | بەسەر شانی سەحەردا وەرە | کۆمەڵە شیعر | عەبدولرەحیم سەرەڕۆ | | ٢٠١٢ |